# نووسەری کورد

٢
تەمموزی
٢٠٢٥

**گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ**

بەڕێز (غەفوور مەخموری)
تێچووی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆ گرتووە.

* ناوەڕۆکی بابەتەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکات.
* دەتوانن بابەتەکان بۆ ئەم ئیمێڵانە بنێرن:

nusarikurd@gmail.com
hemdad9@gmail.com

ژمارەی سەرنووسەر
٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦١٧٢٦٧

**نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە
**چاپخانە:** چاپخانەی شەهاب

**خاوەنی ئیمتیاز**
**یەکێتیی نووسەرانی کورد**

**سەرنووسەر**
**پرۆفیسۆر د. هیمداد حوسێن**

**جێگری سەرنووسەر**
**ئازاد عەبدولواحید**

**دەستەی نووسەران**
**ئەحمەد عارف**
**ئەنوەر محەمەد تاهیر**
**ئاکۆ کەریم مەعروف**
**حەمە عەباس**
**د.عادل گەرمیانی**
**موحسن قوچان**
**نیازی حەمەعەزیز**

**هەڵەچن**
**حەمە ئەحمەد جاف**

**بەڕێوەبەری هونەری**
**فەهد شوانی**

**ناونیشان: هەولێر - جووت سایدی عەداله.**

## لەم ژمارەیەدا:


ئەدەبی کوردی و ژیریی دەستکرد.. سەرنووسەر ........ ٣

*** ڕەخنە و توێژینەوە:**

تەکنیکەکانی دووپاتکردنەوە لە ڕۆمانی (تۆڵە).. د. نەجم ئەڵوەنی ........ ٤

پەیوەندیی نێوان رۆمان و کۆمەڵگە.. د. عەبدوڵڵا رەحمان ........ ٢١

دەستپێک لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا.. د. سەنگەر نازم حوسێن ........ ٣٧

ناهۆشیاری میتۆدبەندی و نەپاراستنی.. د. ڕێبین خەلیل قادر ........ ٦٨

*** وتار:**

دەقی فیلیڤانی، دەقی لێدەبێتەوە.. حەمە کەریم عارف ........ ٧٩

ئەفراندنی زمان و بانگەشەی ئەفراندن.. فەرەیدوون سامان ........ ٩٣

لایلایەی باوکانی کورد.. عەبدولستار جەباری ........ ٩٩

*** شیعر:**

ژنبوون گۆچانە بۆ هەستانەوە.. ڕۆژ هەڵەبجەیی ........ ١٠٤

منداڵیت بەرم نادا.. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن ........ ١٠٩

مەراقەکانی ڕۆژ.. بەندی عەلی ........ ١١٩

لەوانەیە بە زیندوویی بمنێژیت.. لە ئینگلیزییەوە: ناڵە حەسەن ........ ١٢٢

*** چیرۆک:**

دەنگ.. د. نفیسە ئیسماعیل حاجی ........ ١٢٨

ئارەق.. لە فارسییەوە: لەیلا نوورانی ........ ١٣٠

*** خوێندنەوەی کتێب:**

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (سۆفیا پترۆڤنا).. ئارام حاجی ........ ١٣٣

*** دیدار:**

دیدارێک لەگەڵ چیرۆکنووس ئەحمەد قادر سەعید.. دیداری: حەمە ئەحمەد جاف ........ ١٤٤


هەواڵنامەی کتێب

# ئەدەبی کوردی و ژیریی دەستکرد



سەرنووسەر

ژیری دەستکرد و تەکنۆلۆژیای نوێ لە چەند ڕوویەکەوە بۆ ئەدەبیات سوودی هەیە و دەبێتە زەمینەیەک بۆ فراوانکردنی زانیاری و مەعریفەی ڕۆشنبیرو نووسەران بۆ ئەوەی ئاگاداری پێشهات و میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی تازە بن. لەوەتەی دنیا هەیە پرۆسەی ڕۆشنبیریی و ئەپستمۆلۆژیا درێژکراوەی هەوڵ و ڕەهەندەکانی پێش خۆیەتی و نەوە دوای نەوەو نەتەوە دوای نەتەوە لە کلتوری یەکتریان هەڵمژیوە و ئەو فرەکلتورییەی ئەوڕۆی لێکەوتۆتەوە. ئێمە وەکو کورد درەنگتر دەستمان پێکردووە و وەکو پێویست سوودمان لەو تەکنۆلۆژیا نوێیە وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوەندە کۆڵەواریش نین. چەند کەیفمان بەخۆ دێت، کاتێ لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان یان لە ئەپلەیکەیشنەکانی وەرگێڕاندا دەبینین زمانی کوردی لە پاڵ زمانەکانی دیکەدا پلەبەندیی کراوە و بە ئاسانی دەتوانی ئەو دەقەی تۆ دەتەوێ بەزمانەکانی رۆژئاوایی و جیهانیی وەریگێڕێتە سەر زمانی کوردی و چەمک و واتاکەی تێبگەی. خۆ دەزانم بۆ دەقی ئەدەبی دروست نییە، کە سەرچاوە و زادەی خەیاڵی جوان و داهێنەرانەی نووسەر و ئەو وردەکاری و شیعرییەتەی تێدا بەرجەستە نابێت، بەڵام وێنەیەک یان چەمکێکت لەلا گەڵاڵە دەبێت، بێ ئەو چێژەی، کە لە دەقی نووسینی داهێنەرانەدا هەیە. ئەی چارە؟! چۆن زمان و ئەدەبی کوردی خۆمان بەد نیا بناسێنین و ناسنامەی زمان و ئەدەبەکەمان بە دنیا بگەیەنین؟ ئەگەر لە سەدەی بیست و یەکەمدا هێشتا کورد بیری لەوە نەکردۆتەوە دەزگاکەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی تایبەت بۆ وەرگێڕان نەبێ ئەو کارە بکات، چی بکەین!

هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین ئەوەندەی کلتور دەتوانێ بە دنیامان بناسێنێ، سیاسەت نەیتوانیوە. ئێستایشی لەگەڵدا بێ ڕەنگە هەندێ کەس نەزانێ (کۆلۆمبیا) کەوتۆتە سەر کام خاڵی نەخشەی جیهان، بەڵام (گابریل گارسیا مارکیز) بەنووسین و رۆمانەکانی بە کلتور و ئەفسانە و مێژووی وڵاتەکەی ئاشناکردین و چێژمان لە جادوو و کەتواری سیحریی رۆمانەکانی وەرگرتووە. وەرگێڕانی رۆمانەکانی بەختیار عەلی بۆ زمانە ئەورووپاییەکان ئەدەبیاتی ئێمە بە دنیا دەناسێنی.

ئێمە هێشتا لە دنیای پان و بەریندا زۆر غەریبین، هێشتا چەندین خەڵک نازانێ کورد کێیە؟! لە خۆمان غەریبێ..

# تەکنیکەکانی دووپاتکردنەوە
# لە ڕۆمانی (تۆڵە)ی (محەممەد موکری) دا

١ - ٢



هەواڵنامەی کتێب

پ. د. نەجم ئەڵوەنی

**پێشەکی:**

دووپاتکردنـەوە، یەکێکـە لەتەکنیکـە گرنگەکانـی بـواری گێڕانـەوە، بەتایبەتـی لەڕۆمانـدا و پەیوەندییەکـی پتـەوی لەگـەڵ بنیاتـی کات، یـان زەمەنـدا هەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لەلایـەن تیۆرناسـان و توێژەرانـی ڕۆمانـەوە پەراوێـز خرابـوو، تـا ئـەو کاتـەی کـە توێـژەری فەڕەنسـی (ژیـرار ژنێـت) هـات و توێژینەوەیەکـی گرنگـی سـەبارەت بـەم تەکنیکـە لـە ڕۆمانـی (گـەڕان بـەدوای سـاتە بزربـووەکان) دا نووسـی کـە بەیەکێـک لـە ڕۆمانـە گرنـگ و بەنـاو بانگەکانـی ڕۆماننووسـی فەڕەنسـی سـەدەی بیسـتەم (مارسـیل پرۆسـت) دادەنرێ. دوای ئـەوە توێـژەر

و رەخنەگرە ئەوروپییەکان دەستیانکرد بە بایەخدان بەم تەکنیکە و چەندین توێژینەوەی پڕ بایەخ و بەسوودیان لەسەر نووسی. نووسەران و رەخنەگرانی عەرەبیش لەژێر کاریگەری (ژنێت)دا دەستیان دایە نووسین لەسەر ئەم بابەتە و کۆمەڵێ توێژینەوەی شیکاری و پراکتیکییان دەربارەی ئەم تەکنیکە لە رۆمانی عەرەبیدا نووسی وەکو (یمنی العید) و (د.شجاع مسلم العانی) و (سعید یقطین) و کەسانی دیکە.

لەناو نووسەران و رەخنەگرانی کوردیشدا، بایەخدان بەم تەکنیکە دوا کەوتووە و پاشان هەندێکیان، بەتایبەتی ئەوانەی لەبواری رەخنەی چیرۆک و ڕۆماندا کاردەکەن و بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن ئاوڕیان لێداوەتەوە، لەبەر ئەوە کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی سەبارەت بەم بابەتە یەکێک بووە لە گەورەترین کۆسپەکانی رێی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.


لەبەر ئەو هۆیانە و هەندێ هۆی دیکە کە پەیوەندی بە ئەرک و خاسیەت و سوودی دووپاتکردنەوەوە هەیە، ئەم توێژینەوەیەمان تەرخانکردووە بۆ باسی ئەو تەکنیکەو ئومێدمان ئەوەیە کە توێژەرانی دیکەی بواری رۆمانی کوردی، بەتایبەتی ئەکادیمییەکان زیاتر بایەخ بەم تەکنیکە بدەن و لەکارەکانی خۆیاندا باشتر لێی بکۆڵنەوە.

ئەم توێژینەوەیە، لەپێشەکییەک و سێ تەوەر و ئەنجامەکان پێکهاتووە و بۆ ئەنجامدانی سوودمان لە میتۆدی (رەخنەی شیکاری پراکتیکی) وەرگرتووە و لەدواییش دا، گرنگتریان سەرچاوەکانی خراوەتە بەرچاو.

**تەوەری یەکەم: مانا و پێناسەی زاراوەی دووپاتکردنەوە**

دووپاتکردنەوە بابەتێکی گرنگی زانستی گێڕانەوەیە و دیمەنێکە لەدیمەنە سەرەکییەکانی کاتی گێڕانەوە، هەروەها شێوەیەکە لەشێوەکانی دیاریکردنی سستەمی کات لەدەقی گێڕاوە، بەتایبەتی لەرۆماندا.

ئەم بابەتە، تەنانەت لەتیۆری گێڕانەوە بەگشتی و لەرەخنەی



محەمەد موکری

هەواڵنامەی کتێب

رۆماندا بەتایبەتی، بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرابوو پێش ئەوەی رەخنەگری فەڕەنسی ژیرار ژنێت ئاوڕی لێبداتەوە و لەسەر رۆمانی (گەڕان بەدوای ساتە بزربووەکان) ی مارسیل پرۆستدا پراکتیزەی بکات. لەمبارەیەوە ئەو رەخنەگرە دەڵێ: ((رەخنەگران و تیۆرناسانی رۆمان توێژینەوەیان لەسەر ئەوە نەکردووە کە من پێیدەڵێم دووپاتکردنەوەی گێڕانەوە، واتە پەیوەندی دووپاتکردنەوەی نێوان حیکایەت و چیرۆک.... ئەگەرچی ئەم بابەتە خۆی لەخۆیدا دیاردەیەکی سەرەکی کاتی گێڕانەوەیە،...(١).

یەکەم کەسێک کە بەشێوەیەکی زانستی و بەنموونەوە لەبواری رەخنەی پراکتیکی رۆماندا ماناو پێناسەی بۆ زاراوەی (دووپاتکردنەوە) دیاریکردووە هەر (ژیرار ژنێت) ە کەلەکتێبی (گوتاری گێڕانەوەدا)، لەسەر بناغەی ژمارەی دووبارە بوونەوەی رووداو، لەئاستی حیکایەت و لەئاستی گێڕانەوەدا ئەم کارەی ئەنجامداوەو دەڵێ: ((ئەوەی کەناوی لێدەنێن دووپاتکردنەوەی

گێڕانـەوە (Frequence) بریتییـە لەپەیوەنـدی بـەدوای یەکـدا هاتـن، یـان دووبارەبوونـەوەی نێـوان گێڕانەوە و رووداو، دووپاتکردنەوەش لەتوخمـە سـەرەکییەکانی گێڕانەوەیـە، رووداویـش نـەک شـیاوە تەنیـا رووبـدات، بەڵکـو توانایشـی هەیـە کەسـەر لەنـوێ رووبداتـەوە، یـان دووبـارە ببێتـەوە))(٢).

لەمـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە دووپاتکردنـەوە دەبێـت لەئاسـتی حیکایـەت و لەئاسـتی گێڕانـەوەدا رووبـدات و بۆئەمـەش پشـت بـەو رووداوانـە دەبەسـتێت کەهـەر جـارەو بەشـێوەیەک دووبارەدەبنـەوە.

لەبـەر رۆشـنایی لێکدانـەوەی واتـا و ئـەو پێناسـە کردنەی (ژنێت)دا، چەندین نووسـەر و رەخنەگری دیکـە لەلایـەن خۆیانـەوە دووپاتکردنەوەیان لـەرووی واتـاوە لێکداوەتـەوە و پێناسـەیان بـۆ کـردووە بـێ ئـەوەی لەچوارچێـوەی قسـەکانی ئـەو بچنـە دەرەوە. بـۆ نموونـە لەکتێبـی (دەروازەیـەک بـۆ تیـۆری چیـرۆک) کەلەنووسـینی (سـمیر المزوقی و جمیل شـاکر)ە بـەم شـێوەیە لـە دووپاتکردنـەوە دواون: ((دووپاتکردنـەوە لـە چیرۆکدا، بریتییـە لەکـۆی پەیوەندییەکانـی دووبـارە بوونـەوەی نێوان دەق و حیکایەت))(٣). هەروەهـا (یمنی العید) جەخـت لەسـەر دووبارەبوونـەوەی رووداو، یـان کردار لەئاسـتی بەسـەرهات و گێڕانـەوە دەکات و دەڵێ: ((دووپاتکردنەوە دیاری دەکـرێ بەلەبەرچاوگرتنـی پەیوەنـدی نێـوان ئـەوەی روودانـی، یـان قەومانی دووبـارە دەبێتـەوە، لـەرووداوو کـردار لەئاسـتی بەسـەرهات لەلایـەک و ئاسـتی گێرانـەوە لەلایەکـی دییـەوە)) (٤). جگە لـەو نووسـەرانەی ئاماژەمـان بـۆ کـردن، گەلـێ نووسـەرو رەخنەگری دیکـەی بـواری رۆمـان و تیـۆرە نوێیەکانـی گێڕانـەوە وەک (سـعید یقطـن) و (والاس مارتـن) بـۆ پێناسـەو لێکدانـەوەی مانـای دووپاتکردنـەوە تەنیـا ئاماژەیـان بەقسـەکردنی (ژیـرا ژنێت) کردووە بێ ئـەوەی بۆچوونێکی نـوێ لەمبارەیـەوە بخەنـە روو(٥).

دووپاتکردنـەوە کـە گەمەیەکـی زمانـی و (کات)ییـە رۆڵێکـی بەرچـاوی هەیـە لەدیاریکردنـی گێڕانـەوە و دیاردەیەکـی هونەریشـە زیاتـر لەرۆمانـی نوێـدا بەرچـاو دەکـەوێ

کەبەهـۆی ئەمـەوە شـێوازی گێڕانـەوە دەگۆڕێ و کاردەکاتە سـەر بنیاتی کات لەرۆمانـدا، مەبەسـت لەبەکارهێنانـی جەختکردنەوەیـە لەسـەر هەنـدێ ڕووداو، و کـردار بـۆ ئـەوەی ببێتـە مایـەی بایەخدانـی خوێنـەر، هەروەهـا دەکـرێ بـۆ ئـەوە بەکاربهێنـرێ کەلەبایەخـی ناوەرۆک کـەم بکاتـەوە و ئـەوە بسـەلمێنێ کە ڕۆمان گەمەیەکی زمانییـە پێـش ئـەوەی بریتـی بێـت لـە پێشکەشـکردنی گوتارێکی ئایدیۆلۆجی، یـان دووپاتکردنـەوەی ڕووداو بـۆ دەرخسـتنی ڕووی لێکچوونـی نێـوان ڕووداوە دووبارەکـراوەکان، و هیـچ شـتێکیش ڕێ لەوەناگرێ کە ڕووداوێ دووبـارە ببێتـەوە وەکـو (ژیـرار ژنێت) دەڵـێ: ((هیـچ شـتێ ڕێـم لێناگرێ کـە بڵێـم یـان بنووسـم: ((دوێشـەو پەتـرۆس هات، دوێشـەو پەترۆس هات، دوێشـەو پەتـرۆس هـات.

لێرەش وێکچوون و دووبارەبوونەوە بەرهەمـی پەتیبوونـەوەن، هیـچ کام لـەم ڕووداوانـە لـەڕووی مـادی (بەدەنـگ، یـان بەنووسـین) و تەنانـەت ئایدیالییـەوە (لـەڕووی زمانـەوە) بـە تـەواوی لەیـەک ناچـن تەنیـا لەبـەر ئـەوەی بـەدوای یەکـدا هاتـوون، بەڵکـو دەیانکاتـە سـێ گوتنـی جـۆراو جـۆرەوە، بـۆ گوتنـی یەکـەم و دووەم و سـێیەم(٦).


دووپاتکردنـەوە، لـەو ڕۆمانانـەی کـە زەمەنـی مێژووییـان کورتـە، دەبێتـە هـۆی درێژبوونـەوەی زەمەنـی گێڕانـەوە و زەمەنـی خوێندنەوەیـان، لەبـەر ئـەوە زۆر پێویستە، ڕۆماننووس شـارەزایانە و هونەرییانـە لەنـاو ڕۆمانـدا بەکاریـان بهێنـێ و نەبێتـە مایـەی بێـزاری خوێنـەران. هەروەهـا لەلایەکـی دیکـەوە ((دووپاتکردنـەوە لەوەسـتان دەچـێ... کـە ڕێ لـە بزووتنـەوەی گێڕانـەوە دەگـرێ و لەخێرایـی (ڕیتـم) کەمدەکاتـەوە))(٧).

مەبەسـت لەڕێگرتـن لـە بزووتنـەوەی گێڕانەوە ئەوەیـە کە دووپاتکردنـەوەی ڕووداوەکان ناهێڵـێ دەق لـەڕووی گێڕانـەوەوە بـەرەو پێـش بـڕوات و لەکاتێکـی کـەم دا ململانێیـەکان بگەنـە لووتکـەی قەیـران، چونکـە هـەر دووبـارە کردنەوەیـەک بریتییـە لـە گەڕانـەوە بـۆ خاڵێکـی پێشـتر کـە جـاران باسـکراوە. بەگشـتی دەکـرێ بگوتـرێ دووپاتکردنـەوە: (زاراوەیەکی

گێڕانەوەیە، مانای پەیوەندی ژمارەیی نێوان ڕووداوەکان لەپلۆت و ژمارەیان لەچیرۆکدا دەگەیەنێ (٨).

بەواتایەکی ترو بەگوێرەی چەمکەکانی (ژنێت) بۆ ئەم زاراوەیە دەکرێ ڕووداو نەک تەنیا ڕوودەدات، بەڵکو ئاساییە خودی یەک ڕووداو چەندین جاری دیکە بەرهەم بهێنرێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا کە نەبێتە هۆی گۆڕانی مانای بنەڕەتی ڕووداوەکە.

زاراوەی دووپاتکردنەوە، لەرەخنەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا، زاراوەیەکی نامۆ نییە، بەڵام توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە کەمە و دەکرێ بە پەنجەکانی دەست بیانژمێرین بۆ نموونە (پەرێز سابیر) لەنامەی ماستەرەکەی کەبەناوی (بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی)یەو لەساڵی (١٩٩٢-١٩٩٣) پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، و پاشان وەک کتێبێک بڵاوکراوەتەوە(٩)، تەوەرێکی دوو لاپەڕیی بەناوی (دووبارەبوونەوە) بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردووە و لەوێدا باسی ئەم تەکنیکەی لە سێ چیرۆکی کوردیدا کردووە کە



ئەمانەن:

١- مام پیاو لەنووسینی (حوزنی موکریانی).

٢- کوێرەوەری لە نووسینی (ئیبراهیم ئەحمەد).

٣- دوازدە سوارەی مەریوان لەنووسینی (پیرەمێرد).

هەروەها (نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی) لەنامەی دکتۆراکەی کە بەناوی (بینای کات لەسەر نموونەی رۆمانی کوردی )دایەو لەساڵی (٢٠٠٣) پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین کراوە و پاشان وەک کتێب بڵاوکراوەتەوە(١٠)، ئەمیش تەوەرێکی فراوانی بۆ باسکردنی (پێشخراوی دووبارەکراوە) لە رۆمانی (ژانی گەل)ی (ئیبراهیم ئەحمەد) و رۆمانی (شار)ی (حسێن عارف) و رۆمانی (ڕاز) ی (خەسرەو جاف) تەرخانکردووە. پاشان (زاهیر رۆژبەیانی) باسی ئەم بابەتەی لە چیرۆکەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)(١١) کردووە و (جەلال ئەنوەر سەعید) (١٢)یش لەنامەی ماستەرەکەی کە تایبەتە بە تەکنیکی گێڕانەوە لەرۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی (بەختیار عەلی)دا، تەوەرێکی بچووکی بۆ ئەم بابەتە کردووەتەوە. لەباسەکەی (پەرێز سابیر)دا، بەکورتی و خێرا پاش پێناسەیەکی (دووبارەبوونەوە) و ئاماژەکردن بە جۆرەکانی، هەندێ لە خاسیەتەکانی ئەم تەکنیکە دواوە و پاشان چەند برگەیەکی دووبارەبوونەوەی لە چیرۆکەکان کردۆتە نموونەی قسەکانی. ئەگەر چی (نەجم ئەڵوەنی) زیاتر لەم بابەتە دواوە، بەلام ئەویش تەنیا باسی دووپاتکردنەوەی لەتەکنیکی پێشخراودا کردووە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە لە جۆرەکانی تری ئەم تەکنیکە لە رۆمانەکاندا. هەرچی (زاهیر رۆژبەیانی)یە، ئەوا وتارێکی درێژی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی ئەم تەکنیکە لە چیرۆکەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، بێ ئەوەی پەیرەوی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی بکات و ئاماژە بەسەرچاوەی زانیارییەکانی بکات. (جەلال ئەنوەر سەعید)یش وەکو (پەرێز سابیر) زۆر بە کورتی و خێرایی ئاماژەی بە جۆرەکانی دووبارەکردنەوە کردووە

و پاشـان چەنـد ڕووداوێکـی وەکـو نموونـە لەڕۆمانـی (ئێـوارەی پەروانـە) وەرگرتـووەو بەگوێـرەی جۆرەکانـی شـیکردۆتەوە.

**تـەوەرەی دووەم: جۆرەکانـی دووپاتکردنـەوە لـە ڕووی تیۆرییـەوە**

دووپاتکردنـەوە وەک دیاردەیەکـی گرنگـی گێڕانـەوە، کـە پەیوەنـدی دووبـارە بوونـەوەی ڕووداو لەنێـوان حیکایـەت و گێڕانـەوەدا ڕێـک دەخـات، و پشـت بەژمـارەی ئـەو ڕووداوانـە دەبەسـتێ کە دووبـارە دەبنـەوە، بۆیـە ناکـرێ دووپاتکردنـەوە لـەڕووداو جیابکرێتـەوە، چونکە ڕووداوی ڕۆمـان ئـەو پێوەرەیـە کـە دەتوانیـن لەڕێـی ئـەوەوە ماهییەتـی دووپاتکردنـەوە و جۆەکانـی دەستنیشـان بکەیـن(١٣). لەسـەر بناغـەی ئەمـەش دەتوانیـن بڵێیـن دووپاتکردنـەوە چەنـد بنەمایەکـی هەیـە و بەبـێ ئـەو بنەمایـەش بەهـای هونـەری خـۆی لەدەسـت دەدات. گرنگتریـن بنەماکانـی دووپاتکردنـەوەش ئەمانـەن: ((گۆڕینـی گۆشـەنیگا، یـان ناوەنـدی ئـەو گێڕانەوەیـە کە گێڕەوە لەوێوە دەسـت پـێ دەکات، هەروەهـا ئاشـکرا کردنـی چەنـد یەکەیەکـی نوێـی گێڕانـەوە کـە لەگێڕانـەوەی پێشـوودا نەبـووە، و گوزارشـتکردن لـە ڕووداو بەپەنـا بردنـە بـەر گۆشـەنیگا جیـاوازەکان)) (١٤). کەواتـە بەبـێ گۆڕینـی گۆشـەنیگا، و دۆزینـەوەی چەنـد یەکەیەکـی نـوێ لەگێڕانـەوەدا، ناتوانیـن بڵێیـن دووپاتکردنـەوە مەبەسـتەکانی خـۆی بـەدی هێنـاوە.

یەکێـک لەئەرکـە گرنگەکانـی دووپاتکردنـەوە، جەختکردنـەوە و بەڵگـە هێنانەوەیـە بـۆ سـەلماندنی گۆشـەنیگایەک، یـان بیـرو بۆچوونێکـی دیاریکـراو کـە ڕۆماننـووس دەخـوازێ بیخاتـە بەرچـاو و داکۆکـی لـێ بـکات. ئەمـەش ((بەگوێـرەی یاسـای دووبارەبوونـەوەی گوتـار، بەردەوامییـەت دەخـوازێ لەقسـەکاندا، بەجـۆرێ کـە باسـی یـەک شـت بـەردەوام بـێ بەپاراسـتنی وەسـفی یەکـەم، یـان گۆڕینـی ئـەو وەسـفە. دووبارەبوونـەوە بـۆ تەئکیـد کردنـەوەی بەڵگـەو ڕوونکردنـەوە بەکاردێـت))(١٥).

دەکـرێ دووپاتکردنـەوە بەشـێوازی

دیکەش بێتەدی، واتا ناتوانین سنوورێک بۆ شێوازەکانی بەکارهێنانی دووپاتکردنەوە دابنێین و ڕێ لەوە بگرین کە کەسانی دیکە جۆری دیکەی ئەم تەکنیکە بەکاربهێنن. هەندێ لەو شێوازانە خۆی لە دووپاتکردنەوەی ناوی کارەکتەر و ناوی شوێن و باسکردنەوەی چەند جارەی یەک ڕەفتار و تەنانەت یەک خوونەریت دەنوێنێ. هەروەها دەشکرێت ئەم تەکنیکە لەڕێی گۆڕینی وێنەی یەک کارەکتەرەوە بێتەدی وەک چۆن خانمە (دی سکۆدری) ڕۆماننووس چەند وێنەیەکی هەمان کارەکتەری لەڕێی هەندێ کارەکتەری لاوەکییەوە کێشاوە(١٦)، بۆ ئەوەی لەچەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە ئەو کارەکتەرە بەخوێنەر بناسێنێ و ئەوەش دەربخات کە دەکرێ بۆ چوونی جۆراو جۆر لەسەر یەک کارەکتەر و لەیەک بەرهەمدا پێشکەش بکرێت.

چەمکی دووپاتکردنەوە، ناکۆکی لەسەرە. هەیە لەخانەی شێوازی دادەنێ و پێیوایە ((دووپاتکردنەوە یەکێکە لە تەکنیکە ناسراوو باوەکانی شێواز))(١٧) و هەیە بەگوتەیەکی زەمەنی دادەنێ وەک ژیرار ژنێت ((بەپێی ئەوەی کە بریتییە لە پەیوەندی دووپاتکردنەوە لەنێوان حیکایەت و چیرۆکدا و مۆرکێکی زەمەنی و ژمارەیی هەیە))(١٨). هەیشە وەک (محمد عزام) بڕوای بەوەیە کە دەکرێ لەهەمانکاتدا هەردووکیان بێت(١٩). بەبڕوای ئێمەش دەکرێ هەردووکیان بێت، چونکە لەیەک کات دا پەیوەندی بە ڕەوتی زەمەن و بنیاتی زەمەنەوە هەیە و هەروەها پەیوەندی بە بنیاتی ڕووداوە دووبارەکراوەکانەوە هەیە کە ئێمە دەمانەوێ بزانین ئەو دووپاتکردنەوەیە چەند کاریگەری لەسەر دامەزراندنی بنیاتی گشتی ڕۆمانەکە هەیە.

دووپاترکردنەوە لەڕووی جۆرەوە دەکرێ بەچوار بەشەوە ئەم دابەشکردنەش یەکەمجار لەلایەن (ژیرار ژنێت)ەوە ئاماژەی پێکراوە و زۆربەی نووسەران و ڕەخنەگرانی دوای ئەویش هەمان دابەشکردنیان پەیڕەوکردووە، ئەگەرچی یەکێکی

وەکو (د.شجاع مسلم العاني) دووانیان بەسەرەکی دەزانێ و دەڵێ: ((ئەوەی روونە کە ئەم جۆرانەی گێڕانەوە دوو جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرن:

أ- گێڕانەوەی تاک

ب- گێڕانەوەی دووبارەکراوە

کەچی جۆرەکانی تر لاوەکین و دەکرێ لەچوارچێوەی ئەم دوو جۆرە دابنرێن))(٢٠).

هەروەها (سعید یقطین) دەڵێ: (ژیرار ژنێت) جۆرەکانی دووپاتکردنەوەی کردووە بەسێ جۆرەوە کە (ئەمانەن)(٢١):

أ- تاک (Singulatif)

ب- دووبارەکراوە (Repetitif)

ج- دووبارەکراوەی لێکچوو (Iteratif)

کەچی لەڕاستیدا (ژیرار ژنێت) وەک لەکتێبی (گوتاری گێڕانەوە)دا هاتووە، دووپاتکردنەوەی بەمجۆرەی خوارەوە دابەشکردووە بەسەر (چوار بەش دا)(٢٢):

١- یەکجار گێڕانەوەی ئەوەی جارێک روویداوە (تاک).

٢- گێڕانەوەی بێ سنووری ئەوەی بێ سنوور روویداوە (تاکی یەکسان).

٣- گێڕانەوەی بێ سنووری ئەوەی یەکجار روویداوە (گێڕانەوەی دووبارەکراوە)

٤- یەکجار گێڕانەوەی ئەوەی بێ سنوور روویداوە (گێڕانەوەی لێکچوو) یان (هاوچەشن)(٢٣).

هەر لەو کتێبەدا، ژنێت، گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەو رووداوە دووبارەکراوانە تەواو لەیەک بچن و بۆ ئەمەش دەرکەوتنی هەتاو دەکاتە نموونە و دەڵێ مەرج نییە ئەو هەتاوەی ئەمڕۆ هەڵدێ لەهەمان هەتاو بچێ کە سبەی یان هەر ڕۆژێکی تر دەردەکەوێ(٢٤)، کەواتە دەبێ مەرجی جیاوازی، ببێتە مەرجێکی سەرەکی، بەڵام بەچەشنێک کە ئەو جیاوازییە لە لۆجێکی گشتی نەچێتە دەرەوە، بەڵکو لەجیاوازی گۆشەنیگا و کارەکتەر و ناوەندی گێڕانەوە و شێوازی دەربڕین و جۆرەکانی کاتدا خۆی بنوێنێ هەروەکو دواتر لەرۆمانی (تۆڵە)ی (محەمەد موکری) دا دەردەکەوێ کە ڕۆمانی سنووری باسەکەمانە. ئەمەش زیاتر لەرۆمانی نوێدا بەکارهاتووە، بەتایبەتی رۆمانی شەپۆلی هۆش کە زیاتر

دووپاتکردنەوەی تێدا بەکاردەهێنرێ.

**تەوەری سێیەم: جۆرەکانی دووپاتکردنەوە لە رۆمانی (تۆڵە) دا**

ئەم رۆمانە، یەکێکە لەو رۆمانە کوردییانەی کە بەشێوازی شەپۆلی هۆش نووسراوە و سەرجەم بنەماکانی ئەو شێوازەی تێدا بەکارهاتووە وەکو: پاشخەری، پێشخەری، دایەلۆگ، مەنەلۆگ، شێوانی رەوتی گێڕانەوە، تێکشکانی رەوتی کات، پچڕ پچڕکردنی حیکایەت و دابەشکردنی بەسەر جەستەی دەق و...هتد.

گێڕانەوەی ئەم رۆمانە لەسەر بناغەی گەڕانەوە بۆ رابردوو دامەزراوە و لەهەمان کاتدا رابردوو، و ئێستا شان بەشانی یەکتر دەردەکەون بۆ بەستنەوەی هەردوو جەمسەری ئەو کاتەی لەتەونی دەقەکەدا هەیە.

رۆماننووس بەپشت بەستن بە تەکنیکی (شەپۆلی هۆش) ئەم رۆمانەی بەرهەمهێناوە و تەونێکی ئاڵۆزی پێداوە، لەمەشدا پەنای بردووەتە بەر راناوی (من) بۆ ئەوەی بتوانێ لەرووداوو کارەکتەرەکان نزیک ببێتەوە و لە رێی یادەوەری و بیرهێنانەوەوە بگەڕێتەوە بۆ رابردوو، و پاشان بۆ کاتی ئێستا بۆ ئەوەی درێژە بە گێڕانەوەکە بدات و هێواش...هێواش رەوتی رووداوەکان بەرەو پێش بەرێت و خەسڵەتی ئێستاییان پێ بدات.

ئەگەر زەمەنی ئێستا، زەمەنی گێڕانەوە بێت، ئەوا زەمەنی رابردوو، دەبێتە زەمەنی رووداوەکان و ((راناوی من، ئەو راناوەیە کە کارەکتەری رۆمان لەرێی ئەوەوە بەسەرهاتەکان لەکاتی ئێستادا دەگێڕێتەوە... ئەمەشە وا دەکات کە خوێنەر وابزانێ رۆمانەکە شێوەیەکە لە شێوەکانی ژیاننامەی خودی، یان یادداشتنامەی دانپیانراو))(٢٥). لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونەش خوێنەری رۆمانی (تۆڵە) هەست بەوە دەکات کە ئەم رۆمانە، جۆرێکە لەجۆرەکانی ژیاننامە، بەڵام لەراستیدا ئەمە گەمەیەکی گێڕانەوەیە و نووسەر لەرێی ئەم گەمەوە دەیەوێت خوێنەر بەرەو ئاقاری ئەو قەناعەتە بەرێ.

لەم رۆمانەدا، مچە یاخود مستەفا،

بۆتە کارەکتەری سەرەکی و ناوەندی گێڕانەوە، لەڕێی ئەوەوە خوێنەر رووداوەکانی بۆ باس دەکرێت. ئەمەش یەکێکە لەو سێ ڕێیانەی کە رۆماننووس لەڕێی ئەوەوە پرۆژەی گێڕانەوەی رۆمانەکەی پێ پێشکەشدەکات و لەڕێی چاوی ئەو کارەکتەرەوە ئەوانی دی دەبینین و لەڕێی ویژدانی ئەوەوە لەرووداوەکاندا دەژین(٢٦). ئەمەش مەترسی شێواندنی واقیعی لێدەکرێت، چونکە لەوانەیە خوێنەر واتێ بگات کە رووداوەکان لەلایەن ئەو کارەکتەرە سەرەکییەوە پێشکەش دەکرێت، کەچی لەواقیعدا دەبێ ئەوە بزانین کە کارەکتەر لە گێڕەوە جیاوازە و ئەوە تەنیا گێڕەوەیە کە ئەو رووداوانە پێشکەش بە ئێمەی خوێنەر دەکات. لەبەر ئەوە پێویستە ((خوێنەر درک بەوە بکات کە هەرگیز ناتوانێ کارەکتەرەکانی دی و رووداوەکان بەشێوەیەکی بابەتی، یان راستەقینە ببینێ تەنیا بەو شێوەیە نەبێت کە گێڕەوە باسی دەکات و پێشکەشی ئێمەی دەکات)) (٢٧) لەبەر ئەوە نابێ بەم رۆمانە یان هەر رۆمانێکی دیکە کە بەم شێوازە نووسرابێ، بڵێین رۆمانی ژیاننامەیە. لەوانەیە باشترین نموونەی بەکارهێنانی ڕاناوی (من) لە رۆمان و مەترسییەکانی شێوانی واقیع، خۆی لەسەرەتای رۆمانی (هەراوهۆریا)ی فۆکنەردا ببینێتەوە کە جیهان لەڕێی زەینی مرۆڤێکی گێلەوە (بەنجی) پێشکەشکراوە(٢٨).

هەندێکی دیکەش لەوانەیە وابزانن لەمجۆرە رۆمانەدا، رۆماننووس بەخۆی گێڕەوەیە، بەڵام ئەمەش راست نییە و (مارسیل پروست)ی رۆماننوس ڕاناوی (من)ی بەکارهێناوە، بەڵام سوورە لەسەر ئەوەی کە خۆی گێڕەوە نییە(٢٩). بەگوێرەی ئەوەی باسکرا، رۆمانی تۆڵە ناچێتە خانەی رۆمانی ژیاننامەوە، بەڵکو بەرۆمانی شەپۆلی هۆش دادەنرێ وەکو رۆمانەکانی (جیمس جۆیس) و (مارسیل پرۆست) و ڤێرجینیا وەڵف، بەتایبەتی لەرۆمانی (ئۆلیس) و رۆمانی (گەڕان بەدوای ساتە بزربووەکان) و رۆمانی (خانمە دالووی).

(رۆمانی تۆڵە) لەرووی زەمەنی

مێژووییەوە زۆر کورتە و ماوەکەی دەکەوێتە نیوان سەعاتی دوانزەی شەوو پێنجی بەیانی. ڕووداوە سەرەکییەکە لەلاپەڕە (١١٨)ەوە دەست پێ دەکات و لەلاپەڕە (١٤٩) کۆتایی دێت. سەرجەم ڕووداوەکانی دیکەی ئەم ڕۆمانە لەلاپەڕە یەکەوە هەتا لاپەڕە (١٤٩)و ڕووداوەکانی دواتریش کەلەلاپەڕە (١٥٦) کۆتایی دێت، هەمووی لەڕێی زەینی کارەکتەری سەرەکی دەقەکەوە پێشکەشکراوە.

ڕۆماننووس بۆ ئەوەی درێژە بەم ڕۆمانە بدات گەلێ جار گەڕاوەتەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، بەتەکنیکی فلاشباکی دەرەکی ئەمە ئەنجامدراوە. بەم شێوەیە کۆمەڵێ ڕووداوی گێڕاوەتەوە وەکو ڕووداوی هێرش و تالانکاریی حەرەس قەومییەکان و هەروەها ڕووداوی گەڕانەوەی شێخ ڕەش واتە شێخ (سەلاحەددین) ی کوڕە زای شێخ (بەهائەددین) و ڕووداوی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و پاشان سەرەتاکانی دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ و سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لەکوردستانی عێراق. هەروەها هەندێ تەکنیکی پێشخەری بەکارهێناوە.

سەرلەبەری ئەم ڕۆمانە لەسەر بناغەی دووپاتکردنەوە دامەزراوە و لەڕێی ئەو ڕووداوانەوە کە دووبارە دەبنەوە، زەمەنی خوێندنەوە درێژ دەبێتەوە، هەروەها خوێنەر بەئاسانی ناتوانێ سەرەداوی ڕووداوەکان پێکەوە گرێبدات و بزانێ سەرەتای ڕووداو لەکوێوە دەست پێدەکات و چۆن دوایی بەرەو ڕووداوەکانی تر دەچێت و چۆن ئەمانەش پێکەوە (واتا سەرجەم ڕووداوەکان) تەلارسازی ئەم ڕۆمانە دادەمەزرێنن. هەر ئەمەش وایکردووە کە تەکنیکی دووپاتکردنەوە لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لەبنیاتی گێڕانەوە و سستەمی زەمەنی گێڕانەوەدا بگێڕێت و زمانی ڕۆمانەکەش ڕۆڵێکی هونەری گەورە لەشێوازی داڕشتنی ڕووداوەکاندا هەبێت.

بەگوێرەی خوێندنەوەو وردبوونەوەی ئێمە، بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم ڕۆمانە چوار شێوە تەکنیکی دووپاتکردنەوەی تێدا بەکارهاتووە و لێرەدا بەگوێرەی

دەرفەت، هەر جارەو باسی یەکێکیان دەکەین و بەگوێرەی ڕووداوە دووپاتکراوەکانیش نموونەیان دەخەینە بەرچاو.

**أ- دووپاتکردنەوەی تاک**

لەمجۆرەی دووپاتکردنەوەدا، حیکایەتخوان ئەوە دەگێڕێتەوە کە یەکجار ڕوویداوە. ئەم دووپاتکردنەوەیە زیاتر لەڕۆمانی تەقلیدیدا باوی هەیە و ئەرکی دەلالی دووپاتکردنەوەی تاک لەوەدایە کە ((ئەو ڕووداوەی لەیەکەمجارەوە دەلالەتی تەواو دەگەیەنێ، پێویست بەوە ناکات دووباە بکرێتەوە))(٣٠).

ئەم تەکنیکە لە ڕۆمانی تۆڵەدا، کە ڕۆمانێکی نوێیە، کەمتر لەهەموو جۆرەکانی تری دووپاتکردنەوە بەرچاو دەکەوێ و بەدەگمەن لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ دەکات. بۆ نموونە گێڕەوە دەڵێت: ((لەبەر ئەوەی وسووی فاتە بێوەژن هەژارە، بۆیە مام نادر ڕازی نابێ کچەکەی خۆی بداتێ، چونکە مام نادر چاوچنۆک و پارە پەرست دەبێ، حاجی محێدین بە وسوو دەڵێ ببە پێشمەرگە و پاشان مامی خۆت کارەکەت بۆ ئاسان دەکات. وسو بەقسەی حاجی محێدین دەکا و بەهەر جۆرێک بێ خونچەی بۆ دەخوازێ))(٣١).

پاش ئەوەی (حاجی محێدین)، مام نادر ناچار دەکات خونچەی کچی بداتە وسووی فاتە بێوەژن، ئەوسا باسی یاسای ژنهێنان دەکات لە کوردستان و دەیەوێ بەگوێرەی ئەو یاسایەی کە دەستکردی خۆیەتی قەناعەت بەمام نادر بکات بۆئەوەی فاتە بێوەژنی دایکی وسوو بخوازێ و دەڵێ: ((پیاوی چاک بە... تۆش فاتەی دایکی وسوو بخوازە، ئەوە چەند ساڵە بێ ژنی... دەبێ هەرواش بکەی، ئەمە قانوونی کوردستانە، دەبێ هەموو کەسێ حەقی خۆی وەرگرێ، هەر کچێ بەئارەزووی خۆی نەدرێ بەشوو، هەر باوکێ بەزۆر کچ بدات بەشوو، ئەوا دژی قانوونی کوردستانە، هەرکەسێکیش دژی قانونی کوردستان بێ، ئەوا لەهەردوو دنیادا جێی جەهەنەم و بیئس المصیر-ە))(٣٢).

ئەو دوو ڕووداوە، واتا ڕووداوی ژنهێنانی وسوو، هەوڵی حاجی محێدین بۆ قایلکردنی یان

ناچارکردنی مام نادر بەپێی یاسای ژنهێنان لەکوردستان کە ئەویش یاسایەکی دەستکردی حاجییە، بەدوو ڕووداوی تاک دادەنرێن لەم ڕۆمانەدا و جارێکی تر دووبارە نەبوونەتەوە.

هەروەها گێڕەوە باسی ئەوە دەکات کە چۆن (حاجی محێدین) باوکی مچە یان مستەفا بەناوی ڕاوکردنەوە، هەرسێ کوڕەکانی بۆ چیا بردووە بۆ ئەوەی مەشقیان پێ بکات و فێری تەقەکردنیان بکات. ئەم ڕووداوە لەلایەن مچەوە باسکراوە و دەڵێ: ((هەرکە ئەو کارە (پێویستانەمان) تەواوکرد، ئەوجا بەناوی ڕاو، هەرسێکمانی بەرەو چیا برد لەوێدا فێری دەکردین، چۆن تەقە بەکلاشینکۆف دەکرێ و چۆنیش دادەژنرێ و پاکدەکرێتەوە..))(٣٣). ئەم ڕووداوەش تەنیا یەکجار لەئاستی حیکایەت ڕوویداوە و یەکجاریش لەلایەن حیکایەتخوانەوە لەئاستی گێڕانەوەدا باسکراوە.

لەبەر ئەوەی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە لەململانێیەکی سەخت دا دەژین و ڕۆژانە لەلایەن سوپای ڕژێمی بەعسەوە هەڕەشەی نەمانیان لێدەکرێت، بۆیە حاجی محێدین سوێند بەکوڕەکانی دەدات کە هەردەم دژی ئەو دوژمنە بن و خیانەت لە میللەت و خاکی کوردستان نەکەن. حاجی پێیاندەڵێ: ((جا وەرن هەر سێکتان سوێندم بۆ بخۆن و بڵێن: تاماوین بەهیچ جۆرێ نەبەدەم و نەبەکردەوە لەداگیرکەر نزیک نابینەوە و تاخوا هێزی پێ داوین لێیاندەکوژین))(٣٤). ئەوسا مچە دەڵێ: ((هەرسێکمان بەیەک دەنگ وتمان:

– بەچی سوێند بخۆین؟

– بەخوا و بە کوردستان.

هەرسێکمان بەدەنگی بەرز وتمان:

– سوێند بەخواو بە کوردستان، تا لەژیاندا بین، ژیان لەداگیرکەر بکەین بەجەهەنەم و بەجەهەنەمیشیان بسپێرین))(٣٥).

ئەم ڕووداوەش تەنیا یەکجار لەئاستی حیکایەت و گێڕانەوەدا دەرکەوتووە و جارێکی تر دووبارە نەبۆتەوە.

لەم ڕۆمانەدا، هەندێ نموونەی دیکەی دووپاتکردنەوەی تاک بەرچاو دەکەون، بەتایبەتی

لەلاپەڕە (١٠٦) کەباسی مردنی لەناکاوی زڕ دایکەکەی مچە دەکات و ئەوەی کەباسی ژیاننامەی هەندێ پێشمەرگەی وەک هۆشیار لەلاپەڕە (١٢٠-١٢١) و سیروان لەلاپەڕە (١٢٦) و هەندێ لاپەڕەی دیکەدا.

**ب/دووپاتکردنەوەی تاکی یەکسان:**

لەم رۆمانەدا، کۆمەڵێ رووداومان بەرچاو دەکەوێ. ئەو رووداوانە تاکن، بەڵام چەند جارێک لەئاستی حیکایەت و ئاستی گێڕانەوەدا دووبارە دەبنەوە، لەبەر ئەوە پێیانگوتراوە دووپاتکردنەوەی تاک، واتا بەجۆرێک لەجۆرەکانی گێڕانەوەی تاک دانراون. ئەم جۆرە بریتییە لە ((گێڕانەوەی زیاتر لە جارێکی ئەوەی کە پتر لە جارێک روویداوە. ئەمەش لەراستیدا شێوەیەکی دیکەی گێڕانەوەی تاکە، چونکە دووبارەکردنەوەی برگەکانی دەق هاو ژمارەی دووبارە بوونەوەی رووداوەکانە لە حیکایەتدا))(٣٦).

ئەمجۆرە دووپاتکردنەوەیە، دیاردەیەکی باوە لەرۆمانی شەپۆلی هۆشداو هەندێجار لەرێی پاشخەری و پێشخەرییەوە ئەنجام دراوە. گرنگی ئەم تەکنیکانەش لەدووپاتکردنەوەدا بۆ تەئکیدکردن و بیرهێنانەوە و روونکردنەوە و باسکردنی حاڵەتی کارەکتەرە لەنێوان رابردوو، و ئێستادا. هەروەها دەبنە رێگر لەبەردەم پێشکەوتنی رووداوەکاندا و لەهەمانکاتدا حاڵەتی چاوەڕوانی لای خوێنەر دروست دەکەن، بەتایبەتی لەپێشخەریدا بەهۆی ئەوەی کە ((بەشێوەیەکی پێشوەخت برگەیەکی دووبارە دەکاتەوە))(٣٧).

لەڕۆمانی تۆڵەدا چەندینجار لەرێی تەکنیکی دووپاتکردنەوەی تاکی یەکسانەوە رووداوێک دووبارەکراوەتەوە، ئەو رووداوانەش لەزەمەنی جیاواز و بۆنەی جیاوازدا روویانداوە، بۆ نموونە حاجی محێدین لەدوو بۆنەی جیاوازدا گریاوە، بەڵام لەهەردوو دۆخ دا یەک کرداری نواندووە و بەمەش رووداوەکە بەشێوەیەکی یەکسان لەئاستی حیکایەت وگێڕانەوەدا دەرکەوتووە. مچە بەمجۆرە باسی گریانی یەکەمی باوکی دەکات و دەڵێت: (( فرمێسکەکانی باوکم بوونەتە بەنزین لەناخی مندا گڕیان تێبەر بوو، کاتێ کەباوەشی بەکادرو

پێشمەرگەکان (دا) کردو خواحافیزی لیکردن، هۆن هۆن فرمیسک بەگۆنایا دەهاتە خوارێ، تا ئەوساش نەمزانیبوو باوکم هەند دەنگخۆشە. بەسۆزێکی دەروێشانە، هەندێ جاریش جۆرە هەنسکێکی دڵتەزێن تێکەڵ بەلاواننەوەو باوکەڕۆکەی دەبوو، بەردی دەکرد بەئاو، تا پیشمەرگەکان لەچاو ون بوون، هەر دەیچریکاند...))(٣٨).

ئەم گریانەی حاجی محێدین لەژێر کاریگەری هەواڵی نسکۆی شۆڕشی ئەیلولدا بووە. ئەوکاتە بەخۆی بەرپرسی گوند بووە، بەخەیالیدا نەهاتووە ئەو شۆڕش و ئەو هێزە مەزنە نسکۆ بهێنێ.

گریانی دووەمی حاجی بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە خۆی و خێزانەکەی بەتەنیا، پاش نسکۆی ئەیلوول، دەچنە چیاو لەژیانێکی زۆر سەخت و ناخۆشدا دەژیان و پیشبینی ئەوەی دەکرد کە سوپای دوژمن بداتە سەریاندا و گوندەکەیان بسووتێنێ و تالانیان بکات و تەنانەت دەست درێژی بۆسەر ناموسیان بکات. ئەوکاتە مچەشی بردبووە لای خۆی و مچە دەڵێ لەترسی باوکمدا تەنیا بەبەڵێ وەلامی پرسیارەکانیم دەدایەوە، بەلام جارێ کە ویستم پرسیاری لێبکەم نەیهێشت پرسیارەکە تەواو بکەم ((باوەشی پیاکردم، هۆن هۆن فرمێسک بەچاوانیا دەهاتە خوارێ. من لەو زیاتر گریام نەمزانی چ بوو وایکرد کە ئەحمەدو مەحمودو باوەژنیشم دایانە پرمەی گریان... دیاربوو هەریەکەو ژیانی خۆی دەلاواندەوە...)) (٣٩). ئەگەر تەماشای ئەو رووداوە بکەین دەبینین لەدوو ماوەو دوو بۆنەی جیاوازدا روویانداوە و هەر دووکیشیان بەتەکێکی پاشخەری لەلایەن مچە، یان مستەفاوە باسکراون. یەکەم گریان بۆ نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بووە و تەنیا حاجی محێدین گریاوە و لەگەڵ گریانەکەشدا بەوپەڕی سۆزو دڵ گەرمییەوە بەدەنگێکی بەرز لەبارچوونی ئەو شۆڕشەی لاواندووەتەوە، کەچی گریانی دووەم جگە لەحاجی محێدین، کوڕەکانی و ژنەکەشی تێدا بەشداربوونە و بۆ حاڵی خۆیان گریاون.

# پەیوەندیی
# نێوان
# رۆمان و کۆمەڵگە

١ - ٢



د. عەبدوڵڵا رەحمان

رۆمان پەیوەندییەکی پتەوی بە کۆمەڵگەوە هەیە، چونکە لەناو خودی کۆمەڵگە لەدایک دەبێت و لەلایەن تاکێک لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کە رۆماننووسە دێتە بوون و دەنووسرێتەوە، بەدەوری خۆشی هەوڵ دەدات کۆمەڵگە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی پێشکەوتووتر و تاک لە ئاستێکەوە بەرەوە ئاستێکی گەشەسەندووتر ببات، بەو پێیەی کە رۆمان (( لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە و رەخنەی لێدەگرێ و سەردەمەکەی شیدەکاتەوە، بۆیە دەتوانین راستییەک بەدەستبەخەین کە دەڵێت ناکرێ کۆمەڵگە بەبێ مێژوو بێت و هەروەها ناکرێت مێژووش بەبێ کۆمەڵگە بێت، بۆیە رۆمان یەکەم هونەرە

کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاشکرا هەروەکو لەرووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە دیاریکراوە، بەرجەستە دەکات))(زیندین،٢٠٠٦: ٤٦) بەمشێوەیە رۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی پانتاییەکی فراوانی هەیە و تەواوی لایەن و رەهەند وبوارەکانی کۆمەڵگە تێیدا رەنگ دەدەنەوەوە، ئەمەش وای کردووە کە رۆمان ئەمرۆ ببێتە یەکێک لە ژانرە زیندووەکانی سەردەم، چونکە هیچ ژانرێکی دیکەی وەکو شیعر و چیرۆک و شانۆ بەشێوەیە ناتوانن کێشەو گرفتەکانی تاک و کۆمەڵگە دەرببڕن، دیارە لێرەدا رۆمان راستەوخۆ بەشدار دەبێت لە خستنەڕووی ئەو کێشەو گرفتانەی کە کۆمەڵگە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، بەمە هۆیەشەوە توانیویەتی زیندوویەتی و بالایەتی بە خۆی بدات و دەرگاکانی بەرووی ئاگایی و هۆشیاری والا بکات ((ئەمەش تەفزیلکردنی رۆمان نییە بەسەر ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیدا، بەپێچەوانەوە ، بەڵکو کارایی ئەو ژانرە بۆ خودی رۆمان و چۆنییەتی ئەو یاریکردنەی کارەکتەرەکانی رۆمان دەگەڕێتەوە کە دەتوانێ پڕ بەپێستی دیاردە و کارەساتەکان دەربڕینیان لێ بکات و بەو ئاقارانەیشی دا ببات هەموو تاکێک دەتوانێ پانتایی شوێن پێی خۆی لەو هەنگاوانە دیاری بکات کە دەتوانێ بەردێ بخاتە سەر تەلارێک کە رۆمان وەکو ئەرک دەیخاتە ڕوو))( حەمەد،٢٠٠٣: ٢٢). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە رۆمان وەکو پێویستییەک لە رۆژگاری خۆی هاتۆتە کایەوەو بۆشاییەکی لە رۆحی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی پڕکردۆتەوە. بۆیە ((پێناسەکردنی ڕۆمان کارێکی یەکجار سەخت و زەحمەتە، ، چونکە جیاکردنەوەی سنووری ڕۆمان لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر بەشێوەیەک دژوارە کە لێککردنەوە و جیاکردنەوەی ڕۆمان و بەستنەوەی بەچەند دێڕێک وەکو پێناسە، کارێکی تاڕادەیەک مەحاڵ دەبێت، چونکە ڕۆمان وەکو دەقێکی کراوە و زیندوو هەناوی خۆی لەناو دونیا گەلێک ڕایەڵی مەعریفی و هزری و ئیستێتیکی دەدۆزێتەوە ))(رەحمان،٢٠١٤: ٧) و هەمیشە هونەرو ژانرەکانی دیکە سوود لەو دیدگای ڕۆمانە دەبینن و خۆیان تێیدا بەرجەستە دەکەن، لەبەر

هەوالنامەی کتێب

ئەمەشـە ((سـنوورێک نییـە ڕۆمـان دیـاری بکات، یەکێکی وەک ە. ج. ویلز نـاوی نابـوو (( توورەکەیـە و دەتوانـی هەمـوو ئەو شـتانەی تێ بئاخنیت کەلات پەسـندە)) (بڵشـن،١٩٨٢: ٩). سـەرەڕای ئەمـەش ڕۆمـان کاتێـک سـەریهەڵدا ((سـەرەتایەکی نوێـی گێڕانـەوە بـوو و ڕزگاربـوون بـوو، لـەو تەقلیدە بـاوەی گێڕانـەوە کۆنانـەی کـە خۆیـان لەقالبی داسـتان و حیکاتـەکان دەدۆزییـەوە کـە دەربـڕی کێشـەو ڕووداو و حـەز و خولیـای ئەوسـای مـرۆڤ نەبـوون و سـوواو بـوون، بۆیـە ڕۆمـان لەگـەڵا سـەرهەڵدانیدا بروسـکە ئاسـا بڵاوبوویـەوە و خوێنـەران پێشـوازییان لێکـرد، ، چونکـە ڕۆمـان وەکـو دەقێکی کراوە هەمیشـە ئامـادەی فراوانبـوون و نوێبوونـەوەی هەیـە)) (ڕەحمـان،٢٠١٤: ٦) و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە هەڵـدەکات و شـێوەو شـێوازی نوێـی گێڕانـەوە دەگرێتەبـەر لەپێنـاو گەیاندنی پەیـام و ئامانـج و مەبەسـتەکانییەوە. ڕۆمانیـش (( بریتییـە لـە چیرۆکێکی ئەندێشـەیی داڕێـژراو لەشـێوەی پەخشـاندا و لەلایـەن گێڕەرەوەیەکـەوە دەگێڕدرێتـەوە، کـە ڕووداوەکانی چەند مۆتیڤێکـی (کۆمەڵایەتـی یـان ئیرۆسـی یاخـود بابەتێکـی ژیانـی ڕۆژانـە) کۆنترۆڵیـان دەکـەن، (میشـێل بۆتـۆر) بـە (تاقیـگای گێڕانـەوە) پێناسـەی دەکات، خـودی گێڕانـەوەش هۆکارێکـی بنەڕەتییـە بـۆ چنیـن و ڕێکخسـتن و دابەشـکردنی ڕووداوە واقیعـی و خەیاڵئامێـزەکان لـە پەیکـەری دەقـی ڕۆمانـدا، سـەرەڕای نواندنـەوەی ( پێشـینە - مرجعیـە) ڕوشـنبیرییەکان و گوزارشـتکردن لـە تێڕوانیـن و هەڵوێسـتەت جۆراجۆرەکان، لەبەر ئەوە بەرهەمهێنانـی دەقێکـی ڕۆمـان بەبـێ پراکتیزەکردنـی پرۆسـەی گێڕانـەوە کارێکـی مەحاڵـە)) (محمـد،٢٠٠٩: ١٥٦)، چونکـە گێڕانـەوە واتـای گواسـتنەوەی ڕووداو لـە وێنـەی واقیعییـەوە بـۆ وێنـەی زمانەوانـی دەگەیەنێـت، بـەو واتایەی گواستنەوەی ئـەو کردەوەیەیە کـە شـیانی قسـەکردنە لـە نەبوونـەوە بـۆ ئامادەبـوون، بەشـێوەیەک کـە شـیانی دەستاودەسـتکردن بێـت، جـا ئـەو کردەوەیـە واقیعـی بێـت، یـان خەیاڵئامێـز بێـت. هەروەهـا ئـەو دەستاودەسـتکردنەش زارەکـی بێـت، یـان نووسـراو. بـەم پێیـە ڕۆماننـوس

لەرێگای پرۆسەی گێڕانەوە رووداو لە حاڵەتی واقیعی کۆمەڵایەتییەوە بۆ حاڵەتی ئەدەبی و زمانەوانی لە شێوەی نووسراو دەگوازێتەوە. لەمبارەیەوە (تۆدرۆڤ) پێیوایە کە گێڕانەوە تەنیا خستنەڕووی زنجیرەبەندی رووداوەکان نییە، بەڵکو چیرۆکی ململانێی نێوان دوو سیستەمە، سیستەمی نووسین و سیستەمی سیاقی کۆمەڵایەتی ( زیدین،٢٠٠٦: ٤٦).

هەر چەندە سەدەی هەژدەهەم بە سەدەی سەرهەڵدانی هونەرییانەی ژانری رۆمان دادەنرێت، ئەو ژانرەی کە گەلێک هۆکاری ماددی و مەعنەوی لەسەرهەڵدانیدا بەشدارییان کردو زەمینەی ئەوەیان بۆ خۆش کرد ببێتە ژانرێکی سەردەمی خۆی کە تەواوی ژیان و کۆمەڵگە لەخۆ بگرێت و وێنایان بکات، بۆیە (( سەدەی هەژدەهەم، سەدەی سەرهەڵدانی رۆمانە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسی و فەلسەفییەوە کە لەو کاتەدا هاتنە پێشەوە))( مستەفا:٢٠١٠:٢٧) کە بەهۆیەوە پێویست بە فۆرم و شێوەیەکی نوێی دەربڕین هەبوو لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگە، بۆ ئەمە مەبەستەش رۆمان وەکو ژانرێک شیانی ئەوەی هەبوو دەربڕی سەردەم و کێشەکانی بێت، لەمبارەیەوە مالکام برادبری دەڵێت: (( ئەم شێوازە نوێیە بەربەرییەکانی لەگەڵا دابونەریتە باوەکانی ئەدەبدا هەیە یان بەلایەنی کەمەوە دەیەوێت بەشێوەیەکی بونیادی راستیان بکاتەوە ، لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە بێت کە بڵێین زاراوەی رۆمان (Novel) بەمانای نوێ وتازە ، زاراوەیەکی گونجاوە))(ئیبرام،٢٠٠٨: ٨٩).

هەرچەندە ئەو لەدایکبوونەی رۆمان لەهیکڕا نەبووە، بەڵکو (( رۆمان وەک رەگەزێکی ئەدەبی و پەخشانێکی هونەری، چ لە ئەدەبی ئەوروپی و چ لە ئەدەبی گەلانی تردا، لەنەبوونییەوە نەهاتووەتە کایەوە، بەڵکو لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە سوودی لە هەبوونی چەندین حیکایەت و چیرۆکی میللی نێو ئەدەبی گەلەکەی وەرگرتووە )) ( گەرمیانی،١٩٩٨: ١٤) ، بەو واتایەی رەگاژۆی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە و هەر لە داستانەوە تا دەگاتە حیکایەتە میللی و فۆلکلۆرییەکاندا

وێنەو رووخسارو سیمای رۆمان بەدی دەکرێت، بۆیە (( هەر چەند بەرەو زەمەنی رابردوو بچین ئەوا بەرووی گەلێک شیمانەدا دەکرێتەوەو بەشێوەیەک، کەخەیاڵی راڤەکردن تێیدا ئازادانە وازی دەکات و هەموو شیمانەیەکیش بە دیاردە مرۆڤایەتییە رەسەنەکانی نێو دەروون و ئەو دیاردە مێژوویانەی کە پاڵپشتی ئەو دەکەن خۆی بەهێز دەکات. ئەوەی کە ئەو وەلامانەش دەبینێت دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە رۆمان لەهەموو شتێکدا هەبووە، لە قووڵایی سروشتی مرۆڤایەتی و لەدەرەوەی سروشتی مرۆڤایەتیشدا هەبووە، لە جەنگ و لە ئەسمار و لە منداڵی و لە دوای راو و لە مێژوودا هەبووە، بەڵکو لە شوێنی سەیر و ئەشکەوتە ترسناکەکانیش هەبووە))( عەبود،٢٠١٠: ٧) ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە رۆمان کۆکەرەوەی سیما و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی شێوەو فۆرم و ژانرەکانی پێش خۆی بووە، هەر لەبەر ئەمەشە رۆمان بە ژانرێکی فراوان و کراوە دادەنرێت کە شیانی ئەوەی هەیە بە باشترین شێوە وێنای مرۆڤ و کۆمەڵگە بکات و لایەن و رەهەند و ئەدگارەکانیان بخاتە بەر تیشکی رووناکی و شیکردنەوەو شرۆڤەیان بکات (( بەم پێیە لەسەدەی هەژدەدا هەموو ئەو هۆکارانە، بوونە سەرەتای سەرهەڵدانی ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، کە زیاتر لە تانوپۆی سەردەمەکەی نزیکبوو، خەڵکی کە بێزاربببوون لە داستان و حیکایەت ، ئەو دوو ژانرەیان هێنایە نێو پانتاییەک کە بەرۆمان ناسرا)) (رەحمان،٢٠١٤: ١٦) ، بەتایبەتیش رۆماننوسانی ئینگلیزی (دانییل دیڤۆ ١٦٦٠-١٧٣١) و (سمۆئیل ریچارسۆن ١٦٨٩-١٧٦١) و( هنری فیلدنگ ١٧٠٧-١٧٥٤) کە رۆڵێکی دیاریان گێرا لە چەسپاندنی خەسڵەت و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی رۆمان( واگ:٢٠٠٨: ٥). بێگومان چەندین هۆکار لەسەرهەڵدانی رۆمان رۆڵیان هەبووە، لەوانە سیستەمی پەروەردە لە ئەورووپا کە بەخۆڕاییە کرا و گۆڕانکاری تێدا کرا و زانستی نوێ هاتە خوێندن کە لە دوای رێنسانس و شۆڕشی پیشەسازی هاتەئاراوە، کە کاریگەری لەسەر زیادبوونی ژمارەی خوێندەواران هەبوو و کۆمەڵگای

لە نەخوێندەوارەوە بۆ خوێندەوار گواستەوە، بەمەش جەماوەرێکی نوێ خوێندەواریان دروستکرد و نەوەیەک هاتەکایەوە کە بایەخی بە خوێندن و خوێندنەوە دەدا. بڵاوبوونەوەی پرەنسیپەکانی ئازادی و ئازادی تاکەکەسی کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی چیرۆکدا هەبوو. بەتایبەتیش هاتنەئارای مافەکانی ئافرەت، کەوای کرد ئافرەتیش خاوەنی کەسایەتی خۆی بێت و سەربەخۆ بێت.

هەروەها زۆربوونی کتێبخانە گشتییەکان لەسەرتاسەری ئەوروپا لەدوای ساڵی (١٧٤٢) بەدەستیان هێنا، کە ئەمەش بەدەوری خۆی بووە هۆکاری زۆربوونی خوێنەری کتێب، چونکە ئەو کات بەهۆی گرانی نرخی کتێب خوێندنەوە لاواز بوو. هەروەها پەیدابوونی چاپخانەو زۆربوونی چاپخانەکان وای لە جۆنسنی بیرمەند کرد زاراوەی ( نەتەوەیەک خوێنەر ) بەکاربهێنێت ( وات،١٩٨٤: ٤٠-٥٣).

ئەمە سەرەرای گەشەسەندنی خێرای چینی بورژوا کە چینی ناوەڕاست پێکدەهێنن ،بەتایبەتیش لە بەریتانیا ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ زۆربوونی داهات و سامانیان کە جەماوەری خوێنەری هێندەی دیکە زیادکرد و لەگەڵیشدا (( رۆمان بوو بە چەمکێکی بنەڕەتی چینی ناوەڕاست، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو چینی ناوەڕاست و فراوانبوونی دەسەلاتەکەی، رۆماننووسان کۆمەڵگەو مرۆڤی کۆمەلایەتییان وا دەبینی کە ماددیەکن بۆ وەسف کردن و رەخنەلێگرتنی و بیرۆکەی باسکردنی کۆمەڵگەش بەگشت لایەنەکانییەوە کەمەندکێشی دەکردن)) ( زیرافا،٢٠٠٥: ٤٥) بۆ ئەوەی زیاتر بایەخی پێبدەن. زۆر بوونی ئەو جەماوەرەش لەبنەڕەتدا لەو گرووپە کۆمەلایەتیانەدا هاتە کایەوە کە لەبواری بازرگانی و پیشەسازیدا کاریان دەکرد و خۆشگوزەران بوون، ئەم گۆڕانکارییەش سەنتەری قورسایی خوێنەری لە چینی ناوەڕاست پەرە پێدا و بووە هۆکاری گەشەسەندنی رۆمان( واگ:٢٠٠٨: ٥٢). بڵاوبوونەوەی رۆژنامەش بووە هۆکارێک بۆ پێشخستنی پەخشان کە کاریگەرییەکی بێ وێنە و خێرایی

هەبوو لەسەر بەرەوپێشبردنی ڕۆمان لەم رۆژنامە و گۆڤارانە زانیاری کردەوەیی لەبارەی ژیانی رۆژانە و لایەنی رەوشت و چێژ بە زمانێکی سادەوساکاری بێ گرێ بڵاودەکرانەوە کە دوایی ئەم خەسڵەتە لەرۆژنامەوە بۆ ڕۆمان گوێزرایەوە. هەروەها و تارە بەناوبانگەکان رۆڵێکی گرینگیان لەناساندنی ڕۆماندا گێڕا(رەحمان،٢٠١٤: ١٦). سەرەڕای ئەمانەش دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لەو سەردەمەدا رۆمان بۆ ئەوە دەنووسرا تا لەگۆڤارێکدا یان لەرۆژنامەیەکی رۆژانەدا بڵاوبکرێتەوە، گەورەترین رۆمانەکانی سەدەی نۆزدە یەکەمجار بە زنجیرە بڵاوبوونەوە و زۆرجاریش لەسەر داوای خودی رۆژنامەوە گۆڤارەکانەوە بووە، بەمجۆرە توێژینەوەو شیکردنەوە و نهێنی پشت پەردەکانی کۆمەڵگە و دیمەنە شایستەکانی بە وێنەگرتن بەسەر رۆماننوساندا داسەپا( عارف،٢٠٠٤: ٣٥).

سەرەڕای ئەمانەش پەیدابوونی کۆشکەکانی کتێبفرۆشتن بەنرخێکی زۆر کەم، بازرگانی کتێبی پەیدا کرد و نووسەرگەلێک بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی ماددەی بەخێرایی و زۆر لەخۆکردنەوە دەیاننووسی و بەکتێب بڵاویان دەکردەوە. ئەمەش پێویستی بەوە هەبوو لە کۆت و بەندی سەردەمانی رابردوو رزگاریان بێت، ریچاردسن کە بە باوکی ڕۆمانی ئینگلیزی دادەنرێت(( لەسەر داوای دوو کتێبفرۆش دەستی کرد بە نووسینی دەلیلێک بۆ نامەنووسین ، ئەمەش بووە یەکەم هۆی نووسینی ڕۆمانی پامیلا، بۆیە پامیلا رێکەوت دروستیکرد و نووسەرەکەی لەسەرکەوتنە ناوازەکەی سەری سوڕما کە ئەم بەرهەمە بەدەستیهێنا)) ( وات،١٩٨٤: ٥٦)، لەگەڵ ئەوەشدا رۆمان لەرووی بنیاتەوە پەیڕەوی رێچکەی بنیاتی کۆنی دەکرد، بەتایبەتیش ئەو بنەمایانەی کە لە درامادا پەیڕەو دەکرا، چونکە ئەو سەردەمە ژانری شانۆ ، ژانری باوی سەردەم بووە کە بنەماکانی لەلایەن (ئەرستۆ ٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) دارێژراوە، لەو سەردەمەشدا رۆمان بەشێوەیە باو و ئاساییەکەی دادەرێژرا، کە واقعێکی پێشکەش بە خوێنەر دەکرد کە پێشتر ئەو

واقیعە لەلایەن نووسەرەکەیەوە هەرس کرابوو و بیروبۆچوونی خۆی لەبارەیەوە لەرێگای وێناکردنێکی بەیەک بەستراوەوە دەخستەڕوو، بۆیە رۆماننوس خوێنەرانی لەسەر پێشکەشکردنی گێڕانەوەو وەسف و شیکردنەوەیەکی دیاریکراو راهێنابوو، سیماو رووخساری سەرجەم کارەکتەرەکانی دەستنیشانکراو بوو کە بە ئارەزووی خۆی وەکو داشی شەترەنج دەیچوولاندنەوە، بۆیە رۆماننوس زیاتر بایەخی بەلایەنی دەروونی دەدا و بەشێوازی مێژوونووس یاخود ژیاننامە مامەڵەی لەگەڵ کات و شوێندا دەکرد و بونیادی رووداوەکانی بەپێی گێڕانەوەی زنجیرەبەندی کاتی بوو، لەبەرامبەریشدا خوێنەر ماندووبوونێکی ئەوتۆی لە خوێندنەوەو تێگەیشتن و هەڵهێنجاندنی ماناکان نەدەبینی، بەڵکو هەموو شتێک بۆ خوێنەر شرۆڤەکرابوو و هیچ ئەرک و ماندووبوونێکی خوێندنەوەی بۆ خوێنەر بەجێ نەهێشتبوو، چونکە هیچ شتێکی تەمومژاوی لەخۆ نەگرتبوو( اسعد،١٩٧٢: ١١٥).

لەراستیدا رۆمان پەیوەندییەکی پتەوی بە ژیانی واقیعی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەوە هەیە و (( ئەوەندەی کارێکی خەیاڵی و ئەندێشەیی نووسەرە زیاتر پابەندی ژیان و واقیعە و دوورپەرێز نییە لە کارەسات و رووداوە مرۆڤایەتییەکان و وەک چاودێرو ئاگادارێک وایە بەسەر هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵی پاڵەوانیەکانیداو هەمیشە بەگیانێکی زیندووی دوور لە زۆرلێکردن و گیرۆدەبوونەوە پێ بە پێی رۆژگارو شوێن و ساتەکان دەڕوا))( رسول،٢٠٠٩: ٤٧) و جیهانێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات کە لەگەڵ جیهانی واقیعدا هاوشان بەڕێوە دەچن، بەو واتایەی کە مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بەدنیایەک دەورە دراوە کە بە جیهانی واقیعی ناوەزەد کراوە (( ئەم جیهانە بە هەردوو لایەنی سروشتی و دەستکردییەوە، کارتێکەری دوولایەنەی لەسەر مرۆڤ هەیە. لەلایەکەوە، لە رێگەی کارتێکەری و رەنگدانەوەی ئەم جیهانە واقیعییە لە زەینی مرۆڤدا، ئێمە لەگەڵ دیاردەی ناسین رووبەروو دەبینەوە،واتا ناسین

بریتییە لە کارلێکی دوو لایەنەی زەین و واقیع لەسەر یەکتر، ئەگەر ئەو شتانە مرۆڤیان دەورە داوە وەک جیهانی واقیع پێناسە بکەین، دەتوانین ئەو دونیایەی لە دووتوێی نووسینی گێڕانەوەیی و ڕۆمانیدا و بەشێوەیەکی خەیاڵی وێنا دەکرێن، بەجیهانی ڕۆمان ناوزەد بکەین)) (زادە،٢٠١٥: ٧) ، لەپەیوەندی نێوان هەردوو جیهانی واقیعی و جیهانی ڕۆماندا، دوو جۆر واقیع بەدی دەکرێت، یەکەمیان واقیعێکی خەیاڵئامێزە کە بەوشە چنراوەو پاڵەوانەکانی لەدوو توێی دەقەدا زیندوویتیان هەیەو دەجووڵێنەوەو ڕووداوەکان دروست دەکەن و(( کۆمەڵگەیەک دەخوڵقێنن کە زۆر ڕاستەقینەش دێتەبەرچاو)) ( سەحرانەوەردی، ٢٠١٤: ١١). دووەمیشان واقیعی دەرەوەی ژیانە، مەرجیش نییە ئەو دوو واقیعە هەمیشە هاوشانی یەکتر بن، چونکە لەوانەیە گوتاری ڕۆمان جیهانێکی ئەفسانەیی و خەیاڵئامێز و ڕەمز و سەیرو سەمەرەیی لەخۆ بگرێت کە لە بزاڤی ڕەگەز و توخمەکانی لە شوێن و کاتدا شێوازێکی تایبەتی دەگرێتەبەر کە جیاواز بێت لەگەڵ شێوازی واقیعی دەرەوە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە دابڕان لەنێوان جیهانی ڕۆمان و جیهانی واقیعدا هەبێت، یاخود شیکردنەوەی جیهانی ڕۆمان بۆ جیهانی واقیع ڕەتبکاتەوە، بەڵکو جیهانی ڕۆمان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی واقیعی دەرەوەیە، بەتایبەتیش کە خودی واقیع لە کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی مرۆڤ بە مادده و کاریگەرییە مەعنەوی و غەیبییەکانەوە هەیە (مصگفی،١٩٧٩: ١٠) ، بەمشێوەیە جیاوازی لەنێوان ئەو دوو واقیعەدا، واقیعی خەیاڵئامێزی داهێنراو و واقیعی ژیانی دەرەوە، سەلمێنەری پەیوەندییەکانی نێوانیانە، چونکە واقیعی ڕۆمان بەشێوەیەکی گشتی واقیعی باو ڕەتدەکاتەوەوە و لەڕێگای جیهانی خەیاڵئامێزەوە هەوڵی دروستکردنی ئالتەرناتیف بۆ واقیعی کۆمەڵگەو دووبارە پێکهێنانەوەی دەدات، بەمەش گوتاری ڕۆمان دەبێتە بەرهەمهێنانی مرۆڤایەتیی، بۆیە دەبێتە بەشێک لە بەرهەمهێنانی گشتی کۆمەڵگە، بەو واتایەی جیهانی

ڕۆمان بە شێکە لە واقیعی کۆمەڵگە، هەر چەندە ئەو واقیعە ڕەت بکاتەوەو یاخود بەشێوەیە لە شێوەکان پاڵپشتی بکات و بیچەسپێنێت.

بەمشێوەیە دەکرێت بڵێین جیهانی ڕۆمان بریتییە لە جیهانێکی خەیاڵیی گێڕانەوەیی(( ئەوە ئەو جیهانەیە کە خەیاڵ تێیدا داهێنان دەکات و وادەکات بەدڵخۆشییەوە لەناویدا ون ببین))( لوبوک،١٩٨١: ١٧)، کە تێیدا فەزایەکی دەستکرد دەبێتە شوێن و سەردەمی کۆمەڵێک کاراکتەری دیاریکراو و هاوشێوەی جیهانی واقیعی هەڵسوکەوت دەکەن، چونکە (( ئەم جیهانە داهاتە خەیاڵییە دەتوانێ تێگەیشتنی ئێمە لەواقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگە بگۆڕێت، یان بەرایی تێگەیشتنمان لە واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگە بەربڵاوتر بکات)) ( نەهایی،٢٠١٣: ١٦). بەمەش ڕۆمان دەبێتە تێکەڵاوییەکی ئاڵۆز لەنێوان واقیع و خەیاڵدا. بەمشێوەیە جیهانی ڕۆمان مەرج نییە لاساییکردنەوەی تەواو بێت لە کۆمەڵگەی سازکراوی دەستی مرۆڤ، سەرەڕای ئەمەش تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان وا دەکات جیهانی سازکراوی ڕۆمان، جیهانێکی زیندوو بێت، جیهانێک بێت کە کۆمەڵگەیەک لەخۆ بگرێت، کۆمەڵێک مرۆڤ لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا وێنا بکات، بەو واتایەی کە داهێنانی ڕۆماننوس لەگەڵ ئەزموونەکانی ژیانی خۆمان هەڵبەسەنگێین، بەمەش ڕۆمان خاوەنی جۆرێک لە واقیعی دەبێت کە دەکرێت بسەلمێنرێت و دەبێت بەشێک لەو سەرچاوەو زانیارییەی لەنێوان نووسەر و خوێنەردایە. لەدواجاریشدا جیهانی ڕۆمان بەهەموو جیاوازی و لێکچوونەکانیدا جیهانێکی سەربەخۆیە و دەکرێت ببێتە نموونەیەک بۆ خوێنەران کە لەگەڵ جیهانی خۆیاندا بەراوردی بکەن، چونکە (( ڕۆمان وێنەی هەموو جۆرە ئەزموونەکانی مرۆڤایەتی دەکات و تەنیا بە میتۆدێکی ئەدەبییەوە پابەند نابێت، لەبەر ئەوەی واقیعییەت لە ڕۆماندا لە جۆری ئەو ژیانەدا نییە کە وێنای دەکات، بەڵکو لە چۆنییەتی وێناکردنی ئەو ژیانەیە)) (واگ،١٩٧٥: ٤). ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە نابێت ڕۆڵی ڕۆمان لە ئاستی گێڕانەوەی واقیع و وەسفی

جیهانی دەرەوەدا قەتیس بکەین، چونکە رۆمان هەم وەسفی کەلتووری کۆمەڵگەی خۆی دەکات و هەمیش بە هەموو کەلێن و قوژبنەکانیدا شۆڕ دەبێتەوەو تەنانەت سازشی دەکات، بەو واتایەی رۆمان توانای گواستنەوەی ئاڵۆزی و بارگرژییەکانی ناخی ژینگەی کۆمەڵگەکەی و هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی هەیە ویەکێکە لە ئامرازەکانی گوزارشت کردن و نوێنەرایەتیکردن لە گێڕانەوەی رووداو واقیع و هزرەکاندا شەرعییەتی بەدەست هێنا(العالم ،١٩٨٦: ١٤-١٥). لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە رەخنەگران پێیان وایە ئەوەی رۆمان دەیکات زیاترە لە نوێنەراتیکردنی و نیشاندانی ژیان و کۆمەڵگە بە تەنیا، بەڵکو رۆمان خۆی دروستکەری ژیانە و ئەزموونە مرۆڤایەتییەکانە. بۆیە جیهانی رۆمان تێگەیشتنی ئێمە بۆ جیهانی واقیع، تیژتر و قووڵتر دەکات. لەمبارەیەوە (نەعوم چۆمسکی) دەڵێت: (( بەهۆی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە فێردەبین و ئەوەندە زانیاریمان دەست دەکەوێ لەبارەی کەسایەتییەوە، چۆن بیردەکەنەوە و .. هەستیان دەبزوێ و هەڵسوکەوت دەکەن، لەوە زۆرتر کە دەروونزانی سروشتی فێرمان دەکات))(سەڕاج،٢٠٠٧: ٩). چونکە رۆمان ((ئەزموونێکی هزرییە کە بەسەر نووسەرەکەیدا هاتووە و ئامانجیشی ئەوەیە شتێکمان لەو جیهانە واقیعییە فێر بکات، کە تێیدا دەژین))(المصری،٢٠٠٩: ١٧١) ، بۆیە دواجار دەقی رۆمان ئەوئەزموونەیە کە رۆماننوس هەیەتی، جا ئەو ئەزموونە چ لە ژیانی تایبەتی خۆی یاخود لە واقیعی ژیانی دەرەوەدا بێت بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە، ئەمەش هەڵوێستی رۆماننوس دەنوێنێت لەبەرامبەر دیاردەکانی ژیان و کۆمەڵگە، ئەو هەڵوێستەو گۆشەنیگای رۆماننوس دووبارە گواستنەوەی واقیع نییە، بەڵکو گوزارشتکردنە لە بارودۆخی مرۆڤایەتی، ئەو هەڵوێستەی رۆماننوسیش یان ئەوەتا هەوڵدانێکە بۆ هەڵاتن لە واقیعەکە، یاخود بە پێچەوانەوە هەوڵدانە بۆ گۆڕانکاریکردنی ئەو واقیعە لەرێگای پشت بەستن بەخودی خۆی، یان بشتبەستن بە هێزی گرووپێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، لەمەشدا

رۆماننوس هەوڵدەدات سوود لە بوارە مەعریفی و هونەرییەکان وەربگرێت و بەسوود گەیاندن بە خوێنەر ئاراستەیان بکات (( رۆمان و سینەما، رۆمان ومیوزیک، رۆمان و شیعر ، رۆمان و کەڤاڵ و فەلسەفە و دەروونزانی کۆمەڵێ بواری تێک چرژاون، بوونەتە سەرچاوە بۆ یەکتر، پەیوەندی ئەمانە هەمەلایەن و زەحمەتە وا بە ئاسانی لێک هەڵاوێرد بکرێن، وەک فرۆید دەڵێ: ئەوەندەی لە دیستۆفیسکی فێربووم و سوودم لە رۆمانەکانی وەرگرتووە، ئەوەندە لە تیۆرەکانی دەروونزانی فێر نەبووم))(عومەر،٢٠١٠: ٤٩). دیارە ئەمەش بۆ رۆڵی گرنگی رۆمان دەگەڕێتەوە کە هەمیشە هەوڵی داوە لە ژێر کارتێکردنی ئەم بونیادو پێکهاتەیەدا بابەت و ناوەرۆکی جیاواز لەخۆ بگرێت و لە ناو بۆتەیەکی هونەریدا بیانخاتەڕوو، بۆیە رۆمان لاساییکردنەوەیەکی باوی جیهانی واقیعی، یاخود وێنەیەکی راستەقینەی شتەکان نییە، بەڵکو وێنایەکی رۆحییە کە سەر لەنوێ بەشێوەیەکی باشتر واقیع دەخوڵقێنێتەوە، یاخود واقیعێکی نوێ دروست دەکات کە قووڵتر و باشتر بێت لە واقیعە راستەوخۆیەکە. بەو واتایەی واقیعێکی باشتر و رووناکتر پێشکەش بە خوێنەر دەکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو واقیعە نالەبارە و وێرانەی کۆمەڵگەکەی خۆی بەراوردی پێبکات و هەوڵ بدات گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رۆمان باڵاترە لەوەی کە تەنیا وێنەی واقیع بگرێت، بەڵکو بە وەرگرتنی بەشێک یاخود لایەنێکی ئەو واقیعە، جیهانێکی دیکە دروست بکات، کە لەوانەیە خەیاڵئامێز بێت و یاخود نزیک بێت لە واقیعە راستەوخۆیەکە و گەیاندنی ئەو واقیعە نوێیە بە وەرگر بۆ ئەوەی ئەوانیش سەر لەنوێ بە جیهانە تایبەتییەکەی خۆیاندا بچنەوە ( فواد،٢٠١٤: ٣١٥). کەواتە رۆمان لە جیهانەکەیدا لەبارەی قۆناغێکی دیاریکراوی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەدوێت، بەشێوەیەک رۆمان و پێشکەوتنی کارەکتەرەکانیشی لەگەڵ تێگەیشتنێکی قووڵی یاساکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ناکۆک ناکەوێتەوە (خچور،١٩٦٩: ١٢٩) ، بۆیە ئەو پەیوەندییەی نێوان رۆمان

و واقیع، پەیوەندییەکی سروشتی و ئاسایی دەبێت و کە هەردووکیان کاریگەری و کارتێکردنیان لەنێواندا هەیە. تەنانەت هەندێکجار (( رووداوەکانی رۆمان لە رووادەوە واقعییەکان بەجۆش و خرۆشتر بوونە، چونکە بوونی ئەو رۆمانانە پێداویستییەک پڕ دەکاتەوەو ئامانجێک دەپێکێت، کارەکتەرە خەیاڵئامێزەکانیش لە رۆمان بۆشاییەک لە واقیعی ئێمە پڕ دەکەنەوە و هەندێک لایەنی رووناک دەکەنەوە))( برادبری، ١٩٩٦: ٤٦). سەرەڕای ئەمانەش گەلێکجار رۆمان سنوورەکانی واقیعی ئێستای بەزاندووەو بەرەو داهاتوو هەنگاوی ناوە ((هەندێک لە رۆمانەکان بە تێگەیشتن و هەستکردنی ناسک و قووڵیان لە واقیع و تواناو ئاراستەکانی پەرەسەندنی ئەو واقیعە، پێشبینی ئایندەیان تێدا کراوە، کە مێژووی دوای ئەو رۆمانە لەخودی رۆمانەکەوە زۆر نزیک بووە، وەک رۆمانی ( ئامێری زەمەن)ی رۆماننووس (ە، ج، ویلز) کە باس لە ئامێرێک دەکات مرۆڤ بتوانێت سواری بێت و بگاتە ئاینده و دواتر بێتەوە و باسی ئەوێمان بۆ بکات، یان رۆمانی (١٩٨٤)ی (جۆرج ئۆرۆیل) کە ساڵی ١٩٣٨ نووسیویەتی و تیایدا پێشبینی دەسەڵات و هەژموونی تۆتالیتاریزم دەکات، هەر چەندە پێشبینییەکەی ئۆرۆیل بەدی نەهات، چونکە ئەو مەبەستی لە تۆتالیتاریزمی سۆڤیێتی بوو کە پێشتر رووخا)) (حەسەن، ٢٠١٠: ١٣١-١٣٢) ، ئەمەش رۆڵی گرنگی رۆمان لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە بەدیار دەخات. بەو واتایەی کە رۆمان ((ئەوەندە گرێدراوی واقیعە کە دواجار بابەتی گێڕانەوەکە یا لە سەردەمانێکدا بەشێوەیەک لە شێوەکان روویداوە یان توانایی روودانی لە زەمەنێکی تردا هەیە))( زادە،٢٠١٠: ١٣).

لەراستیدا رۆمان هەر لەسەرەتاوە رەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ کۆمەڵگەدا لەسەر دیارکەوتووە، ئەگەر کۆنترین دەقی رۆمان بۆ سەدەی شانزەهەم بگەڕێتەوە هەر لە (دیکامیرۆن)ی پۆکاشیۆوە تا رۆمانەکانی (باندیللۆ)ی ئیتالی، دەبینین کاری سەرەکی ئەوان پیشاندانی سەرکێشییەکانی پاڵەوان یاخود کۆمەڵێک پاڵەوانە لە چینی

سەرووی کۆمەڵ لە شا و میر و خانەدانەکانەوە کە هەوڵیداوە جۆری ژیان و وێنای کەسایەتییەکانیان بکات. بۆیە رۆمان لەو سەردەمەدا گوزارشتی لە هەڵوێستێکی فەلسەفی دەکرد لەبەرامبەر ژیان، ئەویش لەرێگای وێنەگرتنی ئەو رووداوانەی کە کە لەچوارچێوەیەی زنجیرەبەندێکی کاتییەوە دەخرایەڕوو کە تێیدا رۆماننوس وێنەی ژیاننامەی مرۆڤی وەکو تاکێک لە ناو کۆمەڵگەکەی دەنەخشاند. لەسەرەتای سەدەی شانزەوە رۆمان لە دوو ئاراستەدا خۆی نواند (جریبە، ١٩٨٣: ٥-٧):

١ـ ئاراستەی پیکارسیک: کە جۆرە هونەرێکی رۆماننوسین و لە بنچینەدا ئیسپانی بوو و وێنای فێڵباز و سەختەچی و دەربەدەر دەکات، نموونەی ئەم جۆرەش ( سێرڤانتس ١٥٤٧-١٦١٦) لە رۆمانەکەیدا ( دۆن کیشۆت ١٦٠٥-١٦١٥) دا بەرجەستەی کردووە، ئەو رۆمانە بەشاکاری رۆماننوسی ئەو سەدەیە دادەنرێت کە (( نەک هەر کاری کردۆتە سەر ئەدەبیات، بەڵکو کاریگەری لەسەر سیاسەت ، کۆمەڵناسی، و زانستی ئەخلاقیش هەبووە، ناتوانرێ بەشێوەیەکی تەقریبی و رێژەیی کاریگەریی ئەم رۆمانە دیاری بکرێ، بەڵام بە جورئەتەوە دەبێ بگوترێ کە هیچ رۆمانێکی دیکە ئەوەندە لە چاککردنی دنیادا سەرکەوتوو نەبووە))( تراویک،٢٠٠٨: ٢٤١) لەو رۆمانەدا ئەگەر چی چنینی رووداوەکەی بەتەواوەتی خەیاڵئامێزە، لەگەڵ ئەوەشدا بەوردی کۆمەڵێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان لە چرکەیەک لە چرکەکانی مێژوودا پێشکەش دەکات.

٢ـ ئاراستەی باستورالی: کە ئەم جۆرەیان لە ئینگلترا هاتەکایەوەو کە ناوەرۆکەکەی باسی ژیانی شوانکارەکان دەکات و سیمای ژیانی گوند بەهەموو لایەنەکانیانەوە دەکێشێت، نموونەی ئەو جۆرەش رۆمانی (ئارکادیای) فیلب سیدنییە.

بەمشێوەیە رۆمان لە سەدەی هەژدەمدا وەکو گرنگترین ژانری ئەدەبی ناوبانگی دەکرد و لە چوارچێوەی رۆمانتیکدا هاتە دەرەوەو لە بایەخدان بە ریالیزم لە رۆمان برەوی پەیدا کرد، ئەمەش لە دوو توێی ئەوەی

کـە کاردانـەوەی مـرۆڤ دەرهـەق بـە مەسـەلەکانی ژیـان و بابەتی مەعنـەوی و میتافیزیـی بـە دوو شـێوەی جیـاواز دەردەکـەوێ، یەکێکیـان خۆدزینەوەیـە لـەو مەسـەلانە و فەرامـۆش کردنیانـە جلەوی خۆ بە دەستی خەیاڵ و فانتازیا و هەسـتی ئاڵـۆز بسـپێرین تـا بـەرەو سروشـتی دەرەوە، بـەرەو رابـردووی دوور، بەرەو شـوێنانی دووره دەست، یـا بـۆ دەڤـەری خەونەکانمـان ببـات، ئەمـە رێگەیەکـە رۆمانتیـزم دەیبـڕێ، دووەمیـان ئەوەیـە کـە رووبـەرووی واقیعـەکان ببینـەوە و هەوڵبدەیـن هەمـوو ئـەو شـتانە ببینیـن کـە دەبـێ ببینرێـن، بـا تەقەتبـەر، کرێـت و دزێـو ، بـە ئێش و ئازاریـش بـێ، ئەمەشـیان رێگای ریالیزمـە. لەم چوارچێوەیەشـەدا لـە نێـوان سـالانی (١٨٣٠- ١٨٣٥) ژمارەیـەک لـە نووسـەرانی فەرەنسـا لـە بیروبۆچوونـی رۆمانسـییەکان بێزاربوون و لە دژی تەمومژ و هەلاتن لـە واقیعـی رۆمانسـییەکان وەسـتانەوە و روویـان لـە بابەتەکانـی کۆمەڵـگا کـرد و لـە واقیـع و وردەکارییەکانیـن نـاو ژیانـی واقیعـی نزیکبوونـەوە، لەوانـەش (ئونـۆرد دو بالـزاک ١٧٩٩- ١٨٥٠) بـوو کـە لەرێگای نووسـینی چەنـد رۆمانێکـەوە لـە هەمووشـیان بەناوبانگتـر ( کۆمیدیـای مرۆڤایەتـی) بـوو، توانـی وێنـای کۆمەڵگەکـەی خـۆی بەهەمـوو خەوشـەکانییەوە بکێشـێت و رووناکـی بخاتـە سـەر جووڵـەی چیـن و توێـژەکان و باسـی تاقـم و دەسـتەی کۆمەلایەتـی و ژینگـەی کۆمەلایەتـی بکات و لەهەمانکاتیشـدا ئەو بیرتیژییەی یارمەتـی دا تـا دنیایـەک وردەکاری تۆمـار بـکات، نـەک هـەر کاراکتـەر و کەسـەکان، بەڵکـو شـتەکانیش بـە وردتریـن و بابەتیانەتریـن دەربڕیـن وەسف بکات ، لەراستیشـدا رۆمانەکانی بالـزاک گوزارشـتێکی راڤەکاری تەواون لەبـارەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و مێژوو بـەو پێیـەی کە ململانێی چینایەتی لەخۆ دەگرێـت، بـەو روانگـە گشـتیگرییەی بالـزاک بـۆ کۆمەڵگـەو ئەرکـی رۆمـان، بالـزاک خـاوەن دیدگایەکی واقیعی بوو کـە لەگـەڵ رەهەندەکانـی کۆمەڵناسـی و زانسـت و سیاسـەت یەکیدەگرتـەوە (عتـو،١٩٩٣: ١٣). هەروەهـا ( سـتندال ١٧٨٣-١٨٤٢) کاریگەرییەکـی گـەورەی لەسـەر رۆمـان و پەیوەندییەکانـی بـە واقیعـەوە دانـا، بەتایبەتیـش لـە رۆمانـە

بەناوبانگەکەی ( سورو رەش ١٨٣١)دا کە تێیدا هۆکارەکانی ئەڤین و ئیرەیی و نەفرەتی مرۆڤی بەو پەڕی وەستاییەوە وەسف کردووە و وێنایەکی جوانی بزاڤ و جوڵە مرۆڤی وەکو تاکێکی ناو کۆمەڵگەکەی کردووە، ( گۆستاف فلوبێر ١٨٢١-١٨٨٠)ش کە لەهەموو شتێکی بۆرژوایی و ئاسایی بێزاربوو ، لە ڕێگەی ڕۆمانەکانییەوە واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆی نیشانداوە و وردییەکی لەرادەبەدەری لە دیتن و نیشاندانی ژیان هەبووە. لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا ( مادام بۆڤاری ١٨٥٧) دا کە بە ڕۆمانی سەدە ناوەزد دەکرێت، کە ڕۆمانێکی ڕیالیستییە و کە وێنای ڕەفتارەکانی کەسایەتییەکی وەکو (ئیمابۆڤاری) دەکێشێت. پرۆفیسۆر رایت ئەم ڕۆمانە بە گەورەترین چیرۆک کە سەدەی نۆزدە بەرهەمی هێناوە کە راستگۆترین وێنەیە لەبارەی بۆرژوازی فەرەنسی کراوە لەقەڵەم دەدات. ئەم دیدە ڕیالیستییە لە ڕۆماندا لە ئەنجامدا جێگەی بۆ ناتۆرالیزم خۆشکرد و بەتایبەتیش لەلایەن ( ئەمیل زۆلا ١٨٤٠-١٩٠٢) کە هەر خۆی دامەزرێنەر و پێشەنگی ناتۆرالیزمە و زاراوەکەش هەر خۆی دایهێناوە، ئەم ڕێبازە ئاوێتەیەکە لە دیتن و تۆمارکردنی ورد و وەسفی دیاردە مرۆڤایەتییەکان بەو شێوەیەی کە لەتەبیعەتدا هەن و بەدوور لە هەر دەستکاری و دەست تێوەردانێکی مرۆڤ. لەڕۆمانەکانیدا بەتایبەتیش ڕۆمانی ( ڕوگون ـ ماکار ١٨٧١-١٨٩٣) کە زنجیرە ڕۆمانێکی بیست بەرگییەو ڕەخنەگرو لێکۆڵەران لەو بڕوایەدان کە ئەگەر ڕۆمانەکانی بالزاک (کۆمیدیای خواییە) ئەوا دەبێ ڕۆمانەکانی زۆلا ناوبنرێت (کۆمیدیای ئاژەڵی)، چونکە زۆلا تەنەک هەر مرۆڤ بە ئاژەڵێکی پاشکۆی ئارەزووەکانی خۆی دەزانێ، بەڵکو ڕووداوەکانی ژیانی خێزانێک بەجۆرێکی هاوپەیوەست بە ژینگەی کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە دەگێڕێتەوە کە بەردەوام ململانێیەکانیان نیشان دەدات.

# دەستپێك لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا



پ.ی.د. سەنگەر نازم حوسێن

**دەستپێک لە کورتیلەچیرۆکدا:**

پەیکەربەندی هەر ژانرێکی ئەدەبی لەسەر سێ کۆڵەگەی سەرەکی دادەمەزرێت، ئەوانیش دەستپێک و ناوەڕاست و کۆتایین. هەر یەک لەمانەش بەپێی پێویستی دەقەکە ڕۆڵ و گرنگی خۆیان هەیە و نووسەر پێش دەستپێکردنی دەقەکەی بە وریاییەوە لێیان دەڕوانێت، چونکە سەرنەکەوتوویی نووسەر لە بونیاتنانیاندا دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەری دەقەکە وەڵامدانەوەیەکی باشی نەبێت بۆ دەقەکە.

دەستپێک لە دەقی ئەدەبیدا و بە تایبەت لە ژانرە گێڕانەوەبەندەکاندا گرنگییەکی

زۆری هەیە، چونکە دوای ناونیشان دەبێتە یەکەمین هێڵی بەریەککەوتنی نووسەر و خوێنەر. دەستپێک بە گشتی دوو ئەرکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:

**١.«سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، یا گوێگر و گرێدانی بە دەقەکە.**

**٢.تیلنیشان بۆ بچووکترین ئەو گوتنانەی، کە دەقەکە لەخۆی دەگرێت.»(النصیر،٢٠٠٩: ٢٣-٢٤).**

ئەم دوو ئەرکەش کاریگەری دەنوێنن لەسەر سەرکەوتوویی دەقەکە، بەو واتایەی کاتێک دەستپێک یەکێک لەم ڕۆڵانە فەرامۆش دەکات، کاردانەوەکەی ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت و دەقەکە وەکو شتێکی ناکامڵ خۆی دەنوێنێت و خوێنەر لە یەکەمین هێڵی بەریەککەوتنی لەگەڵ دەقەکەدا هەست بەو بۆشاییە دەکات، کە نووسەر جێیهێشتووە، چونکە دەستپێک وەک هەر پاژێکی دیکەی جەستەی ژانرەکە ڕۆڵێکی تەواوکەری هەیە و«یەکێکە لە گرنگترینی ئەو توخمانەی پێکهاتەی دەقێکی ئەدەبی تەواودەکەن، لەدوای ناونیشان دەستپێک دەبێ بە کلیلی کردنەوەی دەرگایەک، یان زیاتر، کە دەشێ هەنگاوی یەکەم و ڕێگەی یەکەمت لەنێو چەندین ڕێگەی جیاوازی ناو خوێندنەوەی دەقەکە نیشان بدات.»(ئەسوەد،٢٠٠٦: ٤٤).

خوێنەر لە ڕێگەی دەستپێکەوە شۆڕدەبێتەوە ناو قوڵاییەکانی دەقەکە، چونکە«دەستپێک بە یەکێک لە شێوازە زمانییەکان بۆ تێگەیشتن لە دەق دادەنرێت. هاوکات ڕەگەزێکی هونەری بونیادی دەقە.»(مەنتک،٢٠١٨: ١٣). دەستپێک وادەکات هەر لە سەرەتاوە خوێنەر یەکێک لەو ڕێگایانە بگرێتەبەر، کە گونجاون بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە دەستپێک دیاریکەری چارەنووسی دەقەکەیە.»ڕستەی یەکەم بۆ گوتن هەمیشە دەروازەیەکە بۆ فەزایەکی زمانەوانی نوێ»(الیاس،٢٠١٠: ١٧٩). خوێنەر هەر لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمین ڕستەدا چاوەڕوانی ئەوە دەکات، کە شتێکی جیاواز لەوانەی پێشوو بخوێنێتەوە، هەروەک زۆرینەی نووسەرانیش هەوڵدەدەن بە جیاوازترین و باشترین شێوە

دەست بە بەرهەمەکانیان بکەن، چونکە دەزانن، ئەگەر کارێکی وەها نەکەن، ئەوا هەلێکی دیکەیان بۆ رێک ناکەوێت تا وابکەن خوێنەر گیرۆدەی خوێندنەوەی دەقەکەنیان بکەن. لەمبارەوە(ئەدگار ئالان پۆ) دەڵێت:»ئەگەر نووسەر ئەو شتەی، کە لە مێشکیدایە لە یەکەمین رستەدا نەیخاتەڕوو، ئەوا هەر لە هەوەڵین هەنگاودا شکستی هێناوە.» (دولتیان،١٣٨٨: ٤٩). چونکە دەستپێک وەکو دۆزینەوەی سەرەداوێکە رێنوێنی خوێنەر دەکات تا بەدوای شتەکانی دیکەدا بچێت. هەروەک بۆ نووسەریش ئەرکێکی هاوشێوەی هەیە و زۆرینەی نووسەران وێڵن بەدوای دۆزینەوەی دەستپێکێکی باش بۆ چیرۆکەکانیان، چونکە «دەستپێکردنی باش دەتوانێت نووسینی باقیی چیرۆکەکە ئاسانتر بکات، بەڵام دۆزینەوەی رستەکانی دەستپێکی باش کارێکی هەروا ئاسان نییە و لەوانەیە چیرۆکنووسان زۆرترین کاتی خۆیان بۆ دۆزینەوەی دەستپێکی چیرۆک تەرخان بکەن.»(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٢: ٤٧).

کاتێک دێینە سەر دەستپێک لە کورتیلەچیرۆکدا، ئەوا زۆر بە راشکاوانە دەتوانین بڵێین گرنگی دەستپێک لە کورتیلەچیرۆکدا لە تێکڕای ژانرە گێڕانەوەبەندییەکانی دیکە زیاترە، چونکە قەوارەی دەستپێک وەک (ترنتۆیل میسون وایت)دەڵێت:»بە دەگمەن لە پەرەگرافێک تێپەڕدەکات و زۆرینەی کات رستەیەکە».(مجموعة من المؤلفين،١٩٧٨: ٦) ئەمەش وادەکات نووسەر نەتوانێت بە چەند رستەیەکی دووردرێژ، یا پەرەگرافێک خوێنەرەکەی کێش بکات بۆ ناو دەقەکە و مەودایەکی یەجگار کەمی لەبەردەستە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، لەبەرئەوەی»خوێنەری ئەم جۆرە چیرۆکە وەکو کەسێکی لایدە(عابر) وایە، کە دەگاتە سەر رووداوەکە و لەوەی دەیبینێت بەوە دەگات، کە نەیبینیوە و خۆی تەواوی دیمەنەکان بەرجەستە دەکات.»(کولایی و ابوخیلی،١٣٩٣: ٧٩). واتە خوێنەر لە خاڵێکی نزیک لە ناوەڕاستەوە چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە و خوێنەرێکی لەم چەشنە پێویستی بەوە هەیە، کە

زوو پەلکێشی ناو دونیای چیرۆکەکە بکرێت، ئەمەش هەر لە ڕێگەی دەستپێکەوە دەبێت بە تایبەت لەو بارانەی، کە کورتیلەچیرۆک هیچ جۆرە ناونیشانێکی وشەیی نییە.

دەستپێک لە کورتیلەچیرۆکدا یەکەم خشتی خانۆچکەکەیە و پێویستە لە بەرزترین ئاستی دارشتندا بێت و دوور بێت لە شتی زیادە و ناپێویست، چونکە هەبوونی وشەگەلی زیاد، یا وەسفی بێمانا وادەکەن خوێنەر زوو لە چیرۆکەکە بڕەوێتەوە.(هێلیت) لەمبارەوە وا ئامۆژگاری نووسەرانی مینیماڵیست دەکات، کە» دەستپێکی چیرۆک نابێت پێشەکی و شتی لەم چەشنەی هەبێت.»(تەرەغە،٢٠١٣: ١٠٨). واتە نابێت کورتیلەچیرۆکنووس هاوشێوەی کورتەچیرۆک، یا ڕۆمانێک مامەڵە لەگەڵ دەستپێکی ئەم ژانرە بکات، چونکە ئەو زەمینەخۆشکردنەی لە دەستپێکی کورتەچیرۆک و ژانرە گێڕانەوەبەندییەکانی دیکەدا دەبینرێت، بۆ کورتیلەچیرۆک نەگونجاوە. نەک هەر ئەوەندە بگرە دەبێت نووسەر ئەو دەستپێکەی، کە بۆ کورتیلەچیرۆک سازی دەکات زۆر شتی لێ لابدات و لەسەر شێوەی وشەیەک، یا گرێیەک، یا ڕستەیەک، یا چەند ڕستەیەکی چڕکراوە بیخاتە بەردەم خوێنەر، چونکە لەمجۆرە چیرۆکەدا بوار بۆ سەرەتا نییە و دەستپێک تەواوی ڕستە سڕاوە و نەسڕاوەکانی سەرەتا لەخۆی دەگرێت و بە شێوەیەک ئاخنراونەتە ناوییەوە، کە خوێنەر دواتر گریمانەی بکات. ئەمەشە وایکردووە، کە»هەر کاتێک کورتیلەچیرۆکێک بخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەیت لە سەرەتای دەستپێکردنی فیلمێک ئامادە نەبوویتە، یان بڵێین درەنگ چووی بۆ سەیری فیلمەکە و فریای سەرەتاکەی نەکەوتوویت، بەڵام هەر لەگەڵ خوێندنەوەی ڕستەی یەکەم و پەرەگرافی یەکەم لات دەبێت بە دەستپێک و پێشەکی ڕووداوەکە.»(هەمەوەندی، ٢٠٢١: ١٥٢). بەم پێیە ڕستەی یەکەم چەندین ڕستەی دیکەی تێدا توێندراوەتەوە و لەخۆگری کۆمەڵێک کۆدە، کە نووسەر بە مەبەست تێیئاخنیووە تا لەوپەڕی بەرزی و سەرنجڕاکێشیدا دەرکەوێت و کاتێک خوێنەر

دەیخوێنێتەوە دەتوانێت لە ڕێگەیەوە ئەو شتە سڕاوانە بەرهەم بهێنێتەوە، کە نووسەر پێشوەختە سڕیویەتییەوە و ئەم ڕستەیە لەسەر شێوەی تابلۆیەکی ڕێنوماییکەر دەردەکەوێت، کە هەم وێستگەی پێشوو بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە، هەمیش یارمەتیدەدات لە دۆزینەوەی وێستگەکانی دواتر.

( تۆ ما س . ی . بێر نز ) لە با ر ە ی دەستپێکی کورتیلەچیرۆکەوە پێیوایە، کە سەرەتای کورتیلەچیرۆک قورسترین بەشیەتی.»(مجموعة من المؤلفین،١٩٧٨: ١٩). چونکە یەکەمین دەروازەی سەرکەوتن و شکستی نووسەر لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر نووسەر نەتوانێت دەستپێکێکی باش بۆ کورتیلەچیرۆکەکەی فەراهەم بکات، ئەوا هیچ یەکێک لە پارچەکانی دیکەی دەقەکەی ناتوانن قەرەبووی ئەو کێماسییەی بۆ بکەنەوە، کە لە نائامادەیی دەستپێکدا هاتۆتەکایەوە. بە دەربڕینێکی دیکە»دەتوانین دەستپێک بە هێلکەیەکی پیتێنراو بچوێنین، کە لە ڕێگەی پرۆسەی داهێنانەوە دەگۆڕێت بۆ گۆشتپارە و پاشانیش دەگۆڕێت بۆ کیانێکی مرۆیی تەواو و دەست و جەستە و هەناو و بەشەکانی دیکەی بۆ دروست دەبێت و لە کرۆکیدا خوورەوشت و ڕەفتاری دەروونی و هەست و هەڵچوون و بیرۆکەی هەڵگرتووە، جا ئەگەر ئەم هێلکە پیتێنراوە تووشی هەر تێکچوونێک بێت، ئەوا ئەم تێکچوونە ڕەنگدانەوەی بەسەر تێکڕای کیانی داهاتووی دەبێت و دەیشێوێنێت.»(النصیر،٢٠٠٩: ١٨-١٩).

کورتیلەچیرۆکنووسی کارامە دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستپێکی کورتیلەچیرۆکەکەیدا بکات و چ شتێک بۆ دەستپێک هەڵبژێرێت، چونکە سەرکەوتوویی کارەکە تەنیا بەوە نەبەستراوەتەوە، کە دارشتنەکەی سەرنجراکێش بێت، بەڵکو هەڵبژاردن و دۆزینەوەی بابەت و تیمەی دەستپێک هیچی کەمتر نییە لە لایەنە ئیستاتیکییەکەی، دواجاریش ئەو هەڵبژاردنەیە ئەو ئیستاتیکایە دروستدەکات.

دەستپێک لە کورتیلەچیرۆکدا مەودایەکی ئەوتۆی لەگەڵ ناوەڕاستی دەقەکەدا نییە و ئەو مەودا کورتە وایکردووە زۆر جار سنوری نێوان

دەستپێک و ناوەڕاست ناڕوون و تێکەڵ بێت، تەنانەت لە هەندێکباردا بە نەبوون، یا دیارنەبوونی دەستپێک لێکبدرێتەوە. لە ڕاستیدا ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونە نین و پێمان وایە، کە مەرجی هەر کورتیلەچیرۆکێکی باش بوونی دەستپێکێکی باشە، بەڵام وەکو گوترا ئەم دەستپێکە پێویستە لەوپەڕی چڕی و پوختیدا بێت و نووسەر زۆر لەسەری نەوەستێت و ڕاستەوخۆ خوێنەر بەرەو قووڵایی چیرۆکەکە ببات.

(دان مارلۆ) ئەمە بە یەکێک لە تەکنیکە هەرە گرنگەکانی نووسینی چیرۆک دادەنێت و دەڵێت: «ئەوە گرنگە لە سەکۆیەکی بەرزەوە ڕاستەوخۆ باز بدەیتە ناوەڕاستی چیرۆکەوە.»(فرد،١٣٧٧: ٢٠٧).

لە بارێکی وەهادا نووسەر زۆر بەخێرایی بارگۆڕینێک لە خوێندنەوەی خوێنەردا دەهێنێتەکایەوە و ڕێگەنادات هێندە لە چاوەڕوانی بمێنێتەوە و»ڕاستەوخۆ خوێنەر دەخاتە ناوەڕاستی چیرۆکەکەوە، بێ ئەوەی وردەکارییەکانی بخاتە بەردەم، یان ڕێنوێنی بکات.»(اسلام،١٣٨١: ٧). ئەم کردەیەش مەودای نێوان دەستپێک و ناوەڕاست زۆر بەرتەسک دەکاتەوە و وادەکات دەستپێک لە ئاستی سەرەوە و ڕووکەشی زماندا زۆر پوخت دەرکەوێت.

لە کورتیلەچیرۆکدا هیچ مەرجێکی پێشوەختە لەئارادانییە، کە دەستپێک بە سەرەتای ڕوداو دەستپێبکات، نەک هەر ئەمەش بگرە هیچ جۆرە ڕێسایەکی کلێشەگرتوو لەئارادا نییە تا چیرۆکنووس بۆ نووسینی دەستپێکی چیرۆکەکەی سوودی لێوەرگرێت، ئەوەی هەیە وەستاوەتە سەر توانا و کارامەیی نووسەر و هەر ئەمەش دەبێتە یاسای نووسینی دەستپێک، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوپەڕی چڕیتی لە زماندا.

لە دەستپێکی کورتیلەچیرۆکدا نووسەر ناتوانێت شوێنێکی ئەوتۆ بۆ پێشینە و ڕابردووی ڕوداو تەرخان بکات.(ج.دەبلیو.تۆماس) زۆر بە وردی هەڵوەستەی لەسەر ئەم لایەنە کردووە و هۆشداری دەداتە نووسەران بەوەی، کە»نابێت دەستپێکی چیرۆک بریتی بێت لە باسکردنی پێشینە و پێشەکی، هەروەها لەکاتی نووسینی

کورتیلەچیرۆکدا نابێت چەندین لاپەڕە بۆ وەسفکردنی ڕابردووی ڕووداو تەرخان بکرێت.»(پارسی نژاد،١٣٨٢: ٦٠).

**جۆرەکانی دەستپێک لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا:**

دیاریکردنی جۆرەکانی دەستپێک لە کورتیلەچیرۆکدا وەنەبێت هێندە سانا بێت، ئەمەش لەبەرئەوەی وەک پێشتر گوتمان هیچ یاسا و ڕێساگەلێک نییە، کە کۆی کورتیلەچیرۆکنووسان کۆبکاتەوە لەسەر ئەوەی بە شێوەیەکی یەکگرتوو، یا چوونیەک دەست بە چیرۆکەکان بکەن، بۆیە لای هەر چیرۆکنووسێک چەند چەشنێکی جیاوازی دەستپێک دەبینین ئەمەش وادەکات ژمارەی جۆرەکانی دەستپێک زۆر زۆر بێت، هەروەها ئەم جۆرە جیاوازانە، جیاوازییەکانیان وادەکات نەتوانرێت لەژێر سەقفی چەند پۆلێنێکدا کۆبکرێنەوە و لەناو ئەدەبی هەر نەتەوەیەکیش بە چەشنێکە و ئەو پۆلێنەی بۆ ئەدەبێک گونجاوە بۆ ئەوەیتر دەستنادات بۆ نموونە (د.جەمیل حەمداوی) لە توێژینەوەیەکدا زیاتر لە پازدە جۆر دەستپێکی بۆ کورتیلەچیرۆکی عەرەبی دەستنیشانکردووە.(بڕوانە: حمداوی، ٢٠١٣: شبكة الوكة ).ئێمەش سوودمان لە هەندێکیان وەرگرتووە، بەڵام هەندێک لەم جۆرانە تایبەتن بە ڕێزمانی زمانی عەرەبی و بۆ کوردی دەستنادەن.

ئەمە سەبارەت بە کورتی و درێژی دەستپێکیش ڕاست دەکەوێت و ناتوانین درێژی و قەوارە و ڕستەکانی دەستپێکی کورتیلەچیرۆکی کوردی لەگەڵ هی نەتەوەیەکی دیکە بەراوورد بکەین، چونکە بەپێی تایبەتمەندی زمان و سەلیقەی نووسەران و ئیستاتیکای سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەوە هەیە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین هەندێک هێڵی گشتی نێوانیان بدۆزینەوە. هەر چۆنێک بێت هەوڵدەدەین زۆرینەی ئەو جۆرانە دەستنیشان بکەین، کە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا دەرکەوتوون.

**١- دەستپێکی ڕووداویی:** ئەو جۆرە دەستپێکەیە، کە

کورتیلەچیرۆکنووس بە ڕووداو دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات، دەستپێکەکەش زۆرینەی کات لەسەر شێوەی ڕستەیەک دەردەکەوێت. ئەم جۆرە دەستپێکە بەربڵاوترین شێوازە لە نووسینی کورتیلەچیرۆکدا و بە دەگمەن نووسەرێکی کورد دەبینین پەیڕەوی نەکردبێت، بۆیە نموونەکانی ئەم جۆرە یەجگار زۆرن.

لە پۆستەرەچیرۆکی(نە..بوون)ی(ئیسماعیل حەمەئەمین)دا دەستپێکی چیرۆک بە ڕستەیەکی ڕووداوی دەستپێدەکات:

جوجەڵە ڕەشەکە مرداربووەوە... من و برزووە چکۆلانەی برازام سەیری دوا ساتەکانی گیان کێشانەکەیمان دەکرد...»(حەمەمین،١٩٩٢: ٦).

نووسەر لە ڕێگەی تاکە ڕستەیەکەوە، کە ڕاگەیاندنی هەواڵێکە، دەست بە چیرۆکەکەی دەکات و زوو خوێنەر پەلکێشی ڕووداوەکە دەکات و تاوەکو کۆتایی چیرۆکەکەش هەموو ڕستەکانی دیکەی ناو چیرۆک دێن وردەکارییەکانی ئەم مرداربوونە تەواودەکەن.

(هێمن بەرزنجی)لە وردیلەچیرۆکی (درۆکان ڕاستن)دا سوودی لە دەستپێکێکی ڕوداویی وەرگرتووە: «سێ کرێکار لە نهۆمی سێ و حەوتی تەلارەکەوە کەوتنەخوارەوە...»(بەرزنجی،٢٠١٥: ٣٥). وەک دەبینین دەستپێک لەسەر شێوەی ڕاگەیاندنی ڕووداوێک خراوەتە بەردەمی خوێنەر و نووسەر لە ڕێگەی نیشاندانی ڕووداوێکی لەم چەشنەوە خوێنەر پەلکێشی پرۆسەی خوێندنەوە دەکات و وایلێدەکات شوێن وردەکارییەکانی چۆنیەتیی مردنی ئەم سێ کرێکارە بکەوێت.

(موحەمەد کەریم) لە بروسکەچیرۆکی (تاقانە)دا بەڕووداوێکی کاریگەر دەست بە چیرۆکەکەی دەکات:

« ئاخری پیاوەکەی مرد، ئەو پیاوەی بیست و حەوت ساڵی ڕێک لەگەڵ ئەمدا ژیا و ئەم هەرگیز ماچێکی نەکردا!»(کەریم،٢٠١٠: ٢٠٠). دەستپێکی ئەم چیرۆکە ڕاگەیاندنی ڕووداوێکی غەمناکە، ئەویش مردنی پیاوێکە و نووسەر لە ڕێگەی ڕستەیەکەوە ڕوداوەکە ڕادەگەیەنێت و خوێنەریش بە خوێندنەوەی ئەمە


هەواڵنامەی کتێب

ڕاستەوخۆ هەستی کونجکۆڵی لا دەوروژێت و خۆی بە دەقەکەوە گرێدەدات. دواتر نووسەر پێ بەپێ چۆنیەتیی ژیانی تراژیدیانە و خەم و مەراق و مردنی پیاوەکە بە خوێنەر نیشاندەدات، کە لەماوەی ئەو بیست و حەوت ساڵەدا هەیبووە. ئەم دەستپێکە لە خودی خۆیدا کورتکراوەی تەواوی چیرۆکەکەیە و ئەوانەی دوای ئەمە دێن، تەنیا باسکرنی وردەکارییەکانی ڕووداوەکەن.

٢- **دەستپێکی فەزایی:** لەم جۆرە دەستپێکەدا وەکو لە ناوەکەی دەردەکەوێت نووسەر لە ڕێگەی نیشاندانی کات و شوێنەوە خوێنەر پەلکێشی ناو کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات و ئەم جۆرە دەستپێکە بەوە لە دەستپێکی وەسفی جیادەکرێتەوە، کە لەمەیاندا نووسەر نایەت وەسفی کات و شوێنەکەمان بۆ بکات، بەڵکو تەنیا دیارییان دەکات. بە واتایەکی دیکە، لەم جۆرە دەستپێکەدا نووسەر فۆکۆس دەخاتە سەر کات، یان شوێنێک بەبێ ئەوەی وەسفیان بکات، بەڵکو تەنیا ئەو ڕووداوە باسدەکات، کە لەو کات، یا شوێنەدا ڕوودەدات. زۆر جار ئەم دەستپێکە لەسەر شێوەی وشەیەک دەردەکەوێت.

نموونەیەکی ئەم چەشنە دەستپێکە لە پۆستەرەچیرۆکی (...)ی (خێری بۆزانی)دا دەردەکەوێت:

«ل کەرکوک من بێهنا نەفتێ کر، ژ وان پرسیم پا کا نەفت؟ گۆتن: هەر ئەوە یا بێهندکەی.»(بۆزانی،ب،٢٠٢٠: ٩).

لەم پۆستەرەچیرۆکەدا دەستپێک لەسەر شێوەی ڕستەیەکدا دەردەکەوێت، کە نووسەر لە ڕستەکەدا جەختی لەسەر شوێن کردۆتەوە، بەبێ ئەوەی وەسفێکی وردی شوێنەکە بکات، خوێنەر بە بیستنی شوێنەکە کۆمەڵێک گریمانەی نەرێنی و تراژیدی لا دروست دەبێت و دەزانێت ئەو ڕستانەی دوای ئەمە دێن دیوێکی نەرێنیانە و تاڵیان هەیە. (فەرهاد مستەفا) لە پۆستەرەچیرۆکی (کارمەندێکی نوێ لە پارێزەرانی یاسا)دا سوودی لە دەستپێکێکی کاتی وەرگرتووە:

دوێنێ

یاساوڵەکە، تەختەفرۆشی وردەواڵە



فەرهاد مستەفا

فرۆشەکەی شکاند...»(مستەفا،٢٠١٩: ١٠٤). لەم چیرۆکەدا نووسەر هاتووە ئەو ئاوەڵکارەی، کە گوزارشت لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەکات بە تۆختر نیشانداوە و ئاوەڵکارەکەش شوێنی دەستپێکی چیرۆکەکەی گرتووە، چونکە دوای ئەو ڕاستەوخۆ ڕووداوەکە ڕوودەدات و هیچ مەودایەکی ئەوتۆ لەنێوان دەستپێک و ڕووداوەکە نامێنێتەوە.

نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە دەستپێکە لە وردیلەچیرۆکی(دەرهێنەر)ی(قوبادی جەلیزادە)دا دەبینرێت:

«سێ مانگی ڕەبەق خۆی پێوە خەریک کرد، تا وای لێ هات بەتەواوەتی چووە نێو قەپێلک و ناواخنی کارەکتەرە کۆمێدییەکەوە.»(جەلیزادە، ١٩٨٨: ؟). نووسەر لە ڕێگەی جەختکردن لەسەر کاتەوە هەوڵیداوە دەستپێکێکی سەرنجڕاکێش بۆ کورتیلەچیرۆکەکەی دروست بکات، خوێنەر لە ڕێگەی دەستەواژەی(سێ مانگی ڕەبەق) بەرەو ڕوداوەکە دەچێت و حەزدەکات ئەوەی بۆ ئاشکرا بێت، کە چ شتێکە ئەو سێ مانگەی خایاندووە.

**٣- دەستپێکی گێڕانەوەیی:** لەم جۆرەدا نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەستپێک بۆ کورتیلەچیرۆکەکەی دروستدەکات. ئەم چەشنە دەستپێکەش لەناو کورتیلەچیرۆکدا بەکارهێنانێکی باوی هەیە و لای زۆرینەی کورتیلەچیرۆکنووسانی کورد دەبینرێت.

لە وردیلەچیرۆکی (پووچی)ی (قانع خورشید)دا ئەم جۆرە دەستپێکە بەکارهاتووە:

«جارێکیان ڕێوییەکی گەڕ ڕێ هەڵە دەکات و بە نیازی پەیداکردنی پلە گۆشتێکی گەنیو دەچێتە بێشەی گەڵەشێرێکەوە...»(خورشید، ٢٠٢١: ١١٧). نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەوە

هەواڵنامەی کتێب

دەستپێکی چیرۆکەکەی بونیاتناوە و بە وشەی جارێکیان دەستی بە چیرۆکەکە کردووە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەقە گێڕانەوەییەکان، بەتایبەتیش ئەو دەقانەی، کە لەسەر شێوەی چیرۆکی کۆن، یان منداڵان دەنووسران دەستپێکەکەیان بەو چەشنە بوو.

ئەم جۆرە دەستپێکە لە پۆستەرە چیرۆکی (نیتانە)ی (فریا یونسی)یشدا پەنای بۆ براوە:

« شێرەی گازەکەتان کردبۆوە و حەتمەن بیرتان لە چۆنیەتی شەمچە ئەکردەوە. ئاگام لێتان بوو ئاگاتان لە بڵاوبوونەوەی گاز نەبوو...»(یونسی،٢٠١٥: ٨٣). لەم دەستپێکەدا نووسەر سەرەتا لە رێگەی گۆشەنیگایەکی بابەتییانەوە چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە و دواتر گۆشەنیگاکە دەگۆڕێت و گێڕەرەوەیەک دەهێنێت، کە نزیکە لە ڕووداوەکان، بەڵام دەسەڵاتێکی وەهای نییە و ناتوانێت رۆڵێکی ئەوتۆ لە ڕووداوەکەدا بگێڕێت. لەم دەستپێکەدا نووسەر بە مەبەست لە پێناوی ڕاکێشانی خوێنەر لە دەستپێکدا ڕوداوێکی نائاسایی بۆ گێڕانەوە هەڵبژاردووە، ئەمەش وادەکات خوێنەر بە تاسەوە هۆش و هزری بە چیرۆکەکەوە گرێ بدات.

لە وردیلەچیرۆکی (مێ)ی (ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی)شدا دەستپێک لە جۆری گێڕانەوەییە:

« تازە بێوەژن کەوتبوو لە تەنیاییدا نەدەحەوایەوە و دەکەوتە فیکرانەوە، تەنیاییەکە خەمێک بوو تەونی بەدەوریدا کێشابوو و کاری کردبووە سەر هەست و نەستی و بیروهۆشیشی داگرتبوو...»(بەرزنجی،٢٠٠٨: ١٤٥).

نووسەر لە گۆشەنیگایەکی بابەتییانەوە دەست بە چیرۆکەکەی دەکات و بەسەرهاتی بێوەژنێک دەکاتە دەستپێکی چیرۆکەکەی و گێڕەرەوەی هەمووشتزان هەوڵیداوە لە رێگەی باسکردن و خستنەڕووی چۆنیەتی ژیان و بارودۆخی ژنەکەوە، هەر لە دەستپێکدا سەرنجی خوێنەر بۆ لای چیرۆکەکە کێش بکات، بە تایبەتیش لە رێگەی گێڕانەوەی باری دەروونی و هەست و نەستی کارەکتەرەکەوە وایکردووە خوێنەر بە تاسووقەوە هزری کەمەندکێشی دەستپێکەکە

بێت و دوای پاشماوەی چیرۆکەکە بکەوێت.

**٤- دەستپێکی کارەکتەری:** لەم جۆرەدا نووسەر ڕەهەندێک، یا چمکێکی بەسەرهات و ژیانی کارەکتەرەکە دەکاتە دەستپێک و بە وردی جەختی لەسەر دەکاتەوە، یاخود کارەکتەرێکی مێژوویی دەهێنێت، کە لای خوێنەر ناسراوە و لایەنێکی ژیانی باسدەکات. دەشێت لەمجۆرە دەستپێکەدا شتێکی سەرنجڕاکێشی کارەکتەرەکە باس بکرێت، تاوەکو خوێنەر کەمەندکێشی ناو چیرۆکەکە بکرێت. ئەم جۆرە دەستپێکە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا زۆر بە کەمی سوودی لێوەرگیراوە.

لە بروسکەچیرۆکی(یۆبیلی ئەڵماس)دا سوود لە دەستپێکێکی لەم چەشنە وەرگیراوە:

«بەپێی ئەو گێڕانەوەیە بێت، حیبابی خۆشنووس، لە جێگەیەک کە ناوی ئاشکرا نییە، کاریکاتێرەکانی ولیام هۆگارتی بینیوە، لەو سەروەختەوە هێندە کەمەندکێشی ئەو کارانە بووە، بۆ جۆرێک تا هەتایی دەستبەرداری کارە هونەرییەکانی خۆی ببێت، ئەو هونەرەی سۆنگەیەک بوو، بەوەی هاومێزی سوڵتان و ئەعیان و باڵادەستەکانی ناو کۆشک ببێت...»(مستەفا،٢٠١٨: ٥٠). نووسەر لە ڕێگەی فۆکۆس خستنەسەر کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەی و دانەپاڵی ڕووداوێکی سەیر، هەوڵدەدات هەر لە دەستپێکەکەوە خوێنەر بە دەقەکەیەوە گرێ بدات. حیبابی خۆشنووس کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە و بە هۆکارێک، کە لە دەستپێکدا نووسەر باسی دەکات واز لەو ژیانە دەهێنێت، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ژیانێکی شاهانە بووە. لەمەدا نووسەر شارەزایانە پەنجە دەخاتە دیمەنە هەرە گرنگەکەی ژیانی کارەکتەرەکەی و ئەرک و پیشە سەرەکییەکەی بۆ خوێنەر دەستنیشان دەکات و ناوێک دەخولقێنێت، کە بە لای خوێنەرەوە سەرنجڕاکێشە و لەخۆگری مەتەڵێکە، هەر لەوەشەوە خوێنەر هەڵپەی ئەوەیەتی بەدوای وردەکارییەکانی دیکەی ژیانی حیبابی خۆشنووسدا بڕوات.

نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە



هەواڵنامەی کتێب

دەستپێکە بروسکەچیرۆکی (مێردکردن بە مشک)ی (محەمەدعەلی دەستماڵی) یە:

«ئارەش، دۆستی شانۆگەریی من بوو. هەم بۆ خۆی شانۆی دەنووسی، هەم وەکو ئەکتەر ناو و دەنگی هەبوو.چەند خەڵاتی وەرگرتبوو، لە چەند رۆژنامە و گۆڤاردا گفتوگۆی لەگەڵدا کرابوو. بەڵام ئایا ئەمانە بەس بوون بۆ ئەوەی ژیان بەڕێوە ببات و بژێوییەک پەیدا بکات؟...» (دەستماڵی،٢٠٢٢: ١١٨). نووسەر لەم دەستپێکەدا زۆر بە وردی تیشک دەخاتە سەر کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەی و پلەوپایە و کار و چالاکی و بەهرەی ئارەش بۆ خوێنەر دەستنیشان دەکات. ئەو زانیارییانەش یاریدەی خوێنەر دەدەن هەر لەو دەستپێکەوە بزانێت ئەوەی لە داهاتوودا باسی لێوەدەکرێت، وێستگە جیاوازەکانی ژیانی ئەو کارەکتەرەیە، بە تایبەت لەوکاتەی نووسەر لە ڕێگەی ڕێگەی وروژاندنی پرسیارێکەوە گومانێک لە مێشکی خوێنەردا دروستدەکات و کۆتایی بەو دەستپێکە دەهێنێت، خوێنەر یەکسەر پەی بەوە دەبات، کە هەوراز و نشێوییەکی زۆر لە بەسەرهاتەکەدا هەیە.

**٥- دەستپێکی وەسفی:** لەم جۆرە دەستپێکەدا نووسەر بە وەسف دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات و لە ڕێگەی وەسفەوە خوێنەر دەخاتە ناو پرۆسەی خوێندنەوەوە و دەشێت ئەم وەسفە وەسفی شوێن، یا باری دەروونیی و ڕواڵەتیی کارەکتەر بێت. بە شێوەیەکی گشتی دەستپێکی وەسفی ڕێگەیەکی باش نییە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەری کورتیلەچیرۆک، ڕەخنەگرانیش بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەستپێکە لە کورتیلەچیرۆکدا بە کارێکی باش دانانێن و کەمتریش کورتیلەچیرۆکنووسە نوێکان پشت بەو جۆرە دەستپێکە دەبەستن. لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا زیاتر لای ئەو نووسەرانە بەرچاودەکەوێت، کە پێشووتر کورتەچیرۆکنووس بوون و دواتر دەستیان داوەتە کورتیلەچیرۆکنووسین، یاخود ئەوانەی، کە بە شێوەیەکی تەقلیدیانە

کورتیلەچیرۆک دەنووسن پتر سوود لەو دەستپێکە وەردەگرن.

نموونەی ئەم جۆرە دەستپێکە لە بروسکەچیرۆکی (سێوە)ی (محەمەد کەریم)دا دەبینرێت:

«سێوە، لە سێوێکی کاڵ دەچوو، باڵای چەشنی نەمامی دارسێو وردە وردە باڵای دەکرد. چاوانی وەکو گەڵای دارسێو سەوزبوون، کە شەرمی دەکرد هەردوو گۆنای دەبوونە سێوە لاسوورە، مەمکەکانی هێندەی دوو مزرەسێو دەبوون، قسەکانی وەکو شەکرە سێو شیرین بوون، لەگەڵ پەریدا سێوێک بوون و کرابوون بە دوو لەتەوە...»(کەریم،٢٠١٠: ١٨٥). وەک دەبینین نووسەر لە ڕێگەی وەسفێکی وردی ڕواڵەتی کارەکتەری سەرەکییەوە دەستی بە کورتیلەچیرۆکەکەی کردووە و کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی بەژن و باڵا و چاو و مەمک و قسە و ڕەفتاری سێوەوە باس دەکات و خوێنەری لێ ئاگادار دەکاتەوە و هیچ جۆرە زانیارییەک لەبارەی ڕووداو و بەسەرهاتی کارەکتەر لەو دەستپێکەدا ناخاتەڕوو، بەڵکو دەستپێکەکە دەکاتە



ڕەئووف بێگەرد

ڕێگەخۆشکەرێک بۆ چوونەناو ڕووداوە سەرەکییەکە.

نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە دەستپێکە لە بروسکەچیرۆکی (دایک)ی (ڕەئووف بێگەرد)دا بەرچاودەکەوێت:

« چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو، کۆڵانەکە کڕ و سووسەلێبڕاو بوو، جارجارە لە دوورەوە دەنگی غازفرۆشێک دەهات و کزەباکە ئەیبری. بەڵام ڕۆژی ئەو ماڵە لە ڕۆژانی تر نەئەچوو، پەردەکان هەروا دادراوە و پەنجەرەکان داخراوبوون، دەرگای دەرەوەیشی بە پێچەوانەی جارانیەوە نیوەکراوە و چاوەڕێی

میوانـی دەکـرد...» (بێگـەرد،٢٠٠٦: ٣٧٣).

لەم بروسکەچیرۆکەشدا نووسـەر بە شـێوەیەکی ورد لـە ڕێگـەی وەسـفەوە دەسـت بـە کورتیلەچیرۆکەکـەی دەکات. سـەرەتا وەسـفی کات ، ئینجـا شـوێن و فـەزا و ئـەو ماڵـە دەکات، کـە ڕووداوەکـەی تێـدا ڕوودەدات. لـەم جـۆرە وەسـفەدا نووسـەر جۆرێـک لـە بێدەنگـی و هێمنـی فەراهـەم دەکات، تاوەکو کەشـێکی گونجـاو و لەبـار بـۆ ڕووداووەکـە بخوڵقێنێـت و لـە کۆتایـی وەسفەکەشـدا سـەرەداوێک لەبـارەی ڕووداوەکـە بـاس دەکات، ئەویـش ئەوەیـە، کـە کارەکتـەری سـەرەکی بروسـکەچیرۆکەکە چاوەڕوانـی میوانێـک دەکات و ئـەو میوانـەش لـە کۆتایـی چیرۆکەکـە ڕوون دەبێتـەوە، کـە پیاوێکـی هەوەسـبازە.

لـە بروسـکەچیرۆکی( لـە وەڵامـی نامەکەتـا هـەوار گیـان)ی (ڕەشـاد حوسـێن)دا نووسـەر بـە وەسـف دەسـت بـە کورتیلەچیرۆکەکـەی دەکات: «سـەرلەبەیانییەکی جوانـە.. دوای ئـەو زریانـە تووشـەی سـۆزی هەمـوو خۆشەویسـتەکانی کـردە ئاسـن و بـەرد..وا هەسـت دەکـەم منیش ئامێرم بە دوگمە هەڵسوکەوت دەکەم.»(حوسـێن،١٩٩٠: ٦). نووسـەر لـە ڕێگـەی وەسـفکردنێکی وردی کات و هەسـتەکانی کارەکتـەرەوە خوێنـەر دەباتـە نـاو چیرۆکەکـەی و هەوڵدەدات لـە ڕێگـەی ئـەو وەسـفەوە هـەر لـە دەسـتپێکەوە خوێنـەر بـە هەسـت و هەڵچوونـی کارەکتـەری سـەرەکی چیرۆکەکـەی ئاشـنا بـکات.

**٦- دەسـتپێکی حیکایەتـی:** مەبەسـت لـەم جـۆرە دەسـتپێکە ئەوەیـە، کـە کورتیلەچیرۆکنـووس هاوشـێوەی دەسـتپێکی حیکایەتـی فۆلکلـۆری و چیرۆکـی بەرئاگـردان دەسـت بـە کورتیلەچیرۆکەکـەی دەکات و لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی (هەبـوو نەبـوو) خوێنـەر دەخاتـە نـاو چیرۆکەکـەی. ئـەم دەسـتپێکە ئەگەرچـی شـێوازێکی زۆر کۆنـە و کەمتـر لـە کورتیلەچیرۆکـی بیانیـدا سـوودی لێوەرگیـراوە، بـەڵام نووسـەرانی کورد بە ڕاددەیەکی باش بەکاریـان هێناوە و لـەو بارانـەی، کە کورتیلەچیرۆکنووس پەنـا بـۆ دەسـتپێکێکی لـەم چەشـنە

دەبات، کورتیلەچیرۆکەکەی لە حەکایەت نزیک دەکەوێتەوە، بەڵام جیاوازی ڕووداو و چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکە و کورتی وادەکەن لە حیکایەت جیابێتەوە.

ئەم دەستپێکە هەندێکجار بۆ خۆدزینەوە لە سانسۆرە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان سوودی لێوەردەگیرێت، چونکە لە ڕێگەیەوە نووسەر دەتوانێت خۆی بێبەری بکات لەو شتەی، کە باسی لێوەدەکات و بیخاتە ئەستۆی حیکایەتە کۆنەکان.

وردیلەچیرۆکی (سووکتر لە پەڕ)ی (محەمەدعەلی دەستماڵی)نموونەیەکی دیاری بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەستپێکەیە:

«هەبوو نەبوو کابرایەکی خەمۆکی قەڵەوی ٤٤ ساڵان هەبوو، حەزی لە ڕەنگی سەوز دەکرد و شەیدای دەنگی باڵندەکان بوو. بە دەنگی باڵندە زۆر جار دەهاتە سەما، بەڵام لێتانی ناشارمەوە سەماکردنەکەشی خەمۆکانە بوو!...» (دەستماڵی،٢٠٢٢: ٨٠). نووسەر لە ڕێگەی دەستەواژەی (هەبوو نەبوو)ەوە دەستی بە کورتیلەچیرۆکەکەی کردووە، بەڵام دوای هەبوو نەبوو ڕاستەوخۆ چووەتە سەر باسی کەسایەتییەکەی و هیچ کات یا شوێنێکی دیارینەکردووە، کە لە حیکایەتدا زیاتر وا باوە کات و شوێنەکە پێش کەسایەتی دیاریدەکرێت و ئەمەشی لە پێناوی جیاوازی چیرۆکەکە و جیاکردنەوەی لەگەڵ حەکایەتدا کردووە. نووسەر لە ڕێگەی ئەم دەستپێکەوە لێزانانە سەرنجی خوێنەر بۆ کورتیلەچیرۆکەکەی ڕادەکێشێت، چونکە هەندێک ڕەگەزی وەک (حەزی لە ڕەنگی سەوز دەکرد، شەیدای باڵندەکان بوو، سەمای خەمۆکانە) دەبن بە دراوێکی باش تاوەکو هەستی کونجکۆڵی خوێنەر بجوڵێنن و وایلێبکەن پێوەست بێت بە چیرۆکەکە و لەگەڵ ئەمانەدا بڕوات بۆ ناوەڕاستی ڕووداوەکە.

نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە دەستپێکە لە بروسکەچیرۆکی (شێوە) ی(هێمن بەرزنجی)دا بەرچاودەکەوێت:

«هەبوو نەبوو کەس لەخوا باڵادەستتر نەبوو، دوو برای جوولەکە هەبوون، هەردووکیان بە سکێک لەدایک ببوون، برای یەکەمیان چوار خولەک لە برای دووەم گەورەتر

بـوو، بـەڵام وەک هەمـوو منداڵێکـی دووانـە لێکدەچـوون، هیـچ خاڵێکـی جیاوازیـان نەبـوو، هەردووکیـان یـەک جلپـۆش بـوون، بـرای یەکـەم کەمێـک گەورەتـر بـوو، عاشـقی شـێوە جوولەکـە دەبێـت...» (بەرزنجی،٢٠١٥: ٢٨).نووسـەر لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی هەمـان دەسـتەواژەی حیکایەتـە کۆنـەکان دەسـتی بـە چیرۆکەکـەی کـردووە و کارەکتەرەکانـی نـاو بروسـکەچیرۆکەکەی بـە خوێنـەر ناسـاندووە. تـا چیرۆکەکەشـی لـە حیکایـەت جیابکرێتـەوە، لـە دەسـتپێکدا وشـەیەکی سـەردەمیانە و دنیـای مۆدێرنی بەکارهێناوە، چونکە نووسـەر کاتێک دەڵێت یەکەمیان چوار خولـەک لـە بـرای دووەم گەورەتـر بـوو، ئێمـە ڕاسـتەوخۆ هەسـت بـەوە دەکەیـن ئەمـە نووسـینی خـودی نووسـەرە و شـتێکی خەیاڵئامێـزی نوێیـە، نـەوەک حیکایەتێکی کۆن، ئەمـەش لـە ڕێگـەی ئـەو پێوانـەی کاتـەوە دەبێـت، کـە نووسـەر بەکاریهێنـاوە. جگـە لەمانـە خولقاندنـی ئـەو هاوشـێوەییەی نێـوان کارەکتـەرەکان ڕەگەزێکـی سەرسـامکەرە و خوێنـەر بـە تاسـەوە دەیەوێت بزانێت کارەکتـەرەکان چییان بەسـەردێت، بـە تایبـەت دوای ئـەوەی نووسـەر لـە دەسـتپێکدا لچکێکـی ڕووداوەکـە باسـدەکات کاتێـک یەکێـک لـە بـراکان عاشـقی کچـە جولەکەیـەک دەبێـت بەنـاوی شـێوە، ئیتـر مێشـکی خوێنـەر کۆمەڵێـک گریمانـەی بـۆ دروسـت دەبێـت سـەبارەت بـەو ڕووداوانـەی، کـە لـە داهاتـوودا ڕوودەدەن. ئـەم گریمانانـەش ناچـاری دەکەن بـەردەوام بێت لـە خوێندنـەوەی چیرۆکەکـە.

**٧- دەسـتپێکی هەواڵیـی:** لـەم دەسـتپێکەدا نووسـەر لـە ڕێگـەی مانشـێتی هەواڵێکـی ڕۆژنامـە، یـا تەلەڤزیـۆن، یـان دێـڕی نامەیـەک، یـا بەدەستگەیشـتنی پەیام و بروسـکەیەک دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات و ڕاسـتەوخۆ ئـەو ڕسـتە هەواڵییـە دەگوازێتـەوە بـۆ نـاو چیرۆکەکـەی. ئـەم جـۆرە دەسـتپێکە لـە کورتیلەچیرۆکـی کوردیـدا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو پەنـای بـۆ بـراوە و بەشـێک لـە نووسـەران بە مەبەسـتی بەخشـینی سـیمایەکی کاریگـەر بـە

دەسـتپێکی چیرۆکەکەیـان پەنایـان بـۆ بـردووە. یەکێـک لـە لایەنـە باشـەکانی ئـەم جـۆرە دەسـتپێکە ئەوەیـە، کـە نووسـەر هەمـوو شـتێک لەسـەر خـۆی لادەبـات و خـۆی دەباتـە دەرەوەی ئـەو شـتەی، کـە باسـی لێـوەدەکات و دەیگێڕێتـەوە.

(فەرهـاد مسـتەفا)لە بروسـکەچیرۆکی (نامەکـەی گرامشـی)دا سـوودی لـەم جـۆرە دەسـتپێکە وەرگرتـووە:

«لـە لاپـەڕە سـێی ڕۆژنامـەی ژیانـی ناوخـۆیـی، بابەتێـک بـە ناوی»نامەیـەک لـە نامەکانـی گرامشـی بـۆ جولیانـۆی کـوڕی» بڵاوکرایـەوە...» (مسـتەفا،٢٠١٨: ١١٣).

لـەم کورتیلەچیرۆکـەدا نووسـەر لـە ڕێگـەی گواسـتنەوەی سـەرەبابەتێکی نـاو ڕۆژنامەیەکـەوە دەسـت بـە بروسـکەچیرۆکەکەی دەکات و بـۆ سەرنجڕاکێشـانی خوێنـەر سـوود لـە نـاوی کەسـایەتییەکی بەناوبانگی وەک ئەنتۆنیـۆ گرامشـی وەردەگرێـت و هەوڵـدەدات لـەم ڕێگەیـەوە پەرۆشـی خوێنـەر بـۆ چیرۆکەکـە زیاتـر بـکات و بەردەوامـی بـدات بـە پرۆسـەی خوێندنـەوە.

بـە هەمانشـێوە لـە بروسـکەچیرۆکی (شـەرابی کـۆن)ی (محەمەدعەلـی دەسـتماڵی)دا سـوود لـەم جـۆرە دەسـتپێکە وەرگیـراوە: «بەرەبەیانێکـی سـاردی زسـتانی بـوو، پەیـام هـات، لـە هەورامـان، خومێـک شـەراب دۆزراوەتـەوە لانـی کـەم هـەزار و پێنجسـەد ساڵی تەواو بەسـەر تەمەنیدا تێپەڕیـوە. هـەراج دەکـرێ و دەدرێ بـەو کەسـەی زۆرتریـن پێشـنیار بـدات...» (دەسـتماڵی،٢٠٢٢: ٣٩). لـەم دەسـتپێکەدا نووسـەر لە ڕێگەی هاتنی پەیامێکـەوە بابەتێکی سـەرنجڕاکێش بۆ کورتیلەچیرۆکەکـەی دەسـتەبەردەکات و هەوڵـدەدات لـە ڕێگـەی گوێزانـەوە و باسـکردنی ئـەم پەیامـەوە نیگای خوێنـەر بـۆ خوێندنـەوەی چیرۆکەکەی کێـش بـکات. نووسـەر شـارەزایانە هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ دەسـتپێکی چیرۆکەکەیـدا کـردووە و بابەتێکـی وای بـۆ هەڵبـژاردووە، کـە خوێنـەری دەقەکـە بـە ئارەزوویێکـی زۆرەوە بەدوایـدا بچێـت و بەشـەکانی دیکـەی تـەواو بـکات.

(ڕەئووف بێگەرد) یەکێکی دیکەیە لەو نووسـەرانەی، کـە لـە وردیلەچیرۆکـی

(خەو)دا پەنای بۆ دەستپێکێکی لەم جۆرە بردووە: «هەواڵە ناخۆشەکە بەمجۆرە بوو:»شەمەندەفەرێک لە پایەختەوە بەڕێوەیە، دەیانەوێت گردی شەهیدانی لێ باربکەن و بەرەو بیابانی بەرن...(بێگەرد،٢٠٠٦: ٥٤٦). نووسەر لە دەستپێکدا هەواڵێکی گواستۆتەوە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە سەرچاوەیەکەوە پێیڕاگەیەندراوە، بەڵام سەرچاوەی هەواڵەکە دیار نییە و نووسەریش خۆی لێ نەبان کردووە. لایەنێکی کاریگەری دەستپێکێکی لەم چەشنە ئەو دیوە ڕەمزییەیە، کە وایکردووە فانتازیایەک باڵ بەسەر ڕستە هەواڵییەکەدا بکێشێت، چونکە خوێنەر دەزانێت، کە شەمەندەفەر گردی لێ بارناکرێت تا بەرەو بیابان ببرێت، بەڵکو مەبەستی نووسەر لەمەدا ئەو تاڵانی و بێڕێزییەیە، کە دەسەڵاتی ناوخۆیی بەدرێژایی تەمەنی خۆی هاوشێوەی ڕژێمە سەرکوتکەرەکان دەرهەق بە هاوڵاتیانی زیندوو و مردووی خۆی کردووە.

(عەبدوڵڵا سەڕاج)یش لە وردیلەچیرۆکی (پەڵەیەکی لیخن)دا ئەم جۆرە دەستپێکەی بەکارهێناوە: «ئەو ڕۆژە لە ڕۆژنامەیەکدا نووسرابوو کە: {منداڵێک لە برسانا مردووە}...» (سەڕاج،٢٠٠٧: ١٩٣). وەک دەبینین نووسەر هەواڵی ڕۆژنامەیەکی وەرگرتووە و کردوویەتی بە دەستپێکی چیرۆکەکەی.

**٨- دەستپێکی خەونئامێز:** مەبەست لەمجۆرە دەستپێکە ئەوەیە، کە نووسەر لە ڕێگەی باسکردنی خەونێکەوە دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات. ئەمجۆرە دەستپێکە یەکێکە لە شێوازە نوێکان و چیرۆکنووس لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ڕووداو و شتگەلی سەیروسەمەرە بخاتە سەرەتای کورتیلەچیرۆکەکەی. بە واتایەکی دیکە، لە ڕێگەی پشتبەستن بەم جۆرە دەستپێکەوە دەتوانێت هەندێک شتی ناماقووڵ، کە ئەگەری بوون و ڕوودانیان کەمە، یاخود لە دنیای واقیعدا نابینرێن پێشکەش بە خوێنەر بکات بەبێ ئەوەی خوێنەر لێی بگرنجێت و تانەی ناواقیعبوونی لێبدات، نەک

هەر ئەوەندە بگرە بە یەکێک لەو ڕێگا باشانەش هەژماردەکرێت، کە یارمەتیدەرە بۆ وروژاندنی هۆش و هەستی خوێنەر.

کورتیلەچیرۆکنووسانی کورد، بە تایبەت نووسەرانی دوای ڕووخانی ڕژێم، بە ڕاددەیەکی باش سوودیان لەمجۆرە دەستپێکە وەرگرتووە.(قانع خورشید) لە وردیلەچیرۆکی (بەهەشت) دا ئاوا دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات:» خەوتبووم، لە خەومدا چووبوومە بەهەشت، بۆنێکی یەکجار دڵڕفێن، دیمەنێکی بێحەد دڵگر، ئاوی زوڵاڵ، ئاسمانی ساف، چریکەی بولبول، شنەی فێنک... نەمدەزانی بە چی گەیشتووم بەم مەقامە؟!...» (خورشید،٢٠٢١: ٧١). نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەی خەونێکەوە دەستپێکێکی بۆ چیرۆکەکەی بونیاتناوە. خەونێک، کە ئارەزوویێکی دێرینی هەموو مرۆڤێکە و خوێنەریش بە شەوقەوە ئاوێتەی دیمەنەکانی ئەم دەستپێکە دەبێت و لەگەڵی دەڕوات تاوەکو بزانێت کارەکتەر بە چ هۆیەک گەیشتووە بەو شوێنە یۆتۆپییە.

نموونەیەکی دیکەی ئەم دەستپێکە وردیلەچیرۆکی(زیندەخەون)ی(ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی)یە:

«لە زیندەخەونەکەمدا مردبووم، لەناو دارەمەیتێک و لە مزگەوتێکدا دایاننابووم تا قەبر ئامادە دەبێت.. لە نێوان چاوەڕوانی تەواوبوونی قەبرەکە هەندێک لە ئامادەبوانی ناشتنم بە هەنجەتی نەخۆشی و کارێکەوە بۆی دەخزین و مزگەوتیان چۆڵدەکرد و بەجێیاندەهێشتم، تەنها دۆست و هاوەڵە ڕاستەقینەکانم مابوونەوە، ئەوانیش بەنۆرە شانیان دەکردە بن دارمەیتەکە و فرمێسکی ئەمەکدارییان دەهاتەخوارێ...»(بەرزنجی،٢٠٠٨: ١٢١). قسەکردنی مردوو لە دنیای واقیعدا کارێکی ناماقووڵ و نەشیاوە، چونکە لەڕووی لۆژیکەوە ئەو توانایەی نییە، بەڵام نووسەر لە ڕێگەی زیندەخەونەوە هاتووە مردوویێکی بەقسەهێناوە و کردوویەتی بە دەستپێکی چیرۆکەکەی، لەو ڕێگەیەشەوە خوێنەری پەلکێشی ناو چیرۆکەکەی کردووە و لە ڕێگەی ئەو خەونەوە جۆرە قەناعەتێکی وای بۆ خوێنەر دروستکردووە، کە ئەگەری بوونی شتێکی وا ئاسایی و شیاوە.

(فەرهاد مستەفا) لە بروسکەچیرۆکی (خەونکوژ)دا بەم جۆرە دەست بە چیرۆکەکەی دەکات:

«کیژەکە بەر لە خۆکوشتنی، خەونی بینی. لە خەونەکەیدا زیپکەیەک بە لارووەمەتیەوە بوو. چەند بە خەمبوو، تا ڕوخساری ناشرین دەرنەکەویت...» (مستەفا،٢٠١٥: ٣٢). لەم دەستپێکەدا نووسەر لە ڕێگەی خەونەوە هەوڵدەدات دیوە تاریکەکانی ژیانی کەسێک بە شێوەیەکی ڕەمزی دەرببڕێت و سەرەتا دێت ئەوە بە خوێنەر ڕابگەیەنێت، کە کارەکتەر لە کۆتاییدا دەمرێت، بەڵام دواتر دێت خەونی بەر لە خۆکوشتنەکەی دەگێڕێتەوە ئەمەش تەکنیکێکە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بۆ ناو دنیای چیرۆکەکە، چونکە خوێنەر دەکەوێتە ئەو گومانەی، کە ئەو خەونەی نووسەر دەیگێڕێتەوە پێوەندی بە خۆکوشتنی کارەکتەرەکەوە هەیە، بۆیە خەونەکە وەکو جۆرە ڕەمز و لوغزێک سەیردەکات و هەوڵدەدات پلە بە پلە لەگەڵ چیرۆکەکەدا بڕوات، تاوەکو بتوانێت گرێکانی ئەم ڕەمزە بکاتەوە.

(خەبات ڕەسووڵی) لە بروسکەچیرۆکی (نیو کاتژمێر چیرۆک) پشتی بەم جۆرە دەستپێکە بەستووە:

«ئەگەر حەزدەکەی بزانی ئەو چیرۆکە لە کاتژمێر چەندا خوڵقاوە، پێت دەڵێم سەعات(١٢) یە و من لە جێدام، خەریکە خەون دەبینم...»(ڕەسووڵی،٢٠٠٧: ٢٢). نووسەر هەر لە سەرەتاوە خوێنەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەو شتەی باسی لێوەدەکات خەونێکە و زۆر بە وردی کات و شوێنی خەوبینینەکە دیاریدەکات و دوای ئەم ڕوونکردنەوەیەش ڕاستەوخۆ نووسەر دەچێتە سەر گێڕانەوەی خەونەکە و بەو گێڕانەوەیەش خوێنەر دەباتە ناوەڕاستی چیرۆکەکە.

٩- **دەستپێکی دیالۆگیی:** وەک لە ناوەکەی دەردەکەوێت نووسەر لە ڕێگەی دیالۆگەوە دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات. ئەمجۆرە دەستپێکە یەکێکە لە تەکنیکە هەرە بەربڵاوەکانی نووسینی دەستپێک و لە کورتیلەچیرۆکی نوێدا زۆر بەکاردێت،

بە هەردوو جۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە و زۆرینەی جاریش نووسەر ناوەڕاست و کۆتاییش هەر لە ڕێگەی ئەو دیالۆگەوە بونیات دەنێت، بەڵام لە هەندێکباردا تەنیا دەستپێک بە دیالۆگ دەستپێدەکات. کورتیلەچیرۆکنووسانی کورد بە شێوەیەکی فراوان سوودیان لەم جۆرە دەستپێکە وەرگرتووە و دەتوانین نموونەی ئەم جۆرە دەستپێکە لای زۆرینەی نووسەرانی کورد بدۆزینەوە.

(هیمداد حوسێن) لە وردیلەچیرۆکی (بەڵێن)دا لە ڕێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆوە دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات:

«–ئەلوو، کاک...

–بەڵێ، فەرموو.

–(...) قسەت لەگەڵ دەکات.

–چۆنی قوربان، لە چیایت، ئەمە دەنگت نییە؟ خۆت سەرێکمان نادەیت؟

– هەندێ شتم بەدەستەوە بوو، بە نیسبەت شیعرەکەمەوە، چی بەسەر هات؟

– لە ژمارەی هەفتەی داهاتوو دەبێ.

– زۆر سوپاس...» (حوسێن،١٩٨٨: ٩٦). وەک دەبینین نووسەر گفتوگۆی دوو کارەکتەری لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە کردووە بە دەستپێکی چیرۆکەکەی بێ ئەوەی هیچ یەکێک لەو کارەکتەرانە ناویان بێت، یان وەسفبکرێن، بەڵام نووسەر لەگەڵ داخستنەوەی تەلەفۆنەکە کۆتایی بەو دەستپێکە دەهێنێت و بە شێوازی گێڕانەوە دەچێتە سەر ناوەڕاستی چیرۆکەکەی.

نموونەیەکی دیکەی ئەمجۆرە دەستپێکە لە بروسکەچیرۆکی (قریشکەی با)ی (فەرهاد مستەفا)دا بەرچاودەکەوێت:

«دادوەرەکە لێی پرسی: «ساڵی لەدایکبوونت؟»

شیعرەکە، «بە دروستی نازانم»

دادوەرەکە وتی، «بەر لە کودەتا، یان دوای کودەتا؟»

شیعرەکە،»نا نا، دوای کودەتا.»

دادوەرەکە،»بیبەن»...(مستەفا،٢٠١٨: ٢٥). نووسەر لە ڕێگەی گوێزانەوەی گفتوگۆی نێوان شیعرێک و دادوەرێک دەستپێکی کورتیلەچیرۆکەکەی

بونیاتناوە و بە وشەی بیبەن کۆتایی بە دەستپێکەکە هێناوە.

**١٠- دەستپێکی نمایشی:** ئەمجۆرە دەستپێکە هاوشێوەی دەستپێکی نمایشی شانۆییە و نووسەر ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی گوزارەی (پەردە هەڵدرایەوە) دەست بە چیرۆکەکەی دەکات و لە ڕێگەی دانانی یەکێک لە نیشانەکانی خاڵبەندییەوە دەچێتە سەر وردەکارییەکانی چیرۆکەکە. لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا ئەمجۆرە دەستپێکە کەم سوودی لێوەرگیراوە.
(کەمال سەعدی) لە وردیلەچیرۆکی (شانۆگەرییەکی سەرنەکەوتوو) دا سوودی لەم جۆرە دەستپێکە بینیوە: «دوای جاڕدان و بانگەشە بۆکردنێکی زۆر، پەردە لەسەر شانۆ هەڵدرایەوە... جەماوەرێکی یەکجار زۆر لە هونەردۆستان دانیشتبوون... شانۆگەرییەکە پێشکەشکرا...» (سەعدی، ٢٠٢٠: ١٣٧). ئەم دەستپێکە لە دەستپێکی یەکێک لە دیمەنەکانی ناو شانۆ دەچێت، کاتێک شانۆنامەنووس لە سەرەتاوە ئاماژە بە هەڵدانەوەی پەردەی دیمەنەکە دەکات و خوێنەری لێ ئاگاداردەکاتەوە، لێرەشدا نووسەر هەوڵیداوە لەسەر ئەم شێوازە خوێنەر بەرەو دنیای چیرۆکەکەی کێش بکات و بیخاتە ناو پرۆسەی خوێندنەوەوە.

**١١- دەستپێکی شێوەکارییانە (التشكيلية):** لەمجۆرە دەستپێکەدا نووسەر لە ڕێگەی نیشاندانی تابلۆیەک، یا وێنەیەک، یا نەخشەیەک دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات. ئەمجۆرە دەستپێکە زیاتر لەناو کورتیلەچیرۆکنووسانی دەیەی هەشتاکاندا بەدیدەکرێت و کەمتر لە کورتیلەچیرۆکی هاوچەرخدا سوودی لێوەرگیراوە. دیاریکردنی ئەمجۆرە دەستپێکە کارێکی سەخت و دژوارە، چونکە جاری وا هەیە سەرەتا و ناوەڕاست و بگرە کۆتایی چیرۆکەکەش بە شێوەیەکی وەسفی دەبێت و نووسەر هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆ دانانێت تا خوێنەر ئەو بەشە جیاوازانەی چیرۆکەکە لێکبکاتەوە، هەر خودی پرۆسەکەش وا دەخوازێت، کە چیرۆکەکە بەم شێوەیە بێت، چونکە نووسەر وێنەیەک یا نیگارێک باس دەکات و ئەو وێنە و نیگارەش

کۆمەڵێک وردەکاری تێدایە.

پۆستەرەچیرۆکی (بەهاری دزراو)ی (هیمداد حوسێن) نموونەی ئەم جۆرە دەستپێکەیە:

«لەسەرووی تابلۆکەدا زنجیرە شاخێک تێکهاڵاون، ئەو دەشتە سەوز دەچێتەوە، کوندەبۆیەک لەسەر کەلاوەیەکی وێرانە هەڵنیشتووە...» (حوسێن،١٩٨٨: ٩١).

وەک دەبینین نووسەر لە ڕێگەی نیشاندانی دیمەنەکانی ناو تابلۆیەک دەستی بە پۆستەرەچیرۆکەکەی کردووە و دەستی خوێنەری بۆ نێو دەقەکەی ڕاکێشاوە. تاوەکو کۆتایی چیرۆکەکەش لەسەر هەمان ئاواز دەڕوات و باسی وردەکارییەکانی ناو ئەم تابلۆیە دەکات.

نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە دەستپێکە وردیلەچیرۆکی (سەوز)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)ە:

«نیگارەکەی نایە بەردەستم. چەند ئەستێرۆکەیەک، هەر وەکو لە کونی کراسە شرێکی خامەکەوە سەرەتاتکێ بکەن.چوار داری شین بە داربەڕوو دەچوون. زەوییەکی بەیار وەک زەردێنەی هێلکە...»(سەڕاج،٢٠٠٧: ٢٦٢)

لەم چیرۆکەدا نووسەر لە ڕێگەی باسکردنی نیگارێک دەستی بە کورتیلەچیرۆکەکەی کردووە و پێ بە پێ دەستی خوێنەری گرتووە تا شتەکانی ناو نیگارەکەی پێ نیشان بدات. لەم دەستپێکەدا خوێنەر بەشە هەرە گرنگەکەی وردیلەچیرۆکەکەی دەستکەوتووە، کە دیمەنەکانی ناو تابلۆکەیە.

**١٢- دەستپێکی پرسیاریی:** لەم جۆرەدا دەستپێک لە ڕێگەی پرسیارێکەوە بونیات دەنرێت. دەشێت ئەم پرسیارە ڕستەیەک، یا چەند ڕستەیەک بگرێتەوە. ئەم جۆرە دەستپێکە گرنگییەکەی لەوەدایە، کە هەندێک جار هەر لە سەرەتاوە نووسەر دەیەوێت مێشکی خوێنەر بە پرسیارێکەوە سەرقاڵ بکات و هۆش و خەیاڵی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەوە بێت. نموونەی ئەم جۆرە دەستپێکە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا زۆرە و دەتوانین بروسکەچیرۆکێکی وەک(جارەسی فام)ی(فریا یونسی) وەرگرین. لەم چیرۆکەدا نووسەر لە

ڕێگەی ڕستەی(ئێستا ببێت یا نەبێت؟) (بڕوانە:یونسی،٢٠١٥: ٣٣). دەستی بە بروسکەچیرۆکەکەی کردووە. ئەم دەستپێکە لە شێوەی پرسیارێکی سەرسوڕهێنەردایە و خوێنەر هەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا شتێک لە مێشکیدا چەکەرە دەکات، ئەویش(چ) یە. بە واتایەکی دیکە خوێنەر بەدوای وەرگرتن، یا هەڵهێنجانی وەڵامی ئەوەیە، کە چ دەبێت، یا نابێت.

نموونەیەکی دیکەی ئەم دەستپێکە لای (سارا سادقزادە) و لە بروسکەچیرۆکی (تا نیو سەعاتی دیکە)دا دەبینرێت: «پێتوایە من کێم؟ پێغەمبەرم؟! تازە ئەگەریش بم هەر ئینسانم تۆ پێتوایە ئینسان تا چەندە دەتوانێ خۆی جیا کاتەوە؟ ئەگەریش نەتەوێ دەتکەنە ڕەنگی خۆیان...» (سادقزادە،١٣٩٧: ٧٣). دەستپێکێکی لەم چەشنە، کە کۆمەڵێک پرسیار ڕووبەڕووی خوێنەر دەکاتەوە، لەتوانایدایە زۆر ئەگەر لە مێشکی خوێنەردا دروست بکات، چونکە خوێنەر هەر لە سەرەتاوە بە ئاسانی شتەکانی دەستگیر نابێت و نووسەر لە ڕێگەی وروژاندنی کۆمەڵێک پرسیاری نادیارەوە گەمەیەکی وای لەگەڵ دەکات، کە نەتوانێت ڕاستەوخۆ لە شتەکان بگات. ئەو نەتوانینەش پاڵی دەنێت لە خوێندنەوە بەردەوام بێت تا وەڵامی پرسیارەکانی چنگ بکەوێت.

**١٣- دەستپێکی سڕاوە:** لەم جۆرە دەستپێکەدا نووسەر لە ڕێگەی سڕینەوەی بەشێک لە ڕستەکانی دەستپێک دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات و لەبری کەرەستە سڕاوەکان سێ خاڵ دادەنێت. ئەم جۆرە دەستپێکە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا زیاتر لای ئەو چیرۆکنووسانە دەرکەوتووە، کە لەسەر بنەمای تەکنیکە هاوچەرخەکان، کورتیلەچیرۆک دەنووسن.

(فەرهاد مستەفا) یەکێکە لەو کورتیلەچیرۆکنووسە کوردانەی، کە زۆرترین جار ئەم جۆرە دەستپێکەی لە کورتیلەچیرۆکەکانیدا بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە بروسکەچیرۆکی (تەنیایی)دا بە ڕستەی (ئەگەر.. ئەو(٢٠سم)ە، ببڕم.....) (مستەفا،٢٠١٢: ٩٤)دەستی بە کورتیلەچیرۆکەکەی

کـردووە. ئـەم دەسـتپێکە لـە شـێوەی ڕسـتەیەکی لێکـدراوی مەرجیـدا دەرکەوتـووە، کـە بەشـی یەکەمـی ڕسـتەکە دەرکەوتـووە و بەشـەکەی تـر سـڕاوەتەوە. ئـەو سـڕانەوەیەش بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی لێڵـی و نادیـاری واتایـی. لـە سـەرەتادا نووسـەر لـە ڕێگـەی ئـەم سـڕینەوەیە هۆشـی خوێنـەر بەلاڕێدەبات، خوێنـەر لـە خوێندنـەوەی سـەرەتای(٢٠سـم) دا بیـری بـەرەو تابووێکـی سـێکسـی دەڕوات و بـەو هیوایەشـەوە شـوێن ڕێچکەکـە دەکەوێـت تـا وەڵامـی ئەمـە وەربگرێـت، بـەڵام دواتـر بـۆی ڕووندەبێتـەوە ئـەوەی ئـەو بیـری لێکردۆتـەوە دوورە لـەوەی، کـە لـە کۆتایـی چیرۆکەکـەدا دەردەکەوێـت.

هەر(فەرهـاد مسـتەفا) لـە پۆسـتەرەچیرۆکی (یەختەسـار) دا بـە سـڕینەوە دەسـت بـە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات: (... مێگەل و گایەلـەکان بـەرەو باشـوور داگـەڕان. پیـاوەکان بـە ئاراسـتەی ڕۆژهـەڵات. ئافـرەت و پیرەمێـرد و زارۆکـەکان ڕووەو باشـوور...). (مسـتەفا،٢٠١٥: ٥٦). لـە بارێکـی وەهـادا خوێنـەر بـە هاتنـی ڕسـتەکانی دوای ڕسـتە سڕاوەکان دەلالەتێکی قووڵی تراژیدی هەڵدەهێنجێت، کـە نووسـەر لەبـەر گەورەیـی کارەسـاتەکە نەیویسـتووە بـە وشـە دەریببڕێـت و بـۆ خوێنـەری جێهێڵاوە، تا خۆی وێنای ئەوە بکات، کـە چـۆنماڵوێرانـی و ڕشـەکوژییەکی وا بەسـەر گەلەکەیـدا هاتـووە.

(سـارا سادقزادە) لە بروسکەچیرۆکی (پـاش پـەردە)دا لـە سـەرەتادا ئـاوا دەسـت بـە کورتیلەچیرۆکەکـەی دەکات. «-تـۆ بیسـتووتە؟! دەڵێـن پـوورە بێگـەرد...» (سـادقزادە،١٣٩٧: ١٢). نووسـەر لـە ڕێگـەی سـڕینەوەی بەشـێک لـە کەرەسـتەکانی ڕسـتەی دەسـتپێک، دەسـت بـە کورتیلەچیرۆکەکـە دەکات، ئەمـەش لـە پێنـاوی بزواندنـی هەسـتی کونجکۆڵـی خوێنـەر کـراوە، ئـەو کەرەسـتەیەی سڕاوەتەوە پاڵ بە خوێنەرەوە دەنێت، کـە هـزر و هۆشـی بەکاربهێنێـت بـۆ دۆزینـەوە و هەڵهێنجانی ئـەو واتایـەی نووسـەر بـە مەبەسـت لـە دەسـتپێکدا شـاردوویەتییەوە.

بـە هەمـان شـێوە (عەزیـز مەحموودپـوور) لـە کورتیلەچیرۆکـی

هەڵەبجەیی کتێب

(ململانەیەکی فەلسەفی)دا سوودی لەم جۆرە دەستپێکە بینیوە. لەم کورتیلەچیرۆکەدا نووسەر لە ڕێگەی ڕستەی(دەڵێ: بێتوو ئەمجارە دایڕێژم دەبێ وەهای...). (مەحموودپوور،١٣٩٨: ١٠٤).نووسەر بەشێکی گرنگی کەرەستەکانی ڕستەی دەستپێکی بە سڕاوەیی جێهێشتووە، ئەم سڕینەوەیەش خوێنەری والێکردووە بەدوای چۆنیەتیی دارشتنەوەی ئەو شتەدا عەودالّ بێت، کە نووسەر لەکۆتایی وشەی(وەها)دا بە بۆشایی جێیهێلاوە.

**١٤- دەستپێکی فانتازی:** مەبەست لەم جۆرە دەستپێکە ئەوەیە، کە نووسەر لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە ڕووداوێکی فانتازی، یا کارەکتەرێکی سەرووی واقیع، یا بابەتێکی ئەفسانەیی دەست بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەکات و شتێکی خەیاڵیی وا دەهێنێتەوە، کە لە واقیعدا ئەگەری ڕودانی ئەستەم بێت بەمەش هەستی سەرسوڕمانی لای خوێنەر دەوروژێنێت.

بونیاتنانی ئەم جۆرە دەستپێکە لەڕووی هونەرییەوە کارێکی سەختە، ئەمەش وایکردووە ڕێژەی بەکارهێنانی لای کورتیلەچیرۆکنووسانی کورد کەم بێت، هەروەها ئەم جۆرە دەستپێکە پێویستی بەوە هەیە، کە ژمارەی وشەکانی کورتیلەچیرۆک لەسەرووی سەدوپەنجا وشەوە بن، چونکە هێنانی ڕوداوێکی وەها لە چوارچێوەی یەک، یا دوو ڕستەدا شێوەگیر نابێت و پێویستی بەوە هەیە نووسەر لەسەری بوەستێت.

(ڕەحیم عەبدولڕەحیمزادە) لە بروسکەچیرۆکی (لە دەفتەری یادداشتەکانی کارمەندێکی سادەی فەرامۆشکراو)دا بە ڕووداوێکی فانتازی دەستی بە کورتیلەچیرۆکەکەی کردووە: «ئەو ڕۆژەی ژنەکەم با بردی ئێمە لە هەموو ڕۆژێک کەیف سازتر بووین. توند دەستی یەکتریمان گرتبوو، لە شەقام پیاسەمان دەکرد و باسی هەموو شتێکمان دەکرد کە لەپڕ بایەکی توند هەڵیکرد. ئێمە تەنانەت بەو بایەش پێکەنینمان دەهات کە هەستمکرد ژنەکەم خەریکە لە عەرز جیادەبێتەوە. سەرەتا هێندێک بەرز

بۆوە و دواتر تەواو چووە سەرێ من توند دەستیم گرتبوو و ئەو وەکو کۆلارەیەک بەدەستمەوە دەشەکاوە...» (عەبدولرەحیمزادە،١٣٩٥: ٩٠). نووسەر بابەتی فڕینی مرۆڤی کردووە بە دەستپێکی کورتیلەچیرۆکەکە، ئەم بابەتە خەونی لەمێژینەی مرۆڤە و هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە ئامرازێک بدۆزێتەوە تا پێی بفڕێت، هەرچەندە لە واقیعدا شتێکی ناکردەنییە مرۆڤێک بە هۆی باوە بفڕێت، بەڵام نووسەر لە ڕێگەی دەستپێکێکی وەهاوە لێزانانە توانیویەتی خەیاڵی خوێنەر بەرەو ڕووداوە فانتازییەکە بوروژێنێت و توند بە کورتیلەچیرۆکەکەی گرێی بدات، بۆیە خوێنەر هەنگاو بە هەنگاو پەرۆشی ئەوەیە بزانێت کارەکتەرە سەرەکییەکە چی بەسەردێت.

(قانع خورشید)لە بروسکەچیرۆکی (ناخ)دا سوودی لە ڕووداوێکی فانتازی وەرگرتووە بۆ دەستپێکی چیرۆکەکەی: «حەکیمێک ئاوێنەیەکی سەیری دروستکرد، خستییە نێو چوارچێوەیەکەوە و بردییە گوندێک، پێی نەگوتن ئاوێنەیە، ئەوەیشی لێ شاردنەوە ئەم ئاوێنەیە وەهایە، هەر کەسێکی لێی بڕوانێت حەقیقەتی خۆی تێدا دەبینێت، یا ڕاستتر بڵێم وێنەی ئەو کەسە یا ئەو شتەی تێدا بەرچاو دەکەوێت وا سەراپا گیان و بوونی داگرتووە...»(خورشید،٢٠٢١: ٨٥). نووسەر ڕووداوێکی فانتازی وای هەڵبژاردووە، کە خوێنەر هەر بە بیستنی حەزی پێدەکات و دەیەوێت بزانێت لە وێستگەکانی داهاتووی چیرۆکەکەدا ئەم ئاوێنەیە چ کارێکی سەیروسەمەرە دەکات، چونکە لەم دەستپێکەدا نووسەر ئەوەی نەشاردۆتەوە، کە ئاوێنەکە هەڵگری تایبەتمەندییەکی سەیرە، ئەویش نیشاندانەوەی حەقیقەتە، یان بینینی ئەو شتەیە، کە ناخی مرۆڤی داگرتووە. ئەم دەستپێکە وایکردووە خوێنەر پتر خۆی بە دەقەکەوە بلکێنێت و دەستبەرداری نەبێت، هەروەک بە هۆی ئەم دەستپێکەوە کۆمەڵێک گریمانە لە هزر و خەیاڵی خوێنەردا گەڵاڵە دەبن، چونکە ئەم دەستپێکە وایلێدەکات ئامادەکاری بۆ ئاوێنە بکات تا لە بەشەکانی دیکەی چیرۆکەکەدا هەندێک لە شتە سەیر و سەمەرەکانی دەربخات.

نموونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە دەستپێکە لە بروسکەچیرۆکی (خاڵی ونی گێڕانەوەیەک)ی (فەرهاد مستەفا)دا دەردەکەوێت: «گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەو شوێنەوە دەستپێدەکات... کە» درنجی بیابان لە دۆزینەوەی ئاو، هێندە شەکەت بوو، تا فێری جنێودان بوو. بە بارتەقای فریوی سەرابەکان، بە گریان ئاشنا بوو. درنج نەیدەزانی مردن چییە، لە خۆکوشتن چ هەواڵێکی نەبیستبوو. دەگریا، تا ئەوەی نووزەکانی فێریان کرد، چی تر هەنگاو نەنێت...» (مستەفا،٢٠١٥: ٨٨). نووسەر بۆ بنیاتنانی دەستپێکەکەی سوودی لە کارەکتەرێکی خەیاڵی وەرگرتووە، ئەویش درنجە، کە لەناو حیکایەتە کۆنەکاندا بوون و ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە. لە هزر و خەیاڵدانی هەر خوێنەرێکیش، کە لە منداڵیدا گوێبیستی چیرۆک و حیکایەتی فۆلکلۆری بووبێت، درنج خاوەن هێز و توانایەکی سەیرە و کاری سەمەرە و سەرسوڕهێنەر ڕادەپەڕێنێت، بەڵام لەم دەستپێکەدا نووسەر درنج لەو کارانە دادەماڵێت و وا نیشانی دەدات، کە هێزەکەی لێسەندراوەتەوە و تووشی نەهامەتییەکی زۆر بووە. ئەمەش دەبێتە گرێیەک لەسەر دڵی خوێنەر، چونکە ئەو خوێنەرێکە بەوە ڕانەهاتووە، کە درنج هێندە بێدەسەڵات و بێتوانا بێت، نەتوانێت تینوێتی خۆی بشکێنێت. ئەمەش وایلێدەکات بەوپەڕی پەرۆشییەوە شوێن هۆکارەکانی پشت ئەو ڕووداوە بکەوێت و وێستگەکانی دیکەی بەسەرهاتی درنجەکە بپشکنێت تا بۆی ڕوونبێتەوە، ئایا کارەکتەر لەسەر هەمان هێڵ دەمێنێتەوە، یاخود گۆڕانێک لە چارەنووس و کاروکردەوەیدا دێتەکایەوە.

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی**

١- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠٠٦) ئەزموونی خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی،چ١، سەردەم، سلێمانی.

٢- بەرزنجی، ڕەزا سەیدگوڵ(٢٠٠٨) تورببوونی ئاسمان،چ١، دەزگای موکریانی، هەولێر.

٣- بەرزنجی، هێمن (٢٠١٥)هاوسەری

دووەمی کوژراوەکە،چ١، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
٤- بۆزانی، خێری(٢٠٢١)ب، هەبوو نەبوو. کن چیرۆک، چ١، چاپخانا رۆژهەلات، هەولێر.
٥- بێگەرد، رەئووف (٢٠٠٦) کۆچیرۆک، چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٦- تەرەغە، محەمەد (٢٠١٣) مینیمالیزم ژیانە، چ١، ناوەندی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٧- جەلیزادە، قوباد (١٩٨٨) دەرهێنەر، دەستی خودایی، کورتیلەچیرۆک، ر.عێراق ، پاشکۆی کوردی ، ژ.٦٥.
٨- حەمەمین، اسماعیل(١٩٩٢)نە..بوون، کورتیلەچیرۆک، ر.کوردستانی نوێ، ژ.١٩٢.
٩- حوسێن، رەشاد(١٩٩٠)لە وەلامی نامەکەتا هەوار گیان، کورتیلەچیرۆک،ر. هاوکاری، ژ.١٢٠٠.
١٠- حوسێن، هیمداد(١٩٨٨)گوناە،چ١، ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان،بەغدا.
١١- خورشید، قانع(٢٠٢١)گولبەهارێک لەم پاییزی عومرەمدا دەروێت،چ١، ناوەندی رێنوێن، سلێمانی.
١٢- دەستمالی، محەمەدعەلی(٢٠٢٢) خێراتر لە مەرگ، کۆچیرۆک، چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
١٣- رەسوولی، خەبات(٢٠٠٧) نیو کاتژمێر چیرۆک، گ.رامان، ژ.١١٦.
١٤- سادقزادە، سارا (١٣٩٧) ئەم چیرۆکانە زۆر ژنانەن، چ١،چاپەمەنی خانی،سەقز.
١٥- سەراج، عەبدوللا (٢٠٠٧)لاکێشە رووناکەکان و ئەوانیتر،چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.
١٦- سەعدی، کەمال(٢٠٢٠)تریفەی مانگەشەو، کۆچیرۆک، چ١،موکریانی، هەولێر.
١٧- عەبدولرەحیمزادە، رەحیم (١٣٩٥) پێنج کورتیلەچیرۆک لە دەفتەری یادداشتەکانی کارمەندێکی سادەی فەرامۆشکراو، گ.شی، ژ.سفر و یەک.
١٨- کەریم، محەمەد (٢٠١٠)وەرزی دروێنەی فریشتەکان، چ١، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
١٩- کۆمەلێک نووسەر (٢٠٢٢)چیرۆک چییە؟ و.محەمەد کەریم،زنجیرەی دۆسیەکانی سەردەم٨٠،چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٢٠- مستەفا، فەرهاد(٢٠١٩)پەراوێز، چ٢، ناوەندی سارا، سلێمانی.

هەوالنامەی کتێب

٢١- مستەفا، فەرهاد(٢٠١٢)پیاوە رەقەڵەکەی ژوورەکەمان، چ١،چاپ و پەخشی حەمدی،سلێمانی.
٢٢- مستەفا، فەرهاد (٢٠١٨) کەسێک لەباتیی هەموومان پێد ە کە نێ ، چ ٢، ئە ند ێشە ، سلێما نی .
٢٣- مستەفا، فەرهاد (٢٠١٥) هەتا چاو بڕ بکات تاریکی،چ١،ئەندێشە، سلێمانی.
٢٤- مەحموودپوور، عەزیز(١٣٩٨) پیاوێکی ڕیش خەنەیی، چ١، ناوەندی خانی، سەقز.
٢٥- مەنتک، حەمە(٢٠١٨) هونەرەکانی چیرۆکنووسین، چ١، چاپخانەی تاران، بڵاوکراوەی دەزگای مێخەک،هەولێر.
٢٦- هەمەوەندی، فەیسەڵ (٢٠٢١) کورتیلەچیرۆک وەک ڕەگەزێکی سەربەخۆ لە چیرۆکدا، گ.دیالۆگ، ژ.١.
٢٧- یونسی، فریا(٢٠١٥)درەنگان، چ١، انتشارات اریوحان، سنە.

**بە زمانی عەرەبی و فارسی**

٢٨- اسلام، فرید امین(١٣٨١)نگرشی بر داستانهای مینی مالیستی، چ١، نشر همداد، تهران.
٢٩- پارسی نژاد، کامران(١٣٨٢)مینی مالیسم و داستان کوتاه کوتاه یا داستان کارت پستال، مجله ادبیات داستانی، شمارە.٧٤.
٣٠- دولتیان، سمیە (١٣٨٨) بررسی شروع داستانک با نگاهی بە کتاب اپرای قورباغەهای مرداب خوار، کتاب ماە ادبیات، شمارە ٣٢.
٣١- فرد، رضا(١٣٧٧)فنون اموزش داستان کوتاە، چ١، انتشارات امیر کبیر، تهران.
٣٢- کولایی و ابوخیلی، مهدی خادم و رحمت رحیمی(١٣٩٣) ماهیت شناسی داستانهای مینیمالیسم از اغاز تا امروز، چ١، نشر قطرە، تهران.
٣٣- مجموعة من المؤلفین، فن الكتابة الاقصوصة، ت.كاظم سعدالدين، ط١، الموسوعة الصغيرة، عدد١٦، منشورات وزارة الثقافة و الفنون، الجمهورية العراقية.
٣٤- النصير، ياسين (٢٠٠٩) الاستهلال، فن البدايات فی النص الادبی، ط١، دار نينوى، دمشق.
٣٥- الياس، جاسم خلف(٢٠١٠)شعرية القصة القصيرة جدا،ط١،دار نينوي،دمشق.

# ناهۆشیاری میتۆدبەندی و نەپاراستنی ئەمانەتی زانستی

## لە توێژینەوەی (خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (عەلائەددین سەجادی)ی بەپێی (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری)ی (سروشت ئەحمەد حەوێز)دا

## توێژینەوەیەکە بەپێی میتۆدی (جۆهانا ناتالی)

١ - ٢



پ. ی. د. ڕێبین خەلیل قادر

هەواڵنامەی کتێب

**پێشەکی:**

بواری ڕەخنەی ڕەخنەی ئەدەبی بوارێکی فراوانە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەنێو ڕۆشنبیری و توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا تازەیە و بەم دواییانە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی زانکۆکانیش هەندێک هەوڵ لێرە و لەوێ لەم بوارەدا نراون. ڕەخنەی ڕەخنە بوارێکە کە بە پێچەوانەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە کە دەقی ئەدەبی دەکاتە کەرەستەی توێژینەوەکەی، کەچی ڕەخنەی ڕەخنە خودی دەقە ڕەخنەییەکە کە لەسەر دەقی ئەدەبی نووسراوە دەکات بە کەرەستەی توێژینەوەکەی. ئێمە لەم هەوڵەماندا بە پێڕەوکردنی بنەماکانی

میتۆدەکەی (جۆهانا ناتالی)، هەوڵمان داوە لە توێژینەوەیەک بەناوی (خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (عەلائەددین سەجادی)ی بەپێی (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری)، کە هی (سروشت ئەحمەد حەوێز)ە، بکۆڵینەوە. شتێک لەم توێژینەوەیەدا سەرنجی ڕاکێشام ئەویش ئەوەبوو کە ئەم توێژینەوەیە پێڕەوی بنەماکانی نووسینی توێژینەوەی زانستییانەی نەکردووە و ئەمانەتی زانستیشی نەپاراستووە، لەوەی تەواوی بۆچوون و زانیاری و پلان و ئەنجام و سەرچاوەکانی لە ماستەرنامەیەک بەناوی (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التكاملي) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەردوو کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی (ڕەفیق حیلمی) و (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح) بەنموونە)، کە لە ساڵی (٢٠٠٩) نووسراوە برووە و بێ دەستکاری و بێ ئاماژەدان بەم ماستەرنامەیە لە توێژینەوەکەی خۆیدا بەکاری هێناون. توێژینەوەکەش ساڵی (٢٠٢٢) بۆ کۆنفرانسێک لەسەر (سەجادی) لە



عەلائەددین سەجادی

(زانکۆی گەرمیان) نێردراوە و دوای پرۆسەی هەڵسەنگاندنیش ڕەزامەندی لەسەر بەشداریکردنی لە کۆنفرانس دراوە و پاشانیش لە (گۆڤاری زانکۆی گەرمیان) بڵاوکراوەتەوە، بێ ئەوەی لیژنەی زانستی کۆنفرانسی (سەجادی) لە (زانکۆی گەرمیان) درک بەوە بکەن کە ئەم توێژینەوەیەی (سروشت جوهر حوێز) ڕەسەن نییە و کۆپی پێیستێکی دەقاودەقی ئەم ماستەرنامەیەیە!

**بەشی یەکەم: میتۆدی (جۆهانا ناتالی –(Johanna Natali Smit:**

(جۆهانا ناتالی) توێژەری ئەبیستمۆلۆژی فەرەنسی هەوڵیداوە میتۆدێکی گشتگیر و دیاریکراو بۆ ئەو توێژینەوانە دابنێت، کە توێژینەوە ئەدەبی و رەخنەییەکان دەکەنە کەرەستەی توێژینەوەکانیان و کردەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجامدەدەن. لەمبارەیەوە وتارێکی رەخنەیی لەبارەی ئەو توێژینەوە رەخنەییانەوە نووسیووە کە باس لە دەقی (پشیلەکان – قطط)ی (بۆدلێیر)ی شاعیری فەرەنسی دەکەن. لە دەروازەی وتارەکەیدا بە ناوی (مسائل في المنهج)دا هەندێک بنەمای سەرەتایی دیاریکردووە کە پێویستە لە هەموو توێژینەوەیەکی دەقە رەخنەییەکاندا هەبێت، جا ئەو ژانرە ئەدەبییە هەرچییەک بێت کە دەقە رەخنەییەکە کردبێتی بە کەرەستە و مەتنی توێژینەوەکەی (لحمداني، ، ١٧). ئەم توێژەرە فەرەنسییە شیکردنەوەیەکی مەعریفییانەی بۆ ئەو توێژینەوانە کردووە و لە سیاقی کارەکەیدا پشتی بە سێ پێکهاتەی سەرەکی بەستووە کە دەقناسی لەخۆیاندەگرێت. یەکەمیان بریتییە لە (دەقی ئەدەبی) کە توێژینەوەکان لە دەقەوە دەستیان بە کارەکانیان کردووە و وەک کەرەستەیەکی سەرەتایی و سامپڵێک وایە کە هەندێک لایەنی دیکەی پێوەبەندە، وەک (ژانری ئەدەبی، ئاراستەی شیعری، نووسەر... هتد). دووەمیان بریتییە لە میتۆدی شیکردنەوە وەک رێچکەیەکی پێڕەوکراو کە پێدراوەکانی دەقی لێتوێژراو (مەتنی لێتوێژراو) دەگۆڕێت بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆی و لە هەمان کاتیشدا بۆ تیۆرێک لە تیۆرەکانی دەگوازێتەوە. سێیەمیش بریتییە لە ئەنجامەکانی توێژینەوە، کە شێوەی خوێندنەوە یان لێکدانەوە وەردەگرێت. بە پشتبەستن بەمە (ناتالی) پێشنیازی ئەمەی کردووە کە هەر بیست و هەشت توێژینەوە بە نموونە وەرگیراوەکە لە میانی دوو تاقیکردنەوەوە کە بریتین لە (توانستی بەدیهاتن Verifiabilite) و (توانستی دووبارەکردنەوە Repetabilite) کە بۆ دەقناسی پێویستن ملکەچی پشکنینێکی مەعریفییانە بکرێن. ئەم دوو توانستەش لە پێنج قۆناغی تردا پراکتیک بکرێن، لەمانەش

* هەنگاوی یەکەم پەیوەستە بە ئامانجەکان (Objectifs): لێرەدا پێویستە رەخنەگری رەخنە ئامانجەکانی ئەو کارە رەخنەییەی لێی دەکۆڵێتەوە بزانێت.

* هەنگاوی دووەم پەیوەستە بە مەتن (Corpus)ەوە: لێرەدا پێویستە رەخنەگری رەخنە ئەو مەتنە یان ئەو کەرەستە بناسێت کە توێژینەوە رەخنەییەکە وەک سامپڵی توێژینەوەکەی وەریگرتووە. جا مەتنەکە مەتنێکی دیاریکراو بێت، یان مەتنێکی فراوان و گشتی بێت.

* هەنگاوی سێیەم پەیوەستە بە شیکردنەوە (Analyse): لێرەدا پێویستە رەخنەگری رەخنە بزانێت میتۆدی پێرەوکراو و بەکارهێنراو لەلایەن رەخنەگری ئەدەبییەوە چ میتۆدێکە، جا ئەمە لەلایەن رەخنەگری ئەدەبییەوە ئاماژەی بۆ کرابێت یان نا، دیاربێت یان شاراوە بێت.

* هەنگاوی چوارەم پەیوەستە بە لێکدانەوە (Interpretation): لێرەدا پێویستە لێکدانەوەکانی رەخنەگر کۆ بکرێنەوە، ئەم لێکدانەوانە لەگەڵ شیکردنەوە دابن، یان لە پێکهاتەی کۆتایی کارە رەخنەییەکەدا کۆ بووبنەوە.

* هەنگاوی پێنجەم پەیوەستە بە هەڵبژاردنی دروستی (Validation): لێرەدا پێویستە لەسەر بەهای مەعریفی کارە رەخنەییەکە بوەستین، ئەوەش لەمیانی بەسەرداچوونەوەی چەندێتی هاوسەنگبوون و یەکبوونی ئەنجامەکانی رەخنەگر لەسەر دەقی ئەدەبی لێتوێژراوە لە هەموو لایەنەکانییەوە (المرابط، ٢٠٢٠، ٥-٦). (جۆهانا ناتالی) پێیوایە کە پێویستە لەسەر هەر توێژەرێک کە شرۆڤەی دەقێکی رەخنەیی دەکات، ئاگاداری چەند پرسێکی سەرەکی بن لە پرۆسەی (رەخنەی رەخنە)دا، کە ئێمە لە خوارەوەدا ڕوونتر ئەم بنەمایانە ڕوون دەکەینەوە.

**یەکەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

لە پشت هەر ناونیشانێکەوە ئاریشەیەک یان چەند ئاریشەیەک بوونی هەیەن کە پێویستییان بە چارەسەرە، لە پشت چارەسەرکردنی هەر ئاریشەیەکیش ئامانجێک یان چەند ئامانجێک هەن، کە توێژەر

هەوڵدەدات پێیانبگات. بۆیە پێویستە هەموو توێژینەوەیەک ئامانجەکانی دیار و روون و ئاشکرابن، بۆئەوەی توێژەر بەرچاوڕوونبێت لەوەی ئامانجی چییە و بەدوای چیدا وێڵە. ئامانجەکانی توێژینەوە زۆرجار لە پێشەکیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت و زۆرجار لەژێر تەوەرەیەکی سەربەخۆی بە ناوی (ئامانجەکانی توێژینەوە)دا دەخرێنەڕوو و تێیدا توێژەر ئامانجەکانی لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەی روون دەکاتەوە. بەڵام جاری واش هەیە ئامانجەکانی توێژینەوە لە پێشەکیدا دەرناکەوێت بەڵکو لەمیانی بەش و تەوەرەکانی بەشەکاندا دەخرێنەڕوو. هەندێکجار ئەو هۆکارانە روووندەکرێنەوە کە ڕۆڵیان لە دیاریکردنی ئەو ئامانجانەدا هەبووە. ئەوەی لێرەدا گرنگبێت مەسەلەی (هەڵبژاردەی میتۆدبەندی)یە کە زۆرجار توێژەر لەگەڵ ئاماژەدان و شرۆڤەکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکەیدا، لە هەمان کاتدا ئاماژە بەو هەڵبژاردە میتۆدبەندییەش دەکات کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێڕەویدەکات، بەمەش ڕێگا بۆ ئەوە خۆشدەکات کە ئایا توێژینەوەکە لە چ گۆشەنیگا و تێڕوانینێکی رەخنەییەوە یان لە چ رەهەندێکەوە ئاریشەکانی توێژینەوەکەی چارەسەردەکات و چۆن چۆنی لەمیانی ئەو گۆشەنیگا دیاریکراوەوە ئامانجەکان دێنێتەدی. بۆیە ئامانجی توێژینەوە لە پێشەکیدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و دەشێ لە وردبوونەوە لە ئامانجەکانی توێژینەوەدا بە چەند خاڵێکی گرنگ بگەین کە لە پرۆسەی رەخنەی رەخنەدا گرنگن:

– ئامانجی توێژینەوە پێماندەڵێت کە سروشتی توێژینەوەکە چییە و چۆنە و ناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکە چ مۆرکێکی هەڵگرتووە.

– ئامانجی توێژینەوە پێماندەڵێت کە بۆچی و لەپێناوی چی ئەو توێژینەوەیە ئەنجامدەدرێت.

– زۆرجار ئامانجی توێژینەوە پێماندەڵێت کە توێژەر پشتی بە چ هەڵبژاردەیەکی میتۆدبەندی بەستووە و لە چ گۆشەنیگایەکەوە لە کەرەستەی لێتوێژراو دەکۆڵێتەوە.

– ئایا ئامانجەکانی توێژینەوە لەگەڵ میتۆدی بانگەشەبۆکراو و پێڕەوکراو


دەگونجێت، یان نا؟

– کاتێک توێـژەر لـە خسـتنەڕووی ئامانجەکانـی توێژینەوەکەیـدا میتـۆدی کارکردنـی دیاریـدەکات، ئایـا ئەمـە بەمانـای ئـەوە دێـت کـە ئامانجـەکان پێـوەری تایبەتییـان هەیـە بـۆ هێنانەدییـان؟ ئایا هـەر ئـەم پێـوەرە بۆیـان گونجـاون؟ یـان بـە پێـوەری تریـش دەکرێـت هەمـان ئامانـج بێنینـە دی؟

– ئایـا ئامانجەکانـی توێژینـەوە لەگـەڵ سروشـت و بابەتـی ناونیشـانی توێژینەوەکـە و میتـۆدی ڕەخنەیـی توێژینەوەکـە دەگونجێـت، یـان نـا؟

**دووەم: سەرچاوەی پشتپێبەستراو:**

توێژەر بۆ هێنانـەدی ئامانجەکانـی و چارەسـەرکردنی گرفتـی دەستنیشـان کـراوی توێژینەوەکـەی پەنـا بـۆ کۆمەڵێـک سـەرچاوەی جیـاواز دەبـات، کـە پێوەنـدی ڕاسـتەوخۆ و ناراسـتەوخۆیان بـە بابـەت و گرفـت و ئامانجـی توێژینەوەکەیـەوە هەیـە، ئەمەش بۆ متمانەدارکردن و سەلماندنی بۆچـوون و شـرۆڤەکان لەبـارەی بابـەت و تەوەرەکانـی پەیوەسـت بـە


میژوی
ئەدەبی کوردی
میژو، ئەدەب، زانیاری
«تأریخي کورد لەبەرەبەیانی میژوی ئادەمیزادەوە، باوەڕی بیگانە بەرامبەر بە کورد.
میژوی ئەدەب، ئەدەبی زمان، داهاتی ئەدەب لە عالەمدا، ئەدەبی کورد، چیرۆکی کورد، پەندی پیشینان، شاعرە هەرە گەورەکانی کورد، ئەدەبی روژنامە..
ئەدەب لە روژەلاتی کوندا، بەزاوردی ئەدەبی کوردی لەگەل ئەدەبی میسری کون، فارسي کون، چینی کون، هیندی کون، عیبری کون، یونان، رومان»
علاءالدین سجادی
١٣٧١هـ – ١٩٥٢م
لە چاپدانەوەی بەدەست خاوەنیەتی

ئامانجـی توێژینەوەکـەی. ڕەخنـەی ڕەخنـە لەمیانـی هەڵوێسـتەکردن لەسـەر ئـەو سـەرچاوانەی کـە لـە توێژینـەوە ئەدەبـی و ڕەخنەییەکانـدا بەکارهاتوون پێویسـتە جەخت لەسـەر ئـەو پرسـیارانەی خـوارەوە بکاتـەوە.

– ئایـا ڕەخنەگـر سـەرچاوەی بنەڕەتـی سـەر بـە میتـۆدی کارەکـەی بەکارهێنـاوە؟

– زمانـی سـەرچاوە بنەڕەتییـەکان، زمانی یەکەمە یاخود لە زمانی دووەم و سـێیەمەوە وەرگیـراوە؟

– ئەگـەر ڕەخنەگـر سـەرچاوەی

بنەڕەتی سەر بە میتۆدی کارەکەی بەکارنەهێناوە، سوودی لە چ سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر وەرگرتووە، کە لەبارەی میتۆدەکەوە نووسراون؟ (ڕەشید، ٢٠١٨: ٩٠).

– ڕێژە و ژمارەی ئەو سەرچاوانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە میتۆدێکی ڕەخنەیی دیاریکراوەوە هەیە.

– ئەو سەرچاوانەی کە بەکارهێنراون ئایا تایبەتن بە میتۆدێکی ڕەخنەیی دیاریکراو، یان سەرچاوەی گشتیین و لەنێویشیاندا ئەو میتۆدەی کە مەبەستە باس کراوە.

– سەرچاوە بە زمانی بێگانە بەکارهاتووە یان نا. ئەگەر بەکارهاتووە سروشت و جۆر و ڕۆڵ و پێگەی ئەو سەرچاوانە لە دیاریکردنی میتۆدی ڕەخنەیی توێژینەوەکە چییە و چۆنە و لەڕووی چەندێتییەوە تا چەند دەتوانن ستراتیژییەتی کاری ڕەخنەیی لە توێژینەوەکەدا دیاریبکەن.

– ئایا توێژەر سەرچاوەی سەر بە بوارەکانی تری دەرەوەی میتۆدە ڕەخنەییەکەی بەکارهێناوە، یان ئەو سەرچاوانەی پێوەندییان بە لقەکانی تری ئەدەبیاتناسییەوە هەیە؟ تا چەند توانیوویەتی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە بە سوودی توێژینەوەکەیدا بشکێنێتەوە؟

**سێیەم: مەتنی لێتوێژراو (کەرەستەی توێژینەوە):**

دیاریکردنی مەتنی لێتوێژراو لەلایەن ڕەخنەگرەوە، بە پرۆسەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە بواری ڕەخنەی ڕەخنەدا، لەبەرئەوەی خودی تێڕوانینی ڕەخنەییش ئەو مەتنە دیاری دەکات کە کاری لەسەر دەکات، بەڵام ڕەنگبێ لایەنی پراکتیکی ئەو مەتنە لێتوێژراوە تێپەڕێنێت بۆ دەقی تری زیاتر کە لەوانەیە لەگەڵ ئەو مەتنە هەڵبژێردراوەی لەگەڵ تێڕوانینە ڕەخنەییەکە یەک دەگرنەوە یەکتر ببڕن، بەم شێوەیەش پرۆسەی شیکردنەوەکە بەردەوام کراوە دەبێت، بەتایبەت ئەگەر ڕەخنەگری دەق پەنای بردە بەر بەراوردکاری، یان زۆر پەنابردنەبەر وەرگرتن لە دەقی جۆراوجۆرەوە. لێرەوە دەقە بنەڕەتییەکەی یەکەم کە مەتنە

لێتوێژراوەکەیە (داهێنانە ئەدەبییەکە) کە توێژینەوە ڕەخنەییەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت لە دەقی لاوەکی نقووم دەبێت. سروشتی دەقە هەڵبژێردراوەکان لەلایەن ڕەخنەگرێکی دیاریکراوەوە سوودێکی زۆری هەیە لە دیاریکردنی هەڵوێستمان لەبارەی توانای ڕەخنەگری ئەدەب لەسەر کۆنترۆڵکردنی بابەتی توێژینەوەکەی، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە هەرچەند ئەو دەقانەی توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت جۆراوجۆر بن ئەوا توانا و تەرکیزی ڕەخنەگر زیاتر لاوازدەبێت و کارەکەی لە بەدیهاتنی هارمۆنییەتێکی پێویست دووردەکەوێتەوە، و ئەم بابەتەش پەیوەستە بە توانا تایبەتەکانی ڕەخنەگری ئەدەبەوە (لحمداني، ٢٠١٤: ١٨). لەم هەنگاوەدا دەبێت دوو چەمک لە یەکتر جیا بکرێنەوە، ئەوانیش بریتین لە:

- بابەت (الموضوع –Objet )
- مەتن (المتن –Corpus )

واتە ڕەخنەگر لە بابەتێک دیاریکراو لە ڕێگەی مەتنێکی دیاریکراوەوە دەکۆڵێتەوە (مجموعة من الکتاب، ٢٠١٧: ١٩٤)، بۆ نموونە توێژینەوە لە دیاردە شێوازییەکان بکرێت لەمیانی شیعرەکانی (نالی)یەوە، یان توێژینەوە لە دیاردەی ڕەشبینی لە شیعرەکانی (هەردی)دا بکرێت. لێرەدا (دیاردە شێوازییەکان) و (ڕەشبینی) بابەتن، و شیعرەکانی (نالی و هەردی)یش مەتنن.

**چوارەم: چوارچێوەی میتۆدبەندی و هۆشیاری ڕەخنەیی ڕەخنەگر:**

لە مەسەلەی دیاریکردنی میتۆدی ڕەخنەیی هەر توێژینەوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی، لە سەرەتادا پێویستە ڕەخنەگری ڕەخنە لە هەندێک لایەن وردبێتەوە و باشتر چاودێری و بەدواداچوونیان بۆ بکات، ئەمەش بۆئەوەی بتوانێت گۆشەنیگا و تێڕوانینی ڕەخنەیی ڕەخنەگر لە توێژینەوەکە و ئەو ڕێکاری و هەنگاوە ڕەخنەییە پراکتیکییانەی لەمیانی توێژینەوەکەدا گرتوویەتییە بەر و دەقە ئەدەبییەکانی لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینە ڕەخنەییە دیاریکراوەدا شیکردۆتەوە و ڕاڤەی کردووە دیاری بکات. ئەم لایەنە جیاوازانەی نێو

توێژینەوەکە و هۆکارێکن بەهۆیانەوە ڕەخنەگری ڕەخنە یان خوێنەری توێژینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکە دەتوانێت میتۆدی بڕیار لەسەر دراو و یان دید و تێڕوانینە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگری ئەدەبی دەستنیشان بکات. ئەو لایەنانەی کە تێیاندا توێژەری نامە بە ڕاستەوخۆ و ئاشکرا یان بە ناڕاستەوخۆ و شاراوە بڕیار لەسەر ڕێچکە و شێوەی توێژینەوەکەی و جۆری میتۆدی کار پێکراوی توێژینەوەکەی دەدات ئەمانەن:

– ناونیشانی توێژینەوەکە: ڕەنگبێت توێژەر هەر لە سەرەتا و لە ناونیشانی گشتی و سەرەکی توێژینەوەکەیدا بڕیار لەسەر میتۆدی ڕەخنەیی نێو توێژینەوەکەی بدات. ئەمەش بە چەند شێوەیەک دەبێت:

* لەناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکەدا ئاماژە بە میتۆدە ڕەخنەییەکە دەکات.

* لە بەشی دووەمی یان ناونیشانی لاوەکی ناونیشانە سەرەکییەکەدا ئاماژەی پێدەکات.

* یان لە ناونیشانەکەدا وشەیەک یان زاراوەیەک یان دەربڕینێکی وا بەکاردێنێت، کە ئاماژەبێت بۆ میتۆدێکی ڕەخنەیی دیاریکراو.

– پێشەکی: زۆرجار توێژەر لە پێشەکی توێژینەوەکەیدا ئاماژە بەو میتۆدە ڕەخنەییە دەکات کە دەیەوێت لە توێژینەوەکەیدا پشتی پێ ببەستێت. لێرەشدا دەبێت ڕەچاوی هەندێک لایەن بکەین بۆئەوەی لە مەسەلەی دیاریکردنی میتۆدی ڕەخنەیی توێژینەوەکەدا نەکەوینە نێو گێژاوی ڕەهایی و لێکدژی و بڕیاری نالۆژیکی و نازانستییانەوە. ئەو لایەنانەش ئەمانەن:

* دەبێت ڕەخنەگری ڕەخنە چەمک و سنووری دوو زاراوە لە یەکتر جیابکاتەوە، کە ڕەنگبێت توێژەر لە پێشەکی توێژینەوەکەیدا هەردووکیان یان یەکێکیان بەکاربێنێت و بەهۆیانەوە ستراتیژییەتی پرۆسە ڕەخنەییەکەی ڕوون بکاتەوە. زاراوەکانیش بریتین لە (میتۆدی ڕەخنەیی) و (ڕێبازی توێژینەوە). ئەمانە بایەخی خۆیان هەیە لە چۆنێتی دیاریکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ میتۆدی بەکارهێنراو لە توێژینەوەکەدا.

* دەبێت ڕەخنەگری ڕەخنە لە ئامانج و مەبەستەکانی توێژەر کە لە پێشەکیدا دەخرێنەڕوو وردبێتەوە و لەمیانییەوە هەوڵبدات بزانێت ڕەخنەگر ئامانجی لەو توێژینەوەیە چییە و دەیەوێت چ گرفتێک چارەسەربکات. بۆ مەسەلەی ئەم چارەسەرییە چ ڕێگە و تیۆر و میتۆدێکی ڕەخنەیی دەگرێتەبەر. ئایا لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەیدا ئەمانەی ڕوونکردۆتەوە و ئاماژەی بە میتۆدی ڕەخنەیی توێژینەوەکەی داوە؟ ئەگەر ئاماژەی پێنەداوە ئایا ڕەخنەگری ڕەخنە دەتوانێت لە ئاماژە ناڕاستەوخۆکانی ئامانجەکانی ڕەخنەگر لە توێژینەوەکەیدا شتێک لە بارەی میتۆدی ڕەخنەییەوە هەڵکرێنێت؟

* ئایا ڕەخنەگر میتۆدی ڕەخنەیی توێژینەوەکەی و ڕێبازی توێژینەوەکەی دیاری کردووە؟ یان تەنیا ئاماژەی بە یەکێکیان داوە؟ یانیش ئاماژەی بە هیچیان نەداوە؟ چونکە زۆرێک لە توێژینەوەکان تەنیا ئاماژە بە ڕێبازی توێژینەوە دەدەن، یان ئاماژە بە هیچیان ناکەن.

- مەتنی توێژینەوەکە: زۆرجار ئەگەر ڕەخنەگری ڕەخنە لە ناونیشان و پێشەکی و ئامانجی توێژینەوەدا هیچی دەس تنەکەوت، ئەوا پەنا بۆ مەتن و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دەبات و لەمیانی بەش و بابەت و تەوەرەکانی نێو توێژینەوەکەدا هەوڵدەدات شتێکی لەبارەی میتۆدی ڕەخنەییەوە دەست بکەوێت، چونکە هەموو توێژەرێک لەمیانی پرۆسەی ڕێکخستنی بەش و تەوەر و بابەتەکانی توێژینەوەکەیدا ستراتیژییەتی کاری ڕەخنەیی و جۆری بیرکردنەوە و تێڕوانینی ڕەخنەیی و پرۆگرام و میتۆدی کارکردنی خۆی لە توێژینەوەکەدا دەردەخات. بەمەش ڕەخنەگری ڕەخنە لەڕێی زانیارییەکانی نێو بەش و تەوەرەکانەوە جیهانبینی و پێشبینی و هەڵوێستێکی لەبارەی ڕیچکەی توێژینەوەکە و جۆری ئەو تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەی توێژەر ناڕاستەوخۆ لەمیانی ئەو زانیارییانەوە ئاماژەی پێداوە لەلا درووست دەبێت.

- ئەنجامی توێژینەوە: ئەنجامی

توێژینــەوە هــۆکار و هۆکارێکــی گرنگــە بۆئــەوەی ڕەخنەگــری ڕەخنــە بتوانێــت بەهۆیــەوە میتــۆدی ڕەخنەیــی توێژینەوەکــە و تێڕوانیــن و گۆشــەنیگای ڕەخنەیــی ڕەخنەگــری بــۆ دەرکەوێــت. چونکــە ئەنجامــی هــەر توێژینەوەیــەک بەرهەمــی لایەنــی تیــۆری و پراکتیکــی و جــۆری گۆشــەنیگا و تێڕوانینــی ڕەخنەیــی ڕەخنەگــرە بــۆ گرفتــی توێژینەوەکــەی و چۆنێتــی چارەســەرکردنی ئەمــەش بــە گرتنەبــەری ئــەو ڕێ و شــوێنانەی کــە ڕەخنەگــر لــە تیــۆردا ئامــاژەی پێکردوون و لە پراکتیکیشدا پراکتیزەی کــردوون.

– لــە بــواری پراکتیکــدا: زۆرجــار ڕەخنەگــری ڕەخنــە یــان توێــژەر و خوێنــەر لــە هیــچ یەکێــک لەمانــەی ســەرەوەدا هیچــی بــۆ دەرناکەوێــت و ناتوانێــت میتــۆدی ڕەخنەیــی توێژینەوەکــە دیــاری بــکات. بۆیــە ناچــارە ڕوو لــە بەشــی پراکتیکــی توێژینەوەکــە بــکات و لەوێــوە بــەدوای ئــەو وشــە و زاراوە و تیــۆر و بۆچوونانــەدا بگەڕێــت کــە بەهۆیانــەوە دەقــی پــێ شــیکراوەتەوە و ڕێگەخۆشــکەرن بــۆ دیاریکردنــی تێڕوانینــی ڕەخنەیــی ڕەخنەگــر لــە توێژینــەوە پراکتیکییەکەیــدا.

**پێنجەم: پیادەکردنی ڕەخنەیی:**

**یەکەم: وەسف:**

وەســف یەکێکــە لــە شــێوە بنەڕەتییــەکان لــە پیادەکردنــی ڕەخنەییــدا، کــە بریتییــە لــە ڕێکاری و پێڕەوکردنێکــی سیســتەماتیکی کــە هەوڵــی پێشکەشــکردن و خســتنەڕووی بابەتەکــە و نمایشــکردن و ناســاندنی و ڕوونکردنــەوەی ڕوخســار و تایبەتمەندییەکانــی بابەتەکــە دەدات بەشــێوەیەک کــە وەرگــر بتوانێــت بەهۆیــەوە وێنەیەکــی نزیکەیــی لەبــارەی بابەتەکــەوە پێکبێنێــت، وەک ســەرەتایەک بۆ ڕاڤەکردنی و بڕیاردان لەســەری. بۆیــە کارکردنــی وەســف لــە هــەر گوتارێکــی ڕەخنەییــدا لــە گۆشــەیەک یان ئاستێک لە ئاستەکانی شــیکردنەوەدا کورتنابێتــەوە، بەڵکــو لەمیانــی میکانیزمەکانــی وەک: (ناســاندن، پۆلینکــردن، کورتکردنــەوە، دابەشــکردن، بەراوردکــردن).

هەواڵنامەی کتێب

# دەڤی فیلیڤانی، دەڤی لێدەبێتەوە

## (یەک دەق، هەزار دەق!)



حەمە کەریم عارف

گابریل گارسیا مارکیز : ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەوانی و ڕۆمان ، بە دوو منداڵی یەک دایک دەزانێت . لە وێنەگرتنی کاراکتەری ڕۆمانەوانیا زۆری سوود لە تەکنیکی ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە... لەو ڕێگەیەوە فێری ئەوە بوو کە بەرانبەرەکەی چۆن قسە دەکات ، چۆن سیمای دەگۆڕێت ، تۆنی دەنگی دەگۆڕێت... فێری پاشەکەوت کردن لە وشە بوو ، فێری ئەوە بوو چۆن ناپێویستەکان لاببات و بابەتەکە نەخت و پوخت بە دەستەوە بدات... چۆن وشە لە جێی خۆیدا بەکار بەرێت و پڕ بە پێستی ئەو مانایە بێت کە دەیەوێت ، دەگەڵ بونیادی چیرۆکەکەدا تێک بکاتەوە... زۆر گرینگە نووسەر خولیای ئەوە

بێت ، کە نووسەرێکی جیاواز بێت ، دیار بێت... مارکیز خوێنەرێکی جدی بووە ، بە نەفەسێکی ڕەخنەییەوە شتی خوێندووەتەوە ، هەوڵیداوە زۆر لە قۆناغی خوێندنەوەی لەزەتخوازی تێپەڕێت . کە ئەم قۆناغەی خوێندەوە ، لەلای خوێنەرانی کورد زۆر زاڵە !... کە نووسەر نەیتوانی تەجاوزی مەسیرەی هونەری خۆی بکات ، نەنووسێت زۆر باشترە ، بەردەوامی لە سەر نووسین ناکاتە هیچ... مارکیز ، هەر کارێکی ئەدەبی بەدڵ بوایە بە هوشیارییەوە دەیخوێندەوە و ئەمە جۆرە ئەزموونێکی ڕەخنەیی لەلا دروستکرد ، پەرەی بە هوشمەندیی ڕەخنەیی ئەو دا... خوێندنەوەی هوشیارانە ، قۆناغی دوای خوێندنەوەی لەزەتخوازانەیە کە زەمینە بۆ خوێندنەوەی نەقدی خۆش دەکات ... گرینگە ئەوەی نووسەر دەیڵێت یان نیشانی دەدات ، قەناعەتبەخش بێت ، واقیعی بێت ، واقیعی بەگوێرەی واقیعی چیرۆکەکە . ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیک و گەمەی هونەرییەوە دێتەدی... ئەم پیاوە ناسنامەی یەجگار بەلاوە گرینگ و لە هەمان کاتدا بەلاوە قورس بووە ، قەناعەتی وابووە ، خوێندنەوە و ڕاڤەی واقیعی خۆماڵی ، بە پێوەر و پێوانەی بێگانە ، نەک نامانگەیەنێتە هیچ ، بەڵکو دووچاری گۆشەگیریمانیش دەکات ، واتە ڕەسەنایەتی ، دەکاتە ئەو تایبەتمەندییەی کە لە لاسایی کردنەوەی کوێرانەی ڕۆژئاوا دوورمان دەخاتەوە... ئیدی بەو نەفەس و هۆشمەندییە هزری و ستاتیکیەوە ، خۆی بە دنیای ڕۆماندا کردووە و شاکاری زۆر سەیر و جوان و ناوازەی پێشکەش بە دنیای ڕۆمانی خۆماڵی کردووە ...


مارکیز ، بە ڕۆمانی ( سەد ساڵ تەنیایی ) شۆرەت و نێوبانگی جیهانی پەیدا کرد و بە بۆچوونی شارەزا و پسپۆڕان ، پڕ بە پێستی زاراوەی داستان ، داستانە...

هەر لەیەکەم دێڕەوە ، نووسەر لە ڕێگەی گوتیارەوە ، خوێنەر بەجۆرێ کونجکاو دەکات ، کە کەڵکەڵەی خوێندنەوە و تاسەی پەیگیری ڕۆمانەکەی بخاتە سەر...

لە ڕۆمانا ، لە کاری فیلیڤانیدا هەموو شتەکان ، ژیانی تایبەتی

خۆیان هەیە ، گرینگ ئەوەیە نووسەر ، روحی ئەو شتانە بێدار بکاتەوە...

نووسەر هەقی خۆیەتی لە کارە فیلیڤانیەکانی خۆیدا سوود لە ژینامەی خۆی وەربگرێت ، بەڵام دەبێت ، بەشێوەیەکی هونەری ئەوتۆ خودی خۆی لە سەرانسەری کارەکەدا تۆو بدات ، کە ئەگەر بە ئاستەمێک هەستی پێکرا ، بە زەقی نەبینرێت و نووسەر خۆی لە کارێن دوکیومێنتاری دووری دوور بگرێت ... ئەم کارە ئەگەر هاتە کردنیش دەبێت بە پرۆسەیەکی گۆڕانکاری هونەریانەدا تێبپەڕێت ... واتە نووسەر دەبێت مەودایەکی زۆر لە نێوان ئەو ڕووداوەدا کە تیای ژیاوە و ئەو کارە فلیڤانییەدا بێڵێتەوە کە ڕۆمانەکەی لێوە هەڵێنجاوە... واتە ڕووداوەکە دەبێت بە پرۆسەیەکی گۆڕانکاری هونەری یەجگار هەستیاردا تێبپەڕێت ، نەک ڕووداوەکە وەکو خۆی، وەکو چۆن لە ژینامە و ئەزموونە خودیەکەدا هاتووە ، کۆپی بکاتەوە و کارەکە شەقڵی کارێکی دوکیومێنتاری وەربگرێت ، چونکە ڕۆمان زیاتر بایەخ بە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەدات تا بایەخ بە دیاردە و کول و کۆڤانە شەخسیەکان بدات ... کەواتە کۆپی کردنەوەی واقیع چەند ڕاستگۆیانەش بێت ، هەر ناکاتە چیرۆک ، کاری چیرۆکڤانی دەبێ بە پرۆسەیەکی هونەری ، فانتازی گەورەدا تێبپەڕێت بۆ ئەوەی بگاتە هونەرییەت... سەد ساڵ تەنیایی باسی شەڕی ناوخۆی کولومبیا ، بە هەموو لێکەوتەکانی شەڕەوە دەکات...




مارکیز

دکتاتۆرییەت بە ناوی ئازادی و لە

ژێر پەردەی ئازادییەوە مومارەسە دەکرێت ... لە کەش و هەوای دکتاتۆریەتدا ، دکتاتۆر، لەباری دەروونییەوە بە ڕادەیەک دادەڕوخێت و هەرەس دێنێت ، کە تینوویەتی بە خوێن دەشکێت ، تووشی سادیەتێکی وەها دەبێت تەنیا لە زەت لە عەزابدانی خەڵکی دەبینێت ... ئیدی بەناوی ئازادیەوە مومارەسەی مەرگ دەکات ... دیارە دکتاتۆر هەر لە خۆوە و لە ناکاوا دروست نابێت ، قارچک نییە لە خۆیەوە هەڵتۆقێت ، دەبێت خەڵکانێکی بە دەورەوە بێت ، پشتیوانی لە کردەوە دکتاتۆریەکانی بکەن ، بەردەوام هەڵی بنەن ، ستایش و ئافەرینی زوڵم و زۆردارییەکانی بکەن ، ئەمر و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن و تەنانەت نیەتەکانیشی بخوێننەوە و جێبەجێ بکەن . خەتەرترین کاریگەری و باندۆری دکتاتۆران ئەوەیە کە نەوەیەک بکەونە ژێر کاریگەری ئەوەوە ، دڵبەندی ئەو ببن ، بە بەهای باڵا و ئایدیالی خۆیانی بزانن ، بچنە پێست و قاوغی ئەوەوە ، بە چاوی ئەو تەمەشا بکەن ، بە زمان و دەنگی ئەو قسە بکەن ، بە هەمان شێوازی ئەو سڵاو بکەن و سڵاو بسەننەوە ، لە هەموو شتێک بەگومان و سرک بن... تا وای لێدێت بە بێ ئەوەی بەخۆ بزانێت ، لەناوەوە بۆگەن بکات... دیارە یەکێک لە سەدەمەکانی پەیدا بوونی دکتاتۆریەت غیابی ڤیان و خۆشەویستیە ، دکتاتۆر ئەو کێماسیەی تیایە و ناتوانێت هیچ کەسێکی خۆشبوێت . بۆیە تەنیا و تەنیا لە خەمی خۆیدایە و دەگەڵ کەسدا هەڵناکات و وای لێدێت لە گەڵ خودی خۆشیدا ناگونجێت ...

مارکیز لە ڕۆمانی ( سەد ساڵ تەنیایی ) دا کە ڕاست تر ( سەد ساڵ گۆشەگیرییە ) هەر بە ناونیشانەکەدا پێمان دەڵێت : شەڕی ناوخۆ جگە لە گۆشەگیری و پاشکەوتن و بەجێمان لە کاروانی پێشڤەچوون و مێژوو ، هیچی تری لێناکەوێتەوە ... دەرفەتی بوژانەوە و تازەبوونەوەش ، زۆر زەحمەتە ، هەر سەد ساڵ جارێک هەڵدەکەوێت ، نابێت لەدەست بدرێ... دەرچوون و دەربازبوون لە گۆشەگیری بە ئافرەت ، کە سەرچاوەی ژیان و تازەبوونەوەیە سپێردراوە .




بە هەرحاڵ ، ئەوانەی لە گۆشەگیریدا ، دوور لە زانست و لە ژیان ! دەژین ، ئەمان چاوەڕوانیان دەکات ، ناتوانن لە سەر پێی خۆیان بوەستن ، چونکە ژیان تەنیا یەک جار بۆ مرۆڤ هەڵدەکەوێت ، ئیدی یان دەیدۆڕێنێت و هیچ بە هیچ ناکات ( وەکو کورد ) یان دەیقۆزێتەوە و قاوغی گۆشەگیری دەبەزێنێت و بەشداری لەو ڕێنیسانسدا دەکات . مرۆڤ کە لە گۆشەگیریدا بژی و ئاگای لە دەسکەوتە زانستی و ئەبستمولوجیەکانی دەوروبەری نەبوو ، هەست بە تێپەڕبوونی زەمان ، کات ناکات ! بزوتنەوە و تەڤگەری زەمان لەو شتە تازانەدا دەردەکەوێت کە ئەقڵ بەرهەمی دێنێت ! و ئەو کاتانە مانا پەیدا دەکات کە مرۆڤ توانای گۆڕانکاری هەبێت... بەڵام زەمان کە وەستا ، ئیدی مرۆڤ بە شتی تورەهاتەوە مژوول دەبێت ، ( وەکو شەڕی ناوخۆ ، خورافە و جادوو و ڕابواردن... ) زەمان لە گۆشەگیریدا دەوەستێت ، گۆڕان چێنابێت...

زەمان ، بە شێوە ئاسۆییەکەی خۆی ناڕوات ، بەڵکو بە شێوەیەکی بازنەیی بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە ! دەگەڕێتەوە سەر خاڵی سەرەتا ! یانی کوڕان ، هەموان هەڵەی باوکان دووبارە دەکەنەوە .

نووسەر ، لە مەسەلەی شوێندا ، دەبێت ناوێک هەڵبژێرێت کە پەراوێزێک بۆ خەون و خەیاڵی خوێنەر و وەرگر بهێڵێتەوە .

فرە دەنگی یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە جۆرە زندوویەتیەکی سەیر بە هاماجی ڕۆمان دەبەخشێت . ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەو شاکارانەی پڕە لە ڕووداوی جۆراوجۆر ( ڕووداوی ڕۆژانە ، مێژوویی ، سۆزداری ) و لە ڕووی زمانەوە ( گێڕانەوە ، شیعریی، میللی ) لە ڕووی کاراکتەرەوە ( مێژوویی ، فانتازی ، ئەفسانەیی و واقیعی ) ئەمە جگە لەوەی ئەزموونی ڕۆژنامەوانی و سینەماییش کردوویەتیە کارێک کە ببێت بە خاوەنی شێوازی گێڕانەوەیەکی زۆر تایبەتی... نە خەونی ڕووتە نە خورافە ، نە ئەفسانەی ڕووتە نە مێژوو ، ئەفسانە شەقڵی ڕیالیستی خۆی پاراستووە ، لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ، شاکارێکی ڕۆمانەوانی زندووە و تا حەزکەی دەقێکی کراوەیە...

( ٢ )

ئەدیب، وەک دەلین دەبێت بۆ نووسین بژی ، نەک بۆ ئەوە بنووسێت بژی... خوێندنەوە ؛ لەزەت ، هۆش ، نەقد... یوسا ، وێڕای ئەو هەموو شاکارە ئەدەبیەی هەی بوو ، لە چاو خەڵکی وەکو فلوبیرا خۆی بە کورتەباڵا دەزانی ، خۆی بەوە دەزانی کە هێشتا لە سەرەتای ڕێگادایە ، بۆیە نووسەر دەبێت زیاتر ئەدەبیەتی کارە ئەدەبیەکەی مەبەست بێ تا شۆرەت و بەرژەوەندی مادی کە ئەدەب تەنیا بۆ ژمارەیەک ئەدیبی کەمی دابین دەکات... یانی نووسەر ، دەبێت بە خوایشتی خۆی ، بە کەماڵی ئارەزوو ببێت بە کۆیلەی نووسین و ژیانی خۆی پێ ببەخشێت و خۆی بۆ ئەدەب تەرخان بکات ، خۆی لە قەبەڵی ئەدەب بکات ...

داهێنان و داهێنەری ڕاستەقینە ، لەزەتێکی ئەفسووناوی و ئیستاتیکی ئەوتۆ هەم بە نووسەر و هەم بە

هەواڵنامەی کتێب

وەرگر دەبەخشێت کە بە تەواوی ئالوودەی ببن و بۆیان تەرک نەکرێت ... ئەدیبی ڕاستەقینە و ڕاستگۆ ، لەزەتێکی ڕۆحی و دەروونی ئەوتۆ لە مومارەسەی ئەدەبدا دەبینێت کە هیچ پاداشتێکی مادی هاوتای ناکاتەوە... ئەدەبی باش ، بارگاوی بە خەیاڵی بەرز ، زۆرجار بە جۆرە یاخی بوونێک لە دەسەڵات و بیر و باوەڕێن باو لێک دەدرێتەوە ، بە شێوازێک لە شێوازەکانی ئازادی خوازی و ناڕەزایی لەوانەی کە دەیانەوێت ئازادی نەهێڵن و قەدەغەی بکەن ، ئیدی ئەوان چ خەڵکانی ئاینی بن و چ خەڵکانی عەلمانی بن . بۆیە لەلایەن ڕژێمانی دکتاتۆری و سانسۆرەوە قەدەغە کراوە... بۆیە ڕۆماننووس لە سەرێتی ئەو بابەتانە بنووسێت کە ژیان بەسەریا دەیسەپێنێت ، نەک ئەو ئایدۆلۆژیایە کە خۆی باوەڕی پێیەتی...

زەمان ، زەمانی سایکۆلۆژی بێت ، نەک زەمانی کرنولوجی ( متسلسل ) .

گوتیار: دەشێت یەکێک بێت لە کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە ، یان کاراکتەرێکی هەموو شت زان بێت ، لە دەرێڕا شتەکان بگێڕێتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بەو چیرۆکەکەوە نەبێت کە دەیگێڕێتەوە ، ئەم دوو جۆرە گوتیارە ، گوتیاری تەقلیدین ، گوتیاری سێیەم گۆنگە ، ئەمە تازەیە ، نازانرێت ئاخۆ لە ناوەوەی دنیا گێڕدراوەکەدا یان لە دەرەوە ، شتەکان دەگێڕێتەوە...

***

کام ڕۆمانە زۆر خەیاڵیە، لە ئەزموونی ژیانی تایبەتی نووسەر بەدەر نییە ، بەڵام ئەو بابەتەی لە ژینامەی نووسەرەوە وەردەگیرێ و هەڵدەهێنجرێ بە سەرانسەری کارە هونەرییەکەدا تۆو دەدرێت ، بەدەم پرۆسە ڕۆمانەوانیەکەوە دەگۆڕێت و لە ڕێگەی یادگە و خەیاڵەوە ، تێکەڵ بە بابەتی دی دەبێت و خۆیبوونی خۆی وەردەگرێت ، بەڵام ئەو ڕۆمانانەی لە نووسەرەکانیان جیا نابنەوە و شەقڵێکی دوکیومێنتاری ژیانی خاوەنەکانیان وەردەگرن ، گومانی تیا نییە ، ڕۆمانی باش نین . نووسەری چاک ئەوەیە بتوانێت جیهانی واقیع لە ڕێگەی پرۆسەیەکی ڕەمزیەوە بگۆڕێت بۆ جیهانێکی خەیاڵی ،

بابەت و تیمە بگۆڕێت بۆ هەست . ڕۆماننووسی ڕەسەن ، دوای هاندەری ڕوحی دەکەوێت ، هەر دەقێک دەبێ هاندەر و ئەنگێزەیەکی ڕوحی لە پشتەوە بێت ، واتە نووسەر بە ڕوح و بە هەست بابەتەکەی هەڵدەبژێرێت ، نەک بە ئەقڵ و ئاوەز .

وشە ، کۆڵەکەی ڕۆمانە ، بۆیە شێواز بە یەکێک لە پردە سەرەکیەکانی نێوان داهێنەر و خوێنەر دادەنرێت ، دەقی باش وەکو یەکەیەکی هونەری یەکپارچە و سەربەخۆ ، خۆی بە سەر وەرگردا دەسەپێنێت ... هەڵبەتە لە ڕێگەی ئیقناعی هونەرییەوە ، هەر دەقێک لە رووی هونەرییەوە قەناعەتبەخش نەبێت ، ناتوانێت خوێنەر کەمەندکێش بکات و باوەڕ بەو دەقەکە بکات کە دەیخوێنێتەوە و زەحمەتە بتوانێت پەیگیری بکات ... دەقی چاک ئەوەیە بتوانێت لەباری هونەرییەوە ، مەودای نێوان خەیاڵ و واقیع بەڕادەیەک کەم بکاتەوە ، خوێنەر هەست بە نەمانی ئەو سنوورە بکات و بە دەم خوێندنەوەی ئەو درۆیەوە کە دەیخوێنێتەوە وا هەست بکات حەقیقەتە...

هەر کارێکی ئەدەبی بۆ ئەوەی بژی و بناسرێتەوە ، دەبێت شەقڵ و شێوازی تایبەتی خۆی هەبێت ، ڕاستە ئەدەب جۆرە خاپاندنێکی تایبەتی خۆی هەیە ، بەڵام ئەدەبی باش دەتوانێت وەی شێرێت ، بەڵام ئەدەبی خراپ ، خۆی شەرعی خۆی دەکات و پێی ناشێردرێتەوە ، کەواتە سەنگی مەحەک لێرەدا شێوازە ! وێڕای هەموو ئەمەش ، باشترین شت بۆ نووسەر ئەوەیە بە خۆی بە ناو بکەوێت و بکەوێتە قەڵەمڕانی و جەرباندنی نووسین...

ناونیشان : دەبێت هەندێک گونگ و مانیا هەڵگر بێت ، هەندێک پرسیار لای وەرگر دروست بکات ، کە خەیاڵ بهاڕوژێنێت و جۆرە فزوڵ و کونجکاوییەکی لەلا چێبکات... ( ئاهەنگی سابرێن ) لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە کەرنەڤاڵە بە بۆنەی کوژرانی دکتاتۆرەوە ، جەماوەری خەڵک بەبۆنەی ڕزگاربوونیان لە دکتاتۆر ئاهەنگ و کەرنەڤاڵ دەگێڕن...

پولیفونی (فرەدەنگی) : یەکێکە لە مەرجەکانی ڕۆمانی تازە ، ئەمەش دەرهاوێشتەی سیستەمی

دیموکراتیەتە . واتە نووسەر ناچارە دەرفەت بە کاراکتەرەکان بدات تا گوزارشت لە خۆ بکەن ، یان کاراکتەر ، بە گوێرەی ڕەوتی پرۆسە ڕۆمانەوانیەکە ، خۆیبوونی خۆی وەردەگرێت و بەگوێرەی ژینگەی ڕۆمانەوانیەکە هەڵس و کەوت دەکات و بەگوێی گوتیار یان ڕۆماننووس ناکات...

نوێژ و نزا : هەوڵێکە بۆ ڕزگاربوون لە ڕق و کینەکانی ناخ ، بۆ پاکبوونەوەی ڕوح و ئاسوودەیی ناخ...

خزمەتکردنی دکتاتۆر و دکتاتۆریەت ، مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەخات و هەموو هەستێکی مرۆڤانی لەلا دەسڕێتەوە... دکتاتۆر ، دژمنەکانی خۆی لە باری فیزیولوجیەوە پاکتاو دەکات و لە باری مەعنەویەوە ناو و ناوبانگیان دەلەوتێنێت و ناویان دەزڕێنێت ! قسە و قسەلۆکی وایان بۆ هەڵدەبەستێت کە لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبێت .

دەوری میللەتی ساویلکە و نەزان یەجگار زۆرە لە دروستکردنی دکتاتۆر ، میللەتی ساویلکە بەڕواڵەت و قسەی خۆش دەخەڵەتێت ، ئیدی دکتاتۆر لەلای خەڵکی ساویلکە دەبێت بە بەها و نموونەیەکی باڵا و قەناعەت پەیدا دەکەن ، هەر کارێک بکات ڕەوایە و بێ چەند و چوون لە بەرژوەندی خەڵکیدایە... وێنەکەی بە دار و دیواری وڵاتا هەڵدەواسرێ و وەکو بت دێتە پەرستن... و دەکەوێتە سەرووی هەموو دنیابینییەکی ڕەخنەییەوە... ئیدی لە ڕێگای تەڵقینی ئایدۆلۆژییەوە ، لە ڕێگای زەبر و زەنگ و تیرۆر و تۆقاندنەوە ، پرۆسەی گەوجاندن و گەوجاندنی ئەقڵی دەست پێدەکات ...

ئیدی دکتاتۆر بەرەبەرە دەبێت بە دۆزەخێکی هەمیشەیی بۆ گەلەکەی ، ئیدی هاوڵاتی کەسایەتیەکی دووفاق پەیدا دەکات ، لەلایەکەوە لە دڵی خۆیدا خۆزیا دەخوازێت لە دکتاتۆر ڕزگار بێت ، لە ئالیەکی دیکەشەوە دەبێ بە پراکتیکی و بە ڕواڵەت خزمەتی دکتاتۆر و دەسەڵاتەکەی بکات و هیچ گومانێک نەیەنێتە سەر خۆی تا نەبێت بە نیشانەیەکی خۆش ئەنگافتە ، ئیدی هاوڵاتی ناچار دەبێت لە درۆی بەردەواما بژی ، ( بە

ڕواڵەت خۆشی بوێت ) و حەقیقەتی خۆی ( ڕقی خۆی لەو ) لە ناخی خۆیدا بنێژێت .

هیگل گوتەنی : « ئازادی ماهیەتی روحە «... ئازادی هەوێن و ئامیانی روحە ، ئازادی ماهیەتی ڕوحە ، بۆیە کە ئازادیت لە هەر کەسێک سەندەوە مانای وایە ڕوحت لێی سەندووەتەوە و مرۆڤ بە بێ روح لە مرۆڤایەتی دەکەوێت . بۆیە خەمی گەورەی دکتاتۆر ئەوەیە کە ئازادی لە میللەتەکەی بسەنێتەوە تا روحیان وێران بکات ، هەنگێ مرۆڤ ، دەبێت بە بوونەوەرێکی هولامی و ئیدی دکتاتۆر بە ئارەزووی خۆی هەڵیدەسوڕێنێت و بەو شێوەیە جەوهەر و کرۆکی مرۆڤ ، واتە مرۆڤایەتی مرۆڤ ، لە نێو دەبرێت و دەبێت بە بوونەوەرێکی بێ دەسەڵات ، بێ شەخسیەت و تووشی نەخۆشی ترسنۆکی ئەقڵی دەبێت ... دەبێت بە بوونەوەرێکی مازۆخی ، لەزەت لە ئازاری خۆی دەبینێت ، سەرشۆڕی و ملکەچی خۆی پێخۆشە ، ڕزگاری خۆی لە ملکەچی خۆی بۆ هەر حەقارەتێک دەبینێت ... مرۆڤ تا لە دکتاتۆر نزیک ببێتەوە زیاتر دەلەوتێ و شەخسیەتی خۆی لە دەست دەدات و کەرامەت و شەرەف لە حەوت کێوان ئاوا دەبێت ... بۆیە هەستکردن بە کەرامەت و ئازادی قەرار، پێویستی بە کەسێکە بە ئازادی پەروەردە بووبێت و بە ئازادی بژی و بێ ترس و ئازادانە هەڵوێست وەربگرێت...

دکتاتۆر ، زیاتر هەست و سۆزی جەماوەری دەدوێنێت تا ئەقڵیان ، چونکە لە ڕێگای سڕکردنی ئەقڵ و جۆشدانی هەستەوە ، وەلای خەڵکەکە بەدەست دێنێت .

لە سایە و سێبەری دکتاتۆریەتدا ، ڕێزی مرۆڤ لەوەدایە چەند لە دەسەڵاتەوە نزیکە ، نەک بە هۆی توانا و بەهرەی خۆیەوە ... دکتاتۆر هیچ پەیوەندییەکی مرۆڤانی و مرۆڤدۆستی لەگەڵ کەسدا نییە ( خۆشەویستی، دۆستایەتی... ) نە خێزان و ماڵبات ، نە ئاین و ئۆل ، نە هونەر ، ئەمانە لە قامووسی ئەودا نییە ، بە کورتی لە هەر هەموو ئەو پەیوەندییە ڕوحیانە بە دوورە کە ئینسانیەتی مرۆڤ ڕیشاژۆ دەکەن .

ڕۆمان چەند سیاسی بێت ، دەبێ

بە زمانی ئەدەب بێتە دەربڕین.. جوانی گوتاری ڕومان ، لەوەدایە کە نووسەر هەمەجۆری زمان و فرە دەنگی پێ ببەخشێت... و گۆشە نیگای جیاوازی تیا بەکار ببات ... واتە فرە دەنگی و فرە ئاستی زمان ، یەکێکە لە تەکنیکە باوەکانی ڕۆمانی مودێرن . هەستیاری زمان لە وێنەگرتنی دیمەن و لە وێنەگرتنی کاراکتەردا بەدیار دەکەوێت . هەر پەرەسەندنێک لە ڕووداوی کاری ڕۆمانەوانیدا ، دەبێ پەرەسەندنێکی زمانەوانی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە کە ڕووداوەکە بەرجەستە بکات..

لە سایە و سێبەری ترس و دکتاتۆریەتدا ، شارستانیەت دروست نابێت ، ترس و سەرکوتکاری ، پاشکەوتن ڕیشاژۆ دەکەن و دەیپارێزن و بەشەر لە بەشەرییەت دەکەوێت ... دکتاتۆریەت لە هەر کوێیەک بڵاو ببێتەوە ، ئیدی پەتای پاشکەوتن لەو شوێنە بڵاو دەبێتەوە و ملکەچی باڵ بە سەر خەڵکەکەیدا دەکێشێت ..

جوانترین شتی ڕۆمان ، ئەوەیە کە نووسەر بتوانییێت دەنگی خۆی بشارێتەوە... دەرفەت بۆ کاراکتەرەکان خۆشبکات کە ئازادانە گوزارشت لە خۆ بکەن و گرێی دڵی خۆیان بەجۆرێ بکەنەوە ، کە بە زندوویەتی لە زەین و یادگەی وەرگردا بمێننەوە... لە بونیادێکی ڕۆمانەوانی جواندا ، ئەوەی ژێر بەرە بخەنە سەر بەرە ...

( ٣ )

لە هاماج و ئوتموسفیرێکی جادوویی ئەوتۆدا کە سنووری نێوان واقیع و خەیاڵ ، ون دەبێت و لە دوا ئەنجاما کارێکی ئەدەبی ناوازە دێتە ئاراوە ... یەکێکە لەو بەرهەمانەی لە یەکەم وشەوە تا دوا وشە ، وەرگر بەخۆیەوە گرێ دەدات.

نووسین ، هەرچەندە زۆر بە ژان و ژارە ، بەڵام ئاسوودە بەخشیشە . خوێنەر کە بەرهەمێک دەخوێنێتەوە ، دەبێت بە شەریکی ئەو بەرهەمە... بەلای کەمەوە تا ئەو ماوەیەی لە خوێندنەوەی بەرهەمەکە دەبێتەوە ، دەچێتە پێستی نووسەرەوە و ، لەو ساتانەدا دەژی کە نووسەر تیایدا ژیاوە و بەو جۆرە گوزارشتی لەو هەست و سۆز و هزر و بیرانە

کـردووە کـە لـە ناخیـا پەنگاوەتـەوە و نیگـەران و هەراسـانیان کـردووە ... ئیـدی کاراکتـەر بـەدەم پرۆسـە ڕۆمانەوانیەکـەوە بـەرە بـەرە ژیانـی هونـەری پەیـدا دەکـەن و...

چیرۆکـی کـورت وەکـو تیرێـک وایـە کە بۆ یەکجار بـەکار بێت ، بۆیە دەبێت ، نیشـانە بپێکێت ، بۆیـە نووسـەر دەبێ سـەگڤان و ئەنگێوەیەکی لە زەبر بێت ، دەبێـت تەردەسـت بێـت ، لەزگیـن و چاوتیژ بێت ، دەبێ دەستی نەلەرزێت و تاقە تیرەکەی بە خەسـار نەچێـت... بۆیـە چیرۆکـی کـورت قورسـە وەکـو شـیعر ، بـەڵام ڕۆمـان وەکـو تەونێـک وایـە کـە بـە دەم چنینـەوە جۆرەهـا گۆڕانـکاری بـە سـەردا دێـت... واتـە ڕۆمـان بـە گوێـرەی نەخشـە و پلانێکـی پێشـوەختە دارێـژراو نایەتـە نووسـین... زۆرجـار ڕۆماننـووس لەگـەڵ کاراکتەرانـی ڕۆمانەکەیـدا یەکیانگیـر دەبێت بەبێ ئەوەی سیما تایبەتیەکانی کاراکتەرەکانـی بسـڕێتەوە... زۆرجـار کاراکتـەر ، چونکـە نـە بەدڵی نووسـەر دەکـەن، نـە بـە گوێـی ، بەڵکـو لێـی یاخـی دەبـن ، بـە گوێـرەی واقیعـی ڕۆمانەکـە و ژینگـە ڕۆمانیەکـە هەڵـس و کـەوت دەکـەن و لێرەوە فرە دەنگی چێدەبێـت... لـەم حاڵـەدا کاراکتـەر خۆیبوونـی خـۆی پەیدا دەکات و نابێت بـەو بڵندگۆیـەی بۆچـوون و تۆڕینـی نووسـەر دووبـارە بکاتـەوە ...

ناونیشـان : وەکـو پێشـتریش ئاماژەمـان کردووەتـێ ، تـا سـیحراوی تـر و نائاسـایی تـر بێت ، خوێنـەر پتر دەهاروژێنـێ و کەڵکەڵـەی پەیگیـری ڕۆمانەکـەی دەخاتـە سـەر... ڕۆمـان هونـەرە ، هونـەر لـە واقیـع باڵاتـرە ، بۆیـە دەبێـت لـە هـەر ڕاپۆرکارییەکـی فێرکاریانـەی کاڵ و کرچ بە دوور بێت ، ناونیشـان دەبێ ناونیشـانێکی ئیجابی بێـت.

زمانـی کاراکتـەر ، نابـێ لـە توانـای زەینـی و ڕۆشـنبیریی کاراکتەرەکـە باڵاتـر بێـت ، نابـێ دەنگـی نووسـەر ( گوتیـار ) زاڵ بێت بەسـەر دەنگـی کاراکتەرانـدا ، نووسـەر نابـێ بیانـکات بە بڵندگۆی خۆی... نووسـەر پێدڤیە لە خەمـی ئـەوەدا بـێ کـە زمانـی دیالـۆگ ، بـەلای خوێنـەر یـان وەرگـرەوە قەناعەتبەخـش بێـت...

( ٤ )

ئەگـەر ژیـان نەکاتـە هیـچ ، هیـچ

شتێکیش ناکاتە ژیان . هیچ شتێکیش لە دەرێی ژیاندا نییە... ئیدی گرینگ ئەوەیە چۆن بژی نەک چەند بژی... مرۆڤ لە دەرێی ئازدیدا لە مرۆڤایەتی دەکەوێت ، مرۆڤی کۆیلە ، نائازاد ، لە ڕووی یاساییەوە بە مرۆڤ نایەتە ژماردن . گرینگە مرۆڤ لە پێناوی وەدی هاتنی خەونەکانیا بخەبتێ ، کۆڵنەدات ، ئەوە بزانێت کە جوانی ژیان لەم خەبتین و کۆڵنەدانەدا بەرجەستە دەبێت... مرۆڤ هەمیشە ، پێ بزانێت یا نەزانێت لە ڕوحی خۆی دەگەڕێ ، تا زیاتر بە ژیانا ڕۆبچێت و خۆی لە بەر ئازارەکانی ژیان بگرێت...

ئینسان بەرانبەر بەخۆی ، بە خەڵکی ، بە دنیا بەرپرسیارە ، بۆیە دەبێ بە کردار کار بۆ گۆڕان بکات ، بەرەنگاری هەر بێدادییەکی جڤاکی ببێتەوە و هەمیشە لە خەمی ئینسان و ئازادی ئینسساندا بێت و وشەی ئازادی ببێتە وێردی سەر زمانی... نووسەر هەقە بەسەر هەموو کەلتوورەکاندا ، چ ڕۆژهەڵاتی و چ ڕۆژئاوایی ، بکرێتەوە و هیچ دەرگا و پەنجەرەیەک لە خۆی دانەخات ؛ ئەوانەی لە ژینگەی فرە کەلتووری و ڕۆشنبیریدا ، پەروەردە و گەورە دەبن هەمیشە کراوەترن لە خەڵکانێک کە لە ژینگەی تاک کەلتووریدا دەژین...

نووسەر دەبێت سوود لە دوو سەرچاوەی فێربوون وەربگرێت ؛ هونەر و بەشەر . هەڵبەتە هەندێک هەن سەرچاوە بەشەرییەکە بەسەر سەرچاوە هونەرییەکەدا پەسند دەدەن . چونکە بەشەر کتێبی کراوەن.. نووسەری ڕەسەن بۆ نووسین دەژی ، بە نووسین و لە ڕێگەی نووسینەوە ناژی... هەمیشە حیکمەت و عیبرەتی ژیان گەورەترە لە حیکمەتی کتێب . ئیدی هونەر دەبێ بە ئەوزاری پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دیدا و بە دوور لە هەر مەیل و ئایدۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیابازییەک ، حەقیقەتەکان هونەریانە نیشان بدات... واتە خەمی بەر و دوای مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ بێت ، گرینگ ئەوەیە مرۆڤ بۆ خۆی و ناسنامەی خۆی بگەڕێت و خەون و ئامانجێکی هەبێت کە بۆی بژی ، مرۆڤ بەبێ خەونان دەمرێت... نووسەر بە خەون و واقیع دەژی... زمانی سادە ، ڕاستەوخۆ ، کەمتر

بە چەمک و مانای قووڵ بارگاوی دەبێت ، بۆیە خوێنەر هان نادات بۆ کەشفکردنی مانا و چەمکە پەنهان و ڕەمزییەکان ، بۆیە نووسەری باش لە شێوازی ڕاستەوخۆ و زمانی ئاسایی خۆی دوور دەگرێت و پەنا وەبەر زمانی ڕەمزان دەبات ... زمانێک کە زۆر لە واقیعەوە دوور نەبێت... یەکانگیری کار و ڕامان ، توانای ئەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت کە چرە زمانێکی ڕەمزی بەکار بێنێت ... دروستە کە کۆتایی ئینسان مردنە ، بەڵام ژیان تامێکی دی هەیە ، ئەگەر پیاو بتوانێت ڕێگای دروست هەڵبژێرێت و لە هەنبەر هەل و مەرجە دژوارەکانی دەوروبەریا دەستەوەستان نەبێت... گرینگ ئەوەیە چۆن بژی نەک چەند بژی ، گرینگ ئەوەیە ئینسان ئامانج یان خەونێکی هەبێت بۆی بژی...

نووسەر دەبێ دەرفەت بە کاراکتەر بدات ، بە دەنگی خۆی ، بە زمانی تایبەتی خۆی گوزارشت لە هەستەکانی بکات...

روح نامرێت ، وەختایەک کەسێک دەمرێت ، روحی دەفرێت ، دنیا و گەردوون دەداتە ژێر باڵی فرینەوە ، دەبێ بە هەور ، باران ، خۆی بە کەلێن و درزی تاوێراندا دەکات ، ئاوێتەی تەبیعەت دەبێتەوە ، بەو ئیحتوبارەی بەشێکە لە تەبیعەت ، هەنگێ دەبن بە ڕوحی دنیا...

***

لێرەدا ڕەهەندێکی فەلسەفی بە زمان دراوە ، ئینسان لە ڕابردووا ناژی ، لە ئایندەدا ناژی ، بەڵکو لە ئێستادا دەژی ، شادی ئینسان لە ئێستادایە ، بۆیە دەبێت گرینگی بە ئێستا بدرێت . ڕابردوو داینەمۆی ئێستایە بە ئاراستەی ئایندەدا...

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

١ – بدر عبدالملک محمد / ملامح من ادب امریکا اللاتینیه / الروایة نموذجا ، دار الکنوز الادبیة ، الطبعة الاولی – ١٩٩٤، بیروت .

٢ – حسب اللە یحیی، ذاکرة القراءة دار اراس، اربیل، الطبعة الاولی ٢٠١٢.

٣ – محمد داود ، الروایة الجدیدة بیناتها و تحولاتها ، الطبعة الاولی ٢٠١٣، ابن الندیم للنشر و التوزیع. الجزائر.

٤ – ادب امریکا اللاتینیه الحدیث ، ترجمة محمد جعفر داود ، وزارة الثقافة ، دار الشؤون الثقافیه العامة، بغداد، الطبعة الثانیة ١٩٨٦.

# ئەفراندنی زمان و بانگەشەی ئەفراندن



فەرەیدوون سامان

هیچ دەقێکی ئەدەبی بێ ئەفراندنی زمان نابێت، واتە ناکرێت تۆی نووسەر یان شاعیر، ڕۆمانووس بە خۆت بڵێی من داهێنەرم، گەورەم، بەڵام نەزانیت بە پاراوی و بێ گرێوگۆڵ و بە دروستی زمان بەکاربهێنیت، نەزانیت ڕستەسازی و وشەسازی بکەیت، تەنانەت نەزانیت خاڵبەندی و ڕێنووسیش بەکاربهێنیت.

چونکە شیعر یان چیرۆک و ڕۆمانن وەک هەر دەقێکی ئەدەبی داهێنراو لە ڕێگای زمانی باڵای خۆیەوە، هەروەک چۆن زمانێکی باڵاتر و بە ئاوازترە بە بەراورد بە زمانی ئاسایی، خۆی نمایش دەکات، هەر بەو شێوەیەش بایەخی دەقە ئەدەبییەکە لەوەدایە بەدەر لە ئاراستەی ئایدۆلۆژی و ناوچەگەرێتی

و لۆکاڵی، تێڕوانینی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی بۆ دەقی بەستووی دیدگایەکان فراوانتر دەکات و دەیکاتە مەیدانی خەیاڵ و دارشتنێکی نوێتر.

هەرچەند هونەری شیعریش باڵا بێت، بەرهەمەکە نەمر و بەرزتر دەبێت، خۆ ئەگەر بە پێوانەی ئەم پێناسەیە بێت، شیعرییەتی دەقێکی سیاسی یان نیشتمانی ناگاتە شیعرییەتی دەقێکی ڕۆمانسی یان ئیرۆتیکی. چونکە شیعری ڕۆمانسی، جوانکاریی بایەخی یەکەمیەتی و شیعری سیاسی و نیشتمانیش ڕوو لە زۆرینەی خەڵک دەکات، بەڵام شیعری هونەری بۆ خوێنەری دەستەبژێرە، خوێنەرێک کە گەرەکە بە دیدێکی ڕەخنەیی و ئیستاتیکی ئەو دەقە شیعرییە شرۆڤە بکات و بیخوێنێتەوە.

بەڵام ئایا ڕەخنەی شیعری لە ئاستی شیعری ئەمڕۆی کوردیدایە؟

ئەمە پرسیاری نووسەرێکی ڕۆژنامەنووسی ئەدەبییە، هەڵبەت بایەخی ئەم پرسیارە لەوەدایە کە تەرکیزی خستۆتە سەر یەک ژانرێکی ئەدەبی- ئەویش شیعرە، کە یەک



ڕەهەندی هەیە و ڕووبەڕووی ژانری شیعر بە گشتی بۆتەوە، تەنانەت پرسیارەکەش کۆمەڵێک ڕەهەندی گشتی جیاواز لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت، واتە ئێمە کام ڕێباز یان میتۆدی ڕەخنەیی هەڵبژێرین بۆ قسەکردن لەسەر ئاستەکانی شیعری ئەمڕۆی کوردیدا؟

ڕەخنەی شیعریی(بە میتۆدە ئەکادیمییەکەی) شوێنێکی گرنگ لە نێو کایەی ڕۆشنبیریی و شارستانییەتی گەلان پێکدەهێنێت. هەر نەتەوەیەک بە پێی بارودۆخی گەشەکردنی ژیاریی و مێژوویی و ڕۆشنبیریی خۆی بایەخی پێداوە و پێگەی لە نێو ئەدەبەکەیدا چەسپاندووە.

ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی دووری نییە، بەڵام وەک سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیست دەروازەیەکی نوێ و گرنگ بوو لە دەرکەوتنی ڕەخنەی شیعری کوردی و چەکەرەکردنی، ساڵانی حەفتا و هەشتایەکان قۆناغێکی گرنگ بوو لە مێژووی شیعری کوریدا. لەم ڕوانگەیەوە شاعیرانی کورد لە ئەزموونی شیعری خۆیاندا ڕۆڵێکی کارایان هەبووە لە ئەفراندن و نووسینی شیعردا.

بەر لە هەموو شتێک پێویستە بزانین کە چەمکی ڕەخنە یان ڕەخنەیی، چەمکێکی فرەڕەهەندە، دەکرێت لە ڕوانگەی فەلسەفی، کۆمەڵناسیی، دەروونناسیی، ئەدەبیی...هتد لێی بکۆڵرێتەوە.

لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە ئەو بەرامبەری و ناکۆکی و دژیەکییانە دەگرێتەوە کە لە نێوان کارەکتەر و ڕووداوەکانی دەقێکی شیعریدا بەرجەستە دەبن.

بەڕای من بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، من ڕەهەندی شیکاری دەروونیی هەڵدەبژێرم کە لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەییەوە لێیکۆڵیوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە یەکێک لەو ڕەهەندانەی لە دەرەوەی دەقی شیعرییەوە ڕۆڵی لە بونیادنانی دەقدا هەیە، بریتییە لە ڕەهەندی شیکاریی دەروونی، دەشێ لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونییەوە وەک ڕەگەز و لایەنی توێژینەوە بایەخی پێبدرێت. چونکە شیعر بە گشتی

بەر لەوەی لەسەر بنەمایەکی هزری و مەعریفی و فەلسەفی بونیات بنرێت، لە ڕاستیدا ئەوا کۆڵەگە بنەڕەتییەکەی نووسینی پەیوەستە بە ئەفراندنی زمان، دواتر بەو خەیاڵ و کۆهەست و کۆنەستانەی شاعیر، کە لە ڕەوشێکی تایبەتی دەروونیدا، لە دەقێکی شیعریدا بەرجەستە دەبن و دەریدەبڕن و پێیدەڵێن دەقی شیعر، بێگومان دواتر شاعیری بە ئەزموون هونەرمەندانە لە قاڵبێکی هونەری باڵادا دایدەڕێژێتەوە.

دەگەڕێمەوە سەر چەمکی ڕەخنەی دەروونشیکاری یان ڕەخنەی شیکاریی دەروونی، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە کاریگەری قوتابخانەی دەروونشیکاری سەریهەڵداوە، هەر لەو قوتابخانە دەروونناسییەشدا وەرگیراوە، کە دواتر بە قوتابخانەی دەروونشیکاریی ناسرا. زاراوەکەش لە سێ بەش پێکهاتووە، بریتیین لە(ڕەخنە+دەروون+شیکاری). ئەگەر هەر لە واتای زاراوەکەوە تێبینی بکەین، واتە ئەو ڕەخنەیەی بایەخ بە شیکاریی دەروونی یان شیکردنەوەی ڕەهەندی دەروونی لە دەقی شیعریدا دەدات. میتۆدێکە لەسەر بنەمای بایەخدان بە ڕەهەندی دەروونی و ئەو لایەنانەی پێوەندییان بە دەروونی شاعیرەوە هەیە و هەروەها ئەو لێکەوت و دەرکەوتانەی لە لایەنی دەروونییەوە درووست دەبن و ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرایان بە سەر داهێنانی دەقی شیعریدا هەیە، دامەزراوە. بەتایبەتیش لێکەوت و دەرکەوتەکانی لایەنی دەروونی دەقنووس لە دەقەکانیدا، کە هەمیشە ئەم لایەنە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئەفراندنی شیعردا هەیە، ئەم میتۆدە ڕەخنەییە شیکردنەوە و ڕاڤەکانی لەسەر بنەمای یەکێک لە تیۆر و چەمک و وتەزایەکانی قوتابخانەی دەروونناسیدا ئەنجام دەدات. بۆیە دەشێ بڵێین ڕەخنەی دەروونشیکاری بریتییە: لەو میتۆدە ڕەخنەییەی کە قوتابخانەی دەروونشیکاری سەر بە دەروونناسیی بناخەی درووستبوونەکەیەتی و لە توێژینەوە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ڕەهەند و لایەنی دەروونی لە دەقدا پشت بە چەمک و زاراوە و کەرەستە و وتەزا و بنەما و میکانیزم و تەکنیک و هەنگاوە

پراکتیزەییەکانی تیۆرە جیاوازەکانی قوتابخانەی دەروونشیکاری دەبەستێت.

قسەکردن لە پەیوەندی نێوان رەخنەو بە دەقی شیعرییەوە یان توێژینەوە و شیکردنەوەی رەهەندی دەروونی لە دەقی شیعریدا، لەو روانگەیەوە کە دەق رەنگدانەوەی دەروونی نووسەرەکەیەتی و رەهەندی دەروونی بە هەموو دۆخە جیاوازەکانییەوە ئامادەیی لە نێو دەقدا دەبێت، لە پرۆسەی راڤەکردن و توێژینەوەشدا پشت بە چەمک و زاراوە و میکانیزم و تیۆر و هەنگاوە پراکتیکییەکانی ئاراستە جیاوازەکانی نێو ئەم قوتابخانەیە دەبەستێت.

رەخنەی دەروونشیکاری لە میانەی پرۆسە رەخنەییەکەیدا هەم بایەخ بە شاعیرەکە دەدات، هەمیش بە (دەق)، و هەوڵی توێژینەوە لەم دوو لایەنە دەدات بە پشتبەستن بەو چەمک و زاراوە و میکانیزمە شیکەرەوەییانەی کە زانایانی دەروونشیکاری دایانهێناوە. بایەخ بە دەقنووس دەدات، لەبەرئەوەی دەقنووس خاوەن کەسێتییەکی دەروونی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو دەزگا دەروونییەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هەژموونی جیاوازەوە، کە خۆی لە ئاگایی و نائاگایی و من و منی باڵا و ئەو و نائاگایی و گرێی نزمی و ... هتد هەیە. ئەمانە رەنگدانەوەیان بەسەر رەفتار و گوفتار و داهێنان و چالاکییە جیاوازەکانی مرۆڤەوە هەیە. بۆیە ئەمانە رۆڵی راستەوخۆ لە ئاراستەکردنی هەموو چالاکییە مرۆڤایەتییەکان دەبینن. کە یەکێک لەمانەش ئەفراندنی ئەدەبی و هونەرییە، کە لە روانگەی رەخنەی دەروونشیکارییەوە رەنگدانەوەی ئەم هەژموونە جیاوازانەیە. لە لایەکی ترەوە بایەخ بە دەقیش دەدات، لەبەرئەوەی دەق رەنگدانەوەی دەروونی دەقنووسە و دەروونی شاعیر رەنگدانەوەی لە نێو دەقە شیعرییەکەدا دەبێت و بە شێوەی رەمز ئاماژە بە دۆخە دەروونییە جیاوازەکان دەکات. بەمەش دەق دەبێتە کەرەستەیەکی دەوڵەمەند و بایەخی دەروونشیکاری کە لەمیانییەوە هەنگاوە شیکەرەوەییەکانی تێدا ئەنجام دەدات.

ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردی وەک چەمکی شرۆڤەکاری کە دەقێکی شیعری شرۆڤە دەکات لەسەر بنەمای میتۆدێکی ڕەخنەیی تویکاریی، زۆرینەی ئەو دەقانەی بە ناوی شیعرەوە دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە ڕەگەزی هونەری یان بەشێک لە ڕەگەزە هونەرییەکانی نووسینی شیعرییان تێدا نییە. چونکە شیعر چوارچێوەیەکی هونەری بەرجەستە و زاڵە بەسەر دەقە شیعرییەکاندا، ئەگەرچی لە هەندێ دەقدا تەنها ڕووداو یان بابەت، دێڕە شیعرەکان و مەنەلۆگەکان بەسەر کارەکتەرەکاندا زاڵن.

خوێنەرانی بێ ئاگای ئێمە هێشتا لەژێر باندۆر و هێژموونی سۆسیالمیدادا بڕیار لە ئەفراندن و گەورەیی شاعیرێک دەدەن بێ ئەوەی باگراوەندی کەلتووری و فەرهەنگی ئەو شاعیرە بزانن و بیۆگرافیای شاعیرە دزی لێکراوەکە بناسن کە کاکی شاعیری ساختە لە ڕێگای وەرگێڕانی دەقێکی شیعری لە زمانێکی بیانییەوە مشەخۆرانە ئیشی لەسەر ئەو دەقە شیعرییە دزراوە کردووە.

بۆیەش من هەڵە ناکەم ئەگەر بڵێم ڕەخنەی شیعری کوردی هێشتا وەک ژانرێکی بەهێزی ئەدەبی کوردی بوونی نییە و ناتوانێت بۆ دەرخستنی کێشە و ئاریشەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردی کار بکات. چونکە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی داخراوەو بڕوای بە ڕەخنە نییە، بە شێوازێکی هونەری نەیتوانیوە خود هۆشیاری خۆی لەنێو دەقە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگبداتەوە.



# لایلایەی باوکانی کورد

## حیشمەتوڵای لوڕنەژاد بەنموونە



**عەبدولستار جەباری**


**کۆرپەی شیرینم بنووە درەنگە**
**شەوگار درێژ و دنیا بێدەنگە**
**بنووە ئازیزم بەختت بێداربێت**
**هەر رۆژێ ژینت هەزار بەهاربێت**

هیچ دیمەنێک لە دنیادا ناگاتە دیمەنی ئەو دایکە میهرەبانەی کە جگەرگۆشەکەی کردۆتە نێو لانکەکەی و بە دەنگە شیرینەکەی لایلایە و لاواندنەوەی بۆ دەکات، دەنگی تێکەڵ بە دەنگی تەقەتەقی لانک و زرەی پۆیلە و خڕوهۆڕی موتوموور لانکەکەی دەکات.

لامارتین دەڵێ: (جوانترین هۆنراوە لە سەرانسەری دنیادا، لایلایەی دایکانە). لایلایە بەشێکە لە ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی فۆلکۆری. لایلایەی دایکانی کوردیش کەلەپووری ڕەسەن و لە مێژینەی گرنگە لە ئەدەب و هونەری گۆرانیی کوردەواریمان .

زۆر کەس لایانوایە لاواندنەوە و لایلایە دەبێ تەنیا دایکان بیڵێن و بۆ باوکان نەهاتووە دەست بۆ ئەو هونەرە بەرێت! بەڵام ئێمە لێرەدا بە بەڵگەوە ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکەینەوە کە و دەیسەلمێنین باوکیش بۆی هەیە لایلایە بۆ جگەر گۆشەی بکات.

هەموو دەزانین کە کۆمەڵگەی کوردەواری زۆر جیاوازیی ڕەگەزی نەکردووە و لە ڕووی سایکۆلۆجییەکەیشەوە گەر بڕوانین، دەبینین وەک چۆن منداڵ بەشێکە لە ڕۆحی دایکان، بەڵام بۆ باوکانیش هەمان شتە. بۆ نموونە هەرکەسێک گوێبیستی لایلایە بەناوبانگەکەی هونەرمەند حیشمەتوڵای لوڕنەژاد بێت کە چەند بەسۆزەوە گوتوویەتیەوە، هەرگیز ئەم دەنگە شیرینەی لەبیر ناچێتەوە. لێرەدا دەیسەلمێنێ باوکانیش بۆ یان هەیە کۆرپەکانیان بلاوێننەوە، وەنەبێ لوڕنەژاد تاکە هونەرمەندی ڕەگەزی نێر بێت لایلایەی گوتبێت! بەڵکو چەندان هونەرمەندی ناسراوی تری کورد وەک



محەمـەدی مامـلێ»٢»، مەزهـەری خـالقی، حەمەجـەزا، شـڤان پـەروەر، حەسـەن زیـرەک، بیـژەن کامـکار و هۆمەر دزەیی و... چەند هونەرمەندێکی تـر لایلایەیـان گوتـووە.

جگـە لـە «ئیحسـانولڵای ئەخـەوان» کە خاوەنی هۆنراوەی ڕوڵە لایلایەیە، ئـەو شـاعیرە پیاوانـەش لایلایەیـان هۆنیوەتـەوە وەک «فایـەق بێکـەس، ئەمیـن عالـی بەدرخـان، هـەژار موکریانـی، قانیـع، کامـەران موکـری و هتـد». شـەرت نییـە هەمـوو ئەمانـە بەدیـار لانکێکـەوە دانیشـتبێتن و بیانـەوێ زارۆکەکانیـان بخەوێنـن! بەڵکـو بەمانـا و مەغزایەکـی سیاسـیی قووڵ پڕ مانا، بۆ نەتـەوە ستەملێکراو و خاکـە داگیرکراوەکەیـان گوتـووە. هـاوکات خۆیان لاواندۆتـەوە و خەمـی دەروونیـان ڕەواندۆتـەوە «٣».

لایلایـە بەشـێکە لـە هونـەری گۆرانـی و مەقامـی ڕەسـەنی کـوردی، کەواتـە پیـاوان چـۆن بۆیـان هەیـە هەمـوو گۆرانـی و مەقامێـک بڵێنـەوە، بۆیـان هەیـە ئـەم شـێوازەش بڵێنـەوە. ئەگـەر شـرۆڤەیەکی بەدیقـەت و ورد بـۆ هۆنراوەکانیـان بکەیـن، بۆمـان دەردەکەوێـت ئـەم لایلایانـەی پیـاوان هۆنیویانەتـەوە، بارگاویـن بـە چەنـدان مانـا و کـۆدی تەمومـژاوی و تژیـن لـە هێمـا و دەربڕینـی کوورەی ناخـی هەڵقرچـاو، واتـە ئامـاژەن بـۆ خەمەکانـی نەتەوەیەکـی سـتەملێکراو و هـاوکات بەدیدگـەی فریـادڕەس بـۆ نەتـەوە و کوردسـتانەکەیان، دەڕواننـە جگەرگۆشـەکانیان و گـەر بەسـۆزتر نەبـن لـەو هۆنراوانـەی دایـکان هۆنیویانەتـەوە ، کەمتریـش نیـن.

لایلایەکـەی فایـەق بێکەسـی شـاعیر دیارتریـن نموونەیـە کـە بـۆ شـێرکۆی کـوڕی هۆنیویەتیـەوە، ئومێـدی ئـەوە دەکات کاتێ شـێرکۆ گـەورە بوو، ببێتە ڕۆڵەیەکـی بەئەمـەک و فریـادڕەس بـۆ ڕزگارکردنـی خـاک و نەتەوەکـەی، شـێرکۆ لێرەدا تەنیـا ئامرازێکـە بـۆ گەیاندنـی ئامانـج لـە هۆنینـەوەی شـیعرەکەیدا. لەبەرئەوەیـە لایلایەکـەی بێکەس هیـچ پێویست بەشـیکردنەوە و شـرۆڤەکردن ناکات. لـە چەنـد دێڕیکـی شـیعرەکەدا بێکـەس دەڵـێ:

**ڕۆڵە لایلایە شێرکۆ لایلایە**
**یاخوا شێرانە بێتە ناو کایە**
**بنوو بەخۆشی هەتا بەیانی**

**خەوی ژێر پەردەی پاکی یەزدانی**
**بنوو بە بێ ترس تا بەری بەیان**
**تۆم داوەتە دەس خودای نیگەهبان**
**ئێشکگری تۆن پەری ئاسمان**
**هیوای دوارۆژی بۆ قەومی کوردان**

بۆ زیاتر شارەزابوون لە کار و چالاکییە هونەرییەکانی هونەرمەند حیشمەتوڵای لوڕنەژاد و دنیای ئاواز و گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە مەزنەی لوڕستان، بەچاکی دەزانم گوزەرێک بە ژیننامە و دنیای هونەریی و بەرهەمەکانیدا بکەین. ناوی تەواوی لوڕنەژاد «حیشمەت کوڕی حاجی فەتحوڵا»یە. ساڵی١٩٤٧ لە گەڕەکی "ئەلافخانە" لە کرماشان و لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. لەژێر کاریگەریی باپیری کە دەنگخۆش بووە، دەستی بەگوتنی گۆرانی کردووە. لە ساڵی ١٩٦٤و لە تەمەنی١٧ ساڵیدا، بە چڕینی گۆرانی «نەچوو» لە ئاوازی خۆی و شیعری یەدوڵای لوڕنەژادی ناسراو بە» شەیدا کرماشانی»، لە ئۆرکێسترای رادیۆی کرماشان دەستی بە چالاکیی هونەری کردووە.

هونەرمەندی ناوبراو ژینی هاوسەرگیریی پێکهێناوە و خاوەنی کچێک و دوو کوڕە (٤). لە گۆرانیگوتندا پێڕەوی ڕێچکەی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، عەلی مەردان، تایەر تۆفیقی کردووە و کەڵکی لە ڕێنوێنییەکانی "حەسەن زیرەک" و هەروەها موزیکزانەکانی کرماشان وەک مەحموود مرئاتی، مەسعوود زەنگەنە، محەمەد عەبدولسەمەدی، مەحموود بلوور وەرگرتووە. جگە لەوەی کە بە سۆرانی و کەلهوڕی گۆرانیی گوتووە، بە زمانی فارسیش چەند بەرهەمێکی تۆمار کردووە.

لوڕنەژاد پاش شۆڕشی ئێران لە ساڵی١٩٧٩ دا، لە تۆمارکردنی گۆرانی لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کرماشاندا بەردەوام بووە، لە ساڵی١٩٨٩ بەدواوە بەهاوکاری گرووپی «موشتاق» و بە سەرپەرشتیی هونەرمەند سیاوەش نووڕپوور، ژمارەیەک کۆنسێرتی لە شارەکانی تاران و کرماشان ئەنجام داوە. دوا کاریان کۆنسێرتی ساڵی١٩٩٥ بوو لە تاران. شارەزایەکی باشی لە مەقامدا هەبووە، زۆر لە گۆرانییەکانی خۆی داینراون یان لە دەستکاریکراوی خۆی بوون. هۆنراوەی گۆرانییەکانی

هەولێر نامەی کتێب

زۆرتـر لـە شـاعیران تاهیـر بەگـی جـاف، مەولـەوی و سـەید یاقووبـی ماهیدەشـتی و یـەدولاَی لۆڕنـەژاد و ئیحسـانولاَی ئەخەوانـی وەرگرتـووە. بۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵ کارمەندی دەزگای کەشناسی بووە لە کرماشـان. لوڕنەژاد هەوڵەکانـی بـۆ بەرەوپێشـبردنی موزیکـی کـوردی و بەتایبـەت زاراوەی کەلهـوڕی خسـتۆتەگەڕ و زیاتـر لـە «٢٠٠» گۆرانیـی بـە زمانـی کـوردی تۆمـار کـردووە.

نموونـەی گۆرانییەکانـی ئـەم هونەرمەنـدە وەک «عالـەم دڵگیـرم، ئـەڕا وەفـا نەکـردی، عاشـقی زار، بـادەی کامەرانـی، بـەزڕوان، چـاوت گریانـە، دڵـم زیندانـە، عاشـقی جاویدانـی، ئـەی خـودا، گەلاڕێـزان، هـەر تۆنـی یـارم، کرماشـان، قەسـر شـیرین، لایلایـە، شـەمع و پەروانـە، شـۆخی کەسـینەدار، یـاری شـیرین، ماڵئاوا ئازیزەکەم، دڵم زیندانی دەردە، گوڵەکـەم نەخشـانە، شـینم بکەریـن، ئیمشـەو میوانـم، بەهـاری مـن، ئـەی گـوڵ، زاڵـم زاڵـم، گوڵبانگـی ئاشـقانە، حیکایەتـی دڵ، کەمـەرە کەمـەرە»و زۆری تـر. هـاوکات شـارەزاییەکی تـەواوی لـە زمانـی کوردیدا هەبـووە و بەهـەر چـوار شـێوەزارەکەی هەورامـی و کەلهـوڕی و سـۆرانی و کرمانجـی گۆرانیـی هەبـوو.

مخابـن کـە لۆڕنـەژادی هونەرمەنـد لـە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی سـاڵی ١٩٩٥ کۆچـی دوایـی دەکات.

لـە بەشـێکی لایلایەکـەی لوڕنـەژاد کـە لـە هۆنـراوەی ئیحسـانولاَی ئەخەوانـە، هاتـووە:

**کۆرپەی شیرینم بنووە درەنگە(١)**
**شەوگار درێژ و دنیا بێدەنگە**
**بنووە بەرهەمی ژینی رابردووم**
**تەنیا ئاواتی عومری بابردووم**
**بەتۆوە شادە ژیانی تاڵم**
**بۆ تۆیە گوڵم بەکوڵ ئەناڵم**
**قەرارم تۆی بێ قەراری تۆم**
**تۆی مەرهەمی جەرگی بەسۆم**
**بۆت فرمێسکم ئەڕژێ وەک چۆم**

**سەرچاوەکان:**


١. ئاژانسی کوردپا.

٢. دیوانـی فایـەق بێکـەس، کۆکردنـەوەی ئومێد ئاشـنا ئینتیشـاراتی کوردسـتان ٢٠١١.

٣. چەپکێـک لەلایلایـەی دایکانـی کـورد. کۆکردنـەوەی ڕەزا شـوان کەرکـووک ٢٠١٩.

# ژنبوون گۆچانە بۆ هەستانەوە



ڕۆژ هەڵەبجەیی

کە بینینم دەفڕێ بۆ لای تۆ،
ئەوەندە تەماشام ماندوو دەبێت،
ترس دەمکاتە پارچەیەک  پەڕۆ
شەو لە خۆم کاڵ دەکەمەوە و
گرمۆڵەیی ئەدەم بە خۆمدا
ئەم ژنبوونەم چەند سەختە
عیشق چ سەرمایەکە دەمسوتێنێت
هەندێجار بۆ ئەوەی بە سەرما نەسوتێم،

ژنبوون دەخەمە ناو جانتایەکەوە،
بە قفڵ دەڵێم/ ناتکەمەوە تا دوا سەفەر
مەگەر مەرگ واژۆی بکات
ئەی ناکامترین عیشق تۆ چەند دووری
ئەوەندە نزیک لە
پەراسووەکانی چەپمەوە بارین و
لە خەتی خەیاڵەوە خلیسکان
عاریفێک لە پیاچوونەوەی غەزەلدا
پێی وتم /
(خۆشتدەویم؟) چ کەلتورێکە کۆن
تۆ منت کوشت و بە عیشقی
سەرپێییەوە
منت کردە خاشاک و خۆڵ
(خۆشتدویم ؟) چ نەریتێکە نێرانە،
لە ئاستانەی ژنێکدا شەریعەتی
تەجەنوون بەرپا دەکات
(خۆشتدەویم؟) چ بەهانەی گرێ
کوێرەیەکە،
لەبەردەم ماڵی ژنێکدا هەر
ماندووبوون دەچنیّ و
قاڵبییەک لەناو نیگارەکانییا پێناکەنیّ
ژنێک هەر بیرەوەری لێدەکەویّ و
کەسێک نییە دڵی لە شکان خاڵیکا،
لە فیراقا دەبێتە باڵەفڕو
لە کەوتنا ئاوڕ ناداتەوە لە دوا
لە ڕۆشتنا هێزێک ژبوونە،
گۆچانە بۆ هەستانەوە !
عیشق چۆن تەرجەمە دەکرێت؟
لە چ دادگایەکدا،
دەدرێتە بەر ڕێژنەی پێناسە؟
تۆ دەبێت هەست بکەی لەو دیو
پەنجەرەی ژنێکدای شیعر دەدات لە
خۆی،
بە دەم گلەییەکی کەسکەوە دەڵێت /
کەسێک بە ڕێگەی هەللاجا بڕوات،
دەبێت بزانێت عیشق ئیشراقە نەک
مەجاز،
کەتوار تێپەڕە، کوژانەوەی دەگاتە
زبڵخانە

* * *

من بە هەموو بوونەوە ویستم ئەوە
بوو،
کەسێک لە دەلاقەی خەیاڵەوە
بڕژێتە هەناسەکانمەوە،
پەشیمان نیم،
کەسێکم چاو نەکرد و
نەبوومە کۆیلەی کەسێک!
هەر کەسێک هات و ژنبوونمی
کردە قوربانی درۆی سیناریۆیەک
هەر پێم لە بەرد هەڵکەوت و
درێژەم دایە ڕەوڕەوەی سەفەرێک

لەو سەفەرەدا درەخت بردمی،
ڕەشەبا جووتێک باڵی ژنانەی پۆشی
دیوار پێڵاوی کردە پێ،
دەرگا ملپێچی کردە مل و کەوتە ڕێ،
وتیان عارفێک بە کەشکۆڵێک
ئیشراقەوە،
دەگاتە جێ
منیش ژنبوونم لە جانتاکەم کردەوە و
دەستمکردە ملی سەفەرێک،
تا دووری ڕاکێشم، نزیکی فڕێدەم
بۆ ئەوەی بزری نەکەم،
چوومە قوڵایی شەڕەکانەوە
تا شەڕ هەبێت، هەرەتی ئاشتی
خۆی ئەدا لە پێشبڕکێ،
تا چاوەڕوانی هەبێت،
نزیکم لە سەودا سەری سەرەتا
ئاخر چاوەڕوانی، ناچێتە چاوی
کۆتایی،
ئەمە ژنە سوورپۆشەکە وتی:
مرۆڤ واتە چاوەڕوانی
ئەم ڕۆشناییەم وشکی کرد
ئەوەندە کۆتاییم تۆخ کرد،
تا یەقینم گرتەوە،
من بۆ ئەوەی نەگەمە کۆتایی،
هێرشێک بۆ شعور دەکەم،
تا ژنبوونم لێنەکەوێ
ژنبوون گۆچانە بۆ هەستانەوە
عاریفێکیش لەولاوە هەر
غەزەلی تاڵانکرد و
هەر نەهات و نەکەوتە ڕێ !

*　　　*　　　*

ئەی یار تۆ گللەیی چی دەکەیت؟
کە خۆت هەردەم یوسفی زیندانی،
یان پاسەوانی وشکە ساڵی
فیرعەونەکانی،
بوەستە پشوویەک،
بخەرە ڕستەی ڕێگاکانت،
ئەم دەرگایانەی ژیان کە دەسپێکی
گریانە،
بۆ کەرەتی پێکەنین هەموو کات
کراوە نییە،
بایی جگەرە کێشانێک ئاوڕ بدەرەوە،
ئەم چرای موحیبەتە کە داگیرساوە،
بۆ هەمیشە پەروانە لە دەوری نییە،
عەتر کە بۆنەکەی ڕۆشت،
عەتتار گوناهی چییە؟
ئەم جەستەیە دەمێکە مردووە،
کە دنیای ویست،بێ خەبەر لەوەی
لەبەردەم قاپی عیشقستانا دارە
دارەی
زاهیدێکم ڕوو لە خوا

کتێبخانەی هەورامان

گەر بێ ئاگاشبم لە تۆ،
خەتای تۆ بوو عیشقت خستە چوار
چێوە،
لە عرروجا باڵەکان بێ وەفا دەرچوون
ئەم دنیایە جەنگەڵە پێچاو پێچ تلانەوە،
چارەم نییە لەم دڵشکانە
دەبێت بگەمەوە قاپی ژنبوون، کە
دڵنشینە
خودا فەرمووی لە جنسی شووشەین،
ئەم ژنبوونە گۆچانە بۆ هەستانەوە
* * *

عاریفەکە لە هزرێکی بچکۆلەدا پێی
وتم:
من خەریکە بچووکم دەکەنەوە
پێموت: تۆ چ باکێکت بەم دنیایە هەیە،
کە لە ناخییا مردنی بە کۆڵەوەیە
لەم مردنە وەرە خوارەوە..ئەوەی
دنیایی ویست،
خودای لە بیرکرد
ئەمە شێتێک سەفەری کرد لە ناخیا
ئەم دێڕەی حەشاردا،
لێ لەگەڕانەوەدا خۆی لە بیر کرد
دەبێت بگەڕێینەوە بۆ لای ژن،
کەللە سەری شێت دروێنە دەکات
نەک گەنم

گەنم واژۆی پیاوە لە دروێنەدا
ژن هەمیشە شیعرە، نەختێک شاعیر
دەینووسن،
من هەمیشە دەینووسم
من لە جنسی ژنێک هەموو
ڕووسەرییەکانم
لە کانتۆرەکەدا خەوتوون
هەر یەکێکیان چیرۆکێکی حەشارداوە
تۆ یەکێکی لەو چیرۆکانە
ئەی شیرینترین شێخی دڵم خۆت
بچووک مەکەرەوە،
بۆ دنیا کە دنیا هێڵێکە نزیک جەنگەڵ
هەڵکەنراوە
دێڕێک دوورترین لە ژن دوورین
کە لێم ناگەیت دەچمە پەڕینەوە لە
تاریکی
چاوەکانم تۆخ دەکەم بە کوێریی،
کە پەڕینەوە پیاسەیەکە لە
کەوشەکانما بە جێماوە
دەمێکە دەڵێم خەمێکم ئیعراب بکە،
ڕووسەرییەکانم لە کانتۆرەکەدا
خەوتوون
جەنجاڵییەکانم بە حەوسەڵەی پیرەوە
درێژەی هەیە
ئەگەر گیا لە پێڵاوەکانتا سەوز بوو،
گەورەیت گەشە دەکات

گیا  واتە ئاو و هەوا
هەڵهاتنی گزنگ لە لەپی دەستتا،
چیرۆکێکی تر لە رووسەرییەکانم،
ڕۆشتنە تا ماندووبوون
من ڕێگەم گۆچانەکەی دەستیشم
هێزی ڕۆشتن
سەرێک بدە لە گەشتنامەی ئاو،
کە تێپەڕ دەبێت دوگمەکانی دەگاتە
لافاو  لە تافی لاویبا
دنیا ماسکە ڕووسەرییەکەم هەزار
چیرۆک،
لە دەمی شەهرەزادا
لە ئیعرابی خەمێکا پێموتی: واز لەم
ماسکە بێنە،
بچووکت دەکاتەوە تا ڕاخستن
ئیشراق لە وەسێتی هزرتا نافرێ،
ئەم هەواڵە پێناگرێ
تا لە ژنبوونی منا دانەبەزیت
دابەزین گازگرتنە لە جنسی
سەرکەوتن،
ڕەهابوون بەرەو لووتکە
خەریکە پێت بڵێم ژنبوونم نەخۆشە،
کە ماسک دەمووچاوت دەخوات
نەختێک شیتەڵت پێئەدەم تا
پێشبڕکێ
تا هزرت ڕۆبچێت بۆ ڕەنگی ڕامان


تا پێگەشتنی پرتەقاڵەکان چەترێک پێوە
بدە
ئیتر باران قسەیەکی نەماوە،
ئیتر ڕووسەرییەکان،
گەشتوونەتە کۆتا قفڵ نەک کرانەوە
ئاورێکیش لەم گۆچانە بدەرەوە پردی
تیایە،
دەتوانی بچووک بوونەوە فرێدەیت،
گۆچان واتە هەستانەوە
بیرت بێت پەرینەوە لە ژنێک واتە
درەوشانەوە
ئیشراق ژنە، شەوەکانی کوشتووە،
ئەم ژنبوونە گۆچانە بۆ هەستانەوە
ئەی ئیمام تێکەڵم بە
تا لە بچووک بوونەوە بەربیتەوە،
تاریکی دەمێکە سەفەری کردووە!

٢٠٢٤/١٢/٢٨

هەواڵنامەی کێتر

# منداڵیت بەرم نادا

بەشی دووەم



د. مەولود ئیبراهیم حەسەن

(٤٠)

دەترسم
ئێستا نەمناسیتەوە
هەموو شتێک لە من گۆڕاوە
چاو نەبێت
دەترسم نەتناسمەوە
ئێستا
هەموو شتێک لە تۆ گۆڕاوە

چاو نەبێت
گرنگ ئەوەیە
چاوم بەچاوت بکەوێتەوە

(٤١)

تکایە
ئەگەر مامۆستا لێی پرسی
سێ جاران سێ دەکاتە چەند؟
نەکەی بڵێی دەکاتە نۆ
من ڕقم لە ژمارە نۆیە
زۆر دەترسم
لە نۆساڵیدا بتدەن بە شوو

(٤٢)

گەنجەکان
لۆمەم دەکەن
دەڵێن بەم پیری و سەری سپی و
خانەنشینیەوە
شیعری منداڵانە دەنووسی
گەنجەکان
نازانن سبەینێ
کە دەچنە تەمەنەوە
ئەوانیش
حەزدەکەن ببنەوە منداڵ

(٤٣)

هەژار بووین
هەردووکمان
پێکەوە
لەفەیەک و ساردییەکمان کڕی
قەپێک تۆ
قومێک من
قومێک تۆ
قەپێک من
ئێمە یەکەمین دوو منداڵ بووین
لە ساییەی خۆشەویستیەوە
یاسای وەک یەکییمان جێ بەجێکرد

(٤٤)

بانگەشەی هەڵبژاردن گەرمە
بێ ژمارە
بێ لیست
بێ حزب
بێ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن
بێ کارت
بێ ڕۆژی دیاری کراو
بێ پەنجە مۆرکردن
من بۆ هەمیشە
تۆ هەڵدەبژێرم تۆ

(٤٥)

ڕەنگەکانیان هەمووی داگیر کردووە
زەرد و
سەوز و
سوور و شین و مۆر و.. زۆر

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە بێ ڕەنگ و بێ ناو و بێ نیشانین
بە هەردووکمان
یەک نیشانەمان هەیە
ئەویش بێ نیشانییە
(٤٦)
دایکم زۆرجار دەیگوت
واز لەم کچە بێنە
کوڕم خەریکی دەرسەکانتبە
دەمگوت دایە
ئەو کچەش دەرسە
دەرسی چی کوڕم؟
دەرسی عەشق
بە خوا ڕۆڵە
دوا ڕۆژی خۆت
بە قوربانی ئەم کچەتیوە دەکەی
(٤٧)
لە بیرتە گوڵم
کە منداڵ بووین
خەڵک پێکەوەیان دەبینین
دەیانگوت بێ ڕەوشتن
ئێستا
هەر ئەو خەڵکە بەم پیرییەوە
خەریکی ئەو بێ ڕەوشتیەن
(٤٨)
دڵ وشکەکان
کە پێکەوەیان دەدیتین
بە منداڵی
زۆر چیرۆکی ناشیرینان
بۆ دروست دەکردین
ئێستا
هەر یەک چیرۆک ماوەتەوە
ئەم دووانە بە منداڵیش هەر
یەکتریان خۆشدەویست
(٤٩)
زۆر جار
بە قسەی خەڵک
دارکاری کراوین
بە منداڵی
لەسەر یەکتر خۆشویستن
ئێستا
لە سایەی ئەو عەشقەوە
لە خانەی بەساڵاچووان
خەڵات و چەپکە گوڵی
کۆنترین دوو خۆشەویستمان
پێشکەش دەکەن
(٥٠)
خەریکم سەفەر دەکەم
دەچمە هەندەران
بیستوومە لە هەندەرانی
ئەرێ

هەندەران
چەند وڵات و
چەند شار و
چەند گەڕەک و
چەند ماڵە؟
تۆ لە نێو دڵی
کام ماڵمی؟

(٥١)

هەر لە منداڵیەوە
زۆرم ئازار چەشت
بەدەست
خزم و
دۆست و
نەناسەوە
هەموو شتێکم لە بیرکردووە
ئەگەر
خۆشەویستی تۆ نەبا
خۆشم خۆم نەدەناسیەوە

(٥٢)

منداڵ بووم
ئارازووم بوو
پارەم زۆر بێ
تا خۆش بژیم
جوان بپۆشم
گەنج بووم
ناوبانگم بێ و
خۆمی پێ هەڵکێشم
ئێستا
تەنیا خۆشەویستی تۆم بەسە

(٥٣)

بیستوومە
بەربژێرکراوی
بۆ پەرلەمان
نازانم سەر بە کام لیست و
لە کام بری
دنیایە
ئەگەر دەرچووی
نەکەی تۆش
ساڵ دوازدەی مانگ
هەموو ڕۆژێ
کراسێکی نوێ بکڕی

(٥٤)

منداڵ بووین
خەیاڵمان زۆر
دەوڵەمەند و
ڕەنگاوڕەنگ بوو
ئێستا پیر بووین
خەیاڵمان نەماوە
چاومان
بە ئاستەم

هەواڵنامەی کتێب

یەک ڕەنگ دەبینێ
ئەویش ڕەنگی پێکەوەییە
(٥٥)
منداڵ بووین و
هەموو جارێ
کتێبی کوردی تۆم دەدزی
چ خۆش بوو
دەهاتیت و دەپاڕایتەوە
تا بتدەمەوە
ئێستا پیربووین و
تۆ دڵی منت دزیووە
بە پاڕانەوش نامدەیتەوە
(٥٦)
منداڵ بووین و
لە نێو لاپەڕەکانی
کتێبی کوردی
دوو داری دوورمان دەدی
لە ژێر ئەو دوو دارە
دوو منداڵی عاشق
ئێستا پیر بووین
نە کتێب ماوە و
نە دار دەبینین
تەنیا دوو عاشقی پیر
(٥٧)
سەیرکە
لە سایەی خۆشەویستیمان
لە منداڵیەوە
شەوانی درێژمان لە خانەی پیران
پڕ بووە
لە خەونی جوان جوان
ڕۆژانی کورتمان لە خانەی پیران
پڕ بووە
لە گێڕانەوەی خۆش خۆش
ئێمە وەک ئەو پیرانە نین
هەر زوو
بۆ یەکتر کوژانەوە
(٥٨)
سەیرکە
ئێمە لە سایەی
ئەو عەشقە منداڵیەمان
لە خانەی پیران
هەموو کاتێکمان
وەک یەکەمین ژووانە
هەموو یەکتر بینینمان
یەکەمین یەکتر بینینە
هەموو شەوێکمان
شەوی یەکەمی
بووک و زاوایەتیمانە
هەموو بەیانیەکمان
یەکەمین بەیانی

شەوی یەکەمین پێکەوە بوونمانە

(٥٩)

زۆرم لا سەیرە
ئەو ژن و مێردە پیرانە دەبینم
ڕۆژانە بەشەڕ دێن
قسە پێک دەڵێن
لێک زویر دەبن
پێکناییێنەوە
کەچی ئێمە
شەو و ڕۆژ
مانگ و ساڵ
هەموو تەمەن بەشی
یەکتر خۆشویستنمان ناکات

(٦٠)

سەیرکە
چۆن ئیدارەی
خانەی پیران
حەوشەکەی پڕکردووە
لە گوڵی سوور
لەو ڕۆژەوە
کە بینیان
من هەموو بەیانیەک
گوڵێکی سوور
پێشکەش بە تۆ دەکەم

(٦١)

سەیرکە
ئەمساڵ سەری ساڵ
چیشت لێنەرەکەی خانەی پیران
تاکانەترین خەڵات و
سەیرترین خەڵاتی
بە من و تۆ بەخشی
بەهۆی ئەوەی
تا ئێستا
داوای هیچ خواردنێکی
تایبەتمان نەکردووە
هیچ خواردنێکمان
ڕەتنەکردووتەوە
بۆ ئێمە
هەموو خواردنەکان
ئەو سارد و لەفەیەن
یەکەمین جار پێکەوە خواردمان

(٦٢)

سەیرکە
ئوتوو چیەکەی
خانەی پیران
هەموو ڕۆژی
جلەکانمان ئوتوو دەکات
خۆشەویستیمان
لێناگەڕێ

هەواڵنامەی کتێب

جلی گەچراو بکەینەبەر

(٦٣)

دکتۆرەکەی
خانەی پیران سەرسامە
تا ئێستا
ئێمە لە سایەی
یەکتر خۆشویستنمانەوە
داوای
هیچ حەبێکی سەرێشە
هیچ حەبێکی
بەرزە خوێن
هیچ حەبێکی
خەولێنەکەوتنمان لێ نەکردووە

(٦٤)

تۆ دەزانی
هەموو ژن و مێردە پیرەکانی
خانەی پیران
دەمانبوغزێنن
لەبەرئەوەی بەردەوام
لە ئیدارەوە پێیان دەڵێن
ئێوە بۆچی
وەک ئەم دووانە
خۆشەویست و تەبا نین

(٦٥)

هەفتانە
لە خانەی پیران
مەلایەک دێت
قسەمان بۆ دەکات
قەشەیەک دێت
قسەمان بۆ دەکات
دەروونناسێک دێت
قسەمان بۆ دەکات
کۆمەڵناسێک دێت
قسەمان بۆ دەکات
هیچ ژن و مێردێک
گوێیان لێناگرن
من و تۆ
لە سایەی خۆشەویستیەوە
بەردەوام
قوتابی هەموانین

(٦٦)

لە بیرتە
لە خانەی پیران
ئەو شەوەی کارەبا بڕا
پیرەکان
خەویان لێ نەدەکەوت
هاواریان دەکرد
بەرداغیان دەشکاند
من و تۆ
هێمن هێمن

لە بەردەم چرای خۆشەویستی
چیرۆکی خۆشەویستی خۆمان
بۆ یەکتر دەگێڕایەوە

(٦٧)

ئەو ڕۆژە
لێکۆڵەرێک هاتبوو
یەک یەک
لە پیرەکانی دەپرسی
خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانت کامە بوو؟
یەکێ دەیگوت
ڕۆژانی منداڵی
یەکێ دەیگوت
ڕۆژانی گەنجی
یەکێ دەیگوت هیچ ڕۆژێکیان
من و تۆ بووین
گوتمان هەموو تەمەنمان

(٦٨)

دوێنێ دەروونناسێک هاتبوو
یەک و لاپەڕەی دا بە هەموومان
گوتی
چێتان پێخۆشە ئەوە بنووسن
یەکێ نووسیبووی
خۆزگە پیریی نەبووایە
یەکێ نووسیبووی
ئێرە دۆزەخە
یەکێ نووسیبووی
بۆ چ نامرم
من و تۆش نووسیمان
ژیان خۆشەویستییە

(٦٩)

ئیدارەی خانەی پیران
داوایانکرد
هەریەکەو وێنەیەک
بەگەورەیی
بەسەر سەری خۆمان هەڵواسین
یەکێ وێنەی منداڵی
یەکێ وێنەی چوونە قوتابخانەی
یەکێ وێنەی ڕۆژی شاییەکەی
یەکێ وێنەی ڕۆژی دەرچوونی
یەکێ وێنەی ڕۆژی دامەزرانی
ئێمەش
ئەلبوومی تەمەنی
پڕ خۆشەویستی خۆمان
هەڵواسی

(٧٠)

هەموو ساڵێ
لە خانەی پیران
من و تۆ
بەهۆی خۆشەویستی
بەردەوامان

هەولنامەی کتێب

بەهۆی بێ کێشەییمان
بەهۆی پاک و خاوێنیمان
ئیدارە
بە دزی خەڵاتمان دەکەن
نەوەک پیرەکانی تر تورەبن
(٧١)
ئیدارەی خانەی پیران
بێ تاقەت بوون
هێندەی
ڕۆژی لە دایکبوونمان
بۆ بکەن بە جەژن
ڕۆژی یەکترناسینمان
بۆ بکەن بە جەژن
ڕۆژی شاییەکەمان
بۆ بکەن بە جەژن
ڕۆژی دامەزراندنمان
بۆ بکەن بە جەژن
ڕۆژی خانەنشینبوونمان
بۆ بکەن بە جەژن
ڕۆژی هاتنە خانەی پیرانیمان
بۆ بکەن بە جەژن
(٧٢)
هونەرمەندێکیان هێنابوو
ئیدارەی خانەی پیران
بۆ دڵخۆش کردنمان
گەرم گەرم گۆرانی دەگوت
پیرەکان
چیە ئەم دەنگە دەنگە
ئەم هەراو چەقە چەقە
بیبرنەوە بێزار بووین
من و تۆش
دەستمان گرتبوو
سووک سووک
شاد شاد
منداڵانە شاییمان دەکرد
(٧٣)
لە هەموو تەمەنما
هەرگیز
لێم نەپرسیوی
چۆن منت خۆشویست
لە هەموو تەمەنتا
هەرگیز
لێیت نە پرسیوم
بۆ چ منت خۆش ویست
لە ڕستەکانی خۆشەویستی
بۆچی و چۆن
جێیان نابێتەوە
(٧٤)
لەوەتەی تۆم خۆشویستووە
هەرگیز هەستم نەکردووە

هەژارم
دەوڵەمەندم
گەرمامە
سەرمامە
ساغم
نەخۆشم
بەردەوام هێندە دەزانم
لەخەوما و
لە بێ ئاگاییمدا
لە منداڵی و
لە پیرییمدا
هەمیشە تۆم خۆشویستووە
(٧٥)

لە بیرتە
یەکەمجار چووین
خانووێک بە کرێ بگرین
خاوەن ماڵ پرسی
منداڵتان هەیە
گوتمان خۆشەویستی
گوتی سەیارەتان هەیە
گوتمان خۆشەویستی
گوتی پارەتان لە بانک هەیە
گوتمان خۆشەویستی
تورەبوو
گووتی برۆن برۆن


نان و خۆشەویستی بخۆن
لەو ڕۆژەوە
ئێمەش
نانی خۆشویستی دەخۆین
(٧٦)

لە منداڵیەوە
پێکەوەین
بەخۆشەویستیەوە
تا ئێرەمان هێناوە
ئێرەی خانەی پیران
سبەینێ کە مردین
پێکەوە لە گۆڕێک بمانێژن
بەڵێ یەک گۆڕ
دوو گۆڕ تێرایی ئێمە ناکات

تێبینی: بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکی بەشێک لە شیعرەکەی بەڕێز (د.مەولود ئیبراهیم) پەڕی بوو. شیعرەکە لە بنەڕەتدا (٧٦) پارچەیە. لە ژمارەی رابردوو تاوەکو (٣٩) بڵاوکرابۆوە، لەم بەشەدا لە (٤٠) وە تاوەکو (٧٦) واتا پاشماوەکەی بڵاودەکەینەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# مەراقەکانی ڕۆژ



بەندی عەلی

چاوی لەسەر پێڵاوی ڕێبوارەکانە،

بۆ کڕینی نانی سبەی..

بۆیاخچیەکەی

شۆستەی شەقامی بێکاری!

.................................



هەر ڕێبوارێك
دەست بۆ گیرفانی خۆی بەرێت،
قامچییەکی خورپە دەدات
بەدڵە بچکۆلەکەی ئەمدا..
کچۆڵە هەڵکورماوەکەی قوژبنێکی
بازاڕە بێ ڕەحمەکەی سواڵ!

..............................

شێوەی شۆڕەبییەکی خەمبار
تا هەڵکشێت،
پشتی کووڕ و کووڕتر دەبێت
تەمەن، لە لێواری لێژی
گۆمی مەنگی ئەم هەوارە بێدەنگەدا!

..............................

دەڵێن؛ چۆنی.. دەڵێم؛ باشم!
چی وام نییە، تەنها دەڵێی
چنگێ گەنمی نێو بەرداشم!
چی وام نییە، تەنها هەندێ وردو خاشم!

..............................

هەواڵنامەی کتێب




لەم هەوارە بێ نەوارەی
ئەمبـاری ئـازار و وەیـە..
من گرفتم لەگەڵ ڕێچکەی
هاتوچۆی زەمەندا هەیە!
ئەمڕۆ، ئایینده، رابردوو
نازانم کامەیان.. کـەیـە؟
هەموو ڕۆژێ لێم دەپرسن،
.......................

پێدەچێ ئەمساڵ.. وشکەساڵی بێت!!
هەناسە بەنرخی قرچەو بۆنکرووزی
هەناوی برژاو ئەفرۆشن،
قومێك ئاویش بەرانبەر بەسەیلی ڕژاو
لەچاوە بێدارەکانی چاوەڕوانی و
ژێرکراسی تەنکی حورمەت
بەنرخی گەردنی کەچ و سەری شۆڕو
هەڕاجی گیان!
(لەم بازاڕە بێ ڕەحمەدا ژیان هەرزانترە لە نان)*
حوزەیرانی ٢٠٢٥


* دوادێڕ لە دەقێکی ڕێبواری شاعیر وەرگیراوە ..

# لەوانەیە به زیندوویی بمنێژیت



شیعری: سیسی داتسو
لە ئینگلیزییەوە: ناڵە حەسەن

لەوانەیە بە زیندوویی بمنێژیت
لە زەویدا
ئەوە بێزاری نەدەکردم
لەوانەیە بمخەیتە
نێو تابوتێکی تەسکەوە
بە هیچ شێوەیەک بێزار نەدەبووم
گەر نەمتوانیبا پەنجەکانیشم تیا بجوولێنم
من دەمردم



لەوانەیە بە زیندووی بمنێژیت
لە قووڵایی زەویدا
کە گوێم لە گریان و خەم و پەژارەی هاوڕێکانم نەدەبوو
دڵتەنگیش نەدەبووم
بێ بەزەیی
بە بێ دڵی بەتاڵم و
چرپەی خوشکەکەم
بەبێ هیچ یارمەتییەک
بە تەنیا، ئەوە بێزاری نەدەکردم
چرپەی هاوڕێکانم
بەبێ هیچ یارمەتییەک
تەنها مردنی من
لەوانەیە بە زیندوویی بمنێژیت
ئەوە بێزاری نەدەکردم
کە بۆنی خاکە شێدارەکە بکەم
لە زەویدا
کە هەمیشە شێدارە، هەرگیز وشک نابێتەوە
خاکەکە هەمیشە سۆزاوییە
دەمتوانی لە خاکەکەدا قووڵ هەڵکەنم
لە قووڵایی و لە ژێر ئەم ژیانەدا
چینێک لە مرۆڤە مردووەکان بوونیان هەیە
لە ژێر پێ و خەوی مردووانەمان
لە ژێر بناغەکانی ئەم جیهانەدا
جەستەی نەخۆش پشوو دەدات
بیرکردنەوەی ماندووەکان
پاڵەوانە خوێنبەرەکان



قوربانییەکان
کۆرپەڵەکان
پیرە پیاوە ژیرەکان
لە ژێر ئەم ژیانەدا و
نازی ئەم خاکەدا
ئێسکەپەیکەری یادەوەری
نامەی خۆشەویستی
وێنەی کۆن
لەوانەیە بە زیندوویی بمنێژیت
بە هیچ شێوەیەک بێزار نەدەبووم
کە نەمتوانی هەناسە بدەم لە تاریکیدا
بەبێ کێشە
لە ژێر جیهانی ئێمەدا
دەریای سپی بێکۆتایی نەفرەتی خەڵکی
لێدەڕژێ
دوا هەوڵەکان بۆ کرژبوونی مانەوە
هانتان دەدەم بە زیندوویی بمنێژن
من زۆر حەزم لە هەستیاری نییە
دان بە ئاواتەکەمدا دەنێم
بۆ خۆشحاڵییەکی سەرکەوتووانە
بۆ ئەوەی ڕاستی بوونی هەبێت
لەودیو قیرە گەرمەکەوە
بە زیندوویی
بۆ ماوەیەک
تا ئەو کاتەی بەردەوام دەبم
تا ئەوکاتەی بەردەوام دەبم

هەواڵنامەی کتێب



## کورتەیەک لە ژیان و بەرهەکانی سیسی داتسو

سیسی داتسو یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی یۆنان، دانیشتووی شاری ئەسینایە. جگە لەوەی بە ستایلێکی هاوچەرخانە دەنووسێت بە شێوەیەکی نایاب لە نمایش و خوێندنەوەی شیعرەکانی سەما و مۆسیقا تێکەڵ بە دەنگ و وشە و وێنە شیعرییەکانی دەکات. لەم بارەیەوە چەندین نمایشی شیعری هەیە، یەکێک لەوانە ( ئەهریمەنە ئەفسووناوییەکان )، کە ناوی یەکێک لە کتێبە شیعرییەکانێتی. هەروەک لە سایتەکەی خۆیدا هاتووەو لەبارەی ئەم نمایشە دەڵێت : لەم نمایشە شیعرییە ڕاستەوخۆیە سیسی داتسو لەگەڵ مۆسیقاژەنی ناسراو نیکۆس تولیاتۆسی بەرهەم هێنەری مۆسیقای ڤان ڤۆک لەگەڵ سەماکارانی هاوچەرخ دا، دارستانێکی ئەفسانەیی دروست دەکەن کە سیسی داتسو وەک قەشەیەکی گەورەی کۆن شیعرەکانی دەخوێنێتەوە. ئەهریمەنە ئەفسانەییەکان تایبەتن بە خوداوەندە یۆنانییە کۆنەکان، کە باس لە ئازادی و کەرامەت و ئاشتی دەکەن کە بە دیمەنێکی ژینگەی بتپەرستی مالیمیدیا دەورەدراون. ئەهریمەنە ئەفسانەییەکان پێشکەشکردنێکی هونەرییە کە توخمە جۆراوجۆرەکان تێکەڵ دەکات، بە دروستکردنی ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش و بیرکردنەوە، بە یاوەری نیکۆس تۆلیاتۆس بە لێدانی سروشتی و

دەنگی ئەلیکترۆنی ڤانڤۆک. نمایشەکە زیاتر بەرز دەبێتەوە بەهۆی بوونی سەماکاران کە دەمامکیان لەبەردایە کە لەلایەن ماسکی کرۆود کرۆکەوە دیزاین کراوە. لە نمایشێکیتری شیعری بەناوی (ماسکی کەرویشکی چەقۆکێش)، هەرلەگەڵ نیکۆس تولیاتۆس، لە ڕووی کایەی ئەفسانەوە، کەشوهەوای ئەم نمایشە عیرفانیی و جدییە، چونکە لە کایەی ئەفسانەدا قووڵ دەبێتەوە و لە لایەنی ئەهریمەنە سروشتییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، زمان و وشەکانی سیسی داتسو قووڵن و پڕن لە شیعرییەت، دەست دەخاتە سەر پرسە کۆمەڵایەتییە گرینگەکانی وەک ڕەگەز، دادپەروەری، مێژوو.. قسەکانی وەک شرۆڤەیەکی بەهێز بۆ ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین. ئامادەبووان بانگهێشت دەکات بۆ بیرکردنەوە لەو بابەتانەی کە پێشکەشکراون، ئەهریمەنە ئەفسانەییەکان ئەزموونێکی سەرسامکەر و بیرکردنەوەکی وروژێنەرە کە هێزی شیعر و مۆسیقا و سەما تێکەڵ بەیەک دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسە کۆمەڵایەتییە قووڵەکان. سیسی داتسو خاوەنی چوار کۆمەڵە شیعرە بەناوەکانی (ئەهریمەنە ئەفسانەییەکان، سووکایەتی بە حورمەتی گشتی، ئای جادوویی، ڕۆژانی شکۆمەندی..)، سیسی لەبارەی کتێبێکی شیعریی خۆیدا دەڵێت: لە کتێبی چوارەممدا «ڕۆژانی شکۆمەندی»، نوقم دەبم لە دەرکەوتە بێکۆتاکانی یادەوەریی منداڵی دا، گەشتێکە بەناو وێنە و کردەوەکانی ڕابردووم، سەرگەردانم بۆ ناو چیرۆکە ئیرۆتیکییەکان، برین و چێژەکان، بنبەست و هیوای بەدی نەهاتوو، لە پارێزگا و شارە گەورەکاندا، بیابانی واقیع لەگەڵ هێزی ئارەزوودا ململانێ دەکات. هەوڵدەدات بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە بێتاوانی، تووڕەیی سۆزداری و پێویستی چێژ و هەستەکانی پەیوەست بە سەرگەرمی هەرزەکارانەوە، چیرۆکی شاراوە لە یادەوەری، ئەنجامەکانی بیرکردنەوە لە ڕۆژانی لەدەستچوو..! هاوکات سیسی داتسو نۆڤلێتیش دەنووسێت، تا ئێستا دوو نۆڤلێتی بە چاپ گەیاندووە، هەروەها ئەکتەرێکی باش و ناوداریشە کاریگەری زۆری هەیە لە بەرەو پێشچوونی شانۆی

ئەزموونگەری لە یۆنان، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە شانۆگەری (میتامۆرفۆسیس) کە لە نووسینی فرانز کافکایە، لەم کارەدا ڕۆڵی پاڵەوانی سامسا گریگۆری دەبینێت، بەهۆی سەرکەوتنی لەم نمایشە، ڕەخنەگرانی شانۆیی ستایشی زۆریان کرد بەوەی دەتوانێ نزیکبوونەوەی جەستەیی مرۆڤی ئازارچێشتوو و لە خاچدراو و تا ئاستی قوربانی لە خۆیدا بەرجەستە بکات. سیسی بڕوانامەی بەکالیۆرسی لە فیزیای ئەستێرەناسی لە زانکۆی ساسێلس وەرگرتووە، ساڵی ٢٠٠٩ لە قوتابخانەی درامای دیلۆس کە دامەزراوە لە لایەن ئەکتەرە بەناوبانگە خەڵاتکراوەکان، لەوێدا لە ڕاهێنان لە بارەی نواندن بەردەوام دەبێت. سیسی داتسو ئەندامی دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرە ئەزموونکاریەکانە، بەشداری دەکات لە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی فیلمی ئەزموونگەری لە ئەسینای پایتەخت، سیسی سوودی زۆری بینیوە لە گەشتەکانی بەرەو وڵاتانی دونیا وەک هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا و هیند و ئەمریکا، ژیان و کلتووریان مایەی سەرنج و ڕامانی بووە. هەروەها لە نزیکەوە هاوڕێ و دانیشتنی بووە لەگەڵ کەسانی وەک (سوپریجۆ سامجاداری شانۆی گرۆتۆڤسکی، دەیڤید گرایڤەر وەک ئەنترۆپۆلۆژیستێکی ناسراوی جیهانی، یاخود شاعیری سوریالیست نافۆس ڤالۆریتس کە ئەم شاعیرە هاوڕێی ئەندری بریتۆنی سوریالیستەکان بووە..) سیسی هاوسەرگیری لەگەڵ تاسۆس ساگریسی دەرهێنەری شانۆ و چالاکوان و نووسەری ناسراوی شانۆدا کردووە، بەهۆی کۆمەڵەی تۆڕی ئەنتەرنێتی و شانۆی خودرێکخراوی ئیمبرۆسەوە بە یەکتری ئاشنابوون. ئەوەی شایانی باسە سیسی داتسو هێشتا لە ژیاندایە لە نووسین و کارە هونەریەکانی بەردەوامە.

مارسی ٢٠٢٥

**سەرچاوەکان لە ئەنتەرنێتەوە:**

Mythological Monsters – Sissy Doutsiou_ Poetry – Sissy _Doutsiou_ bio – Sissy Doutsiou

# دەنگ




هەواڵنامەی کتێب

د. نفیسە ئیسماعیل حاجی

نزانت چ بکەت، بەرێ خوە کیڤە بدەت. نە کەس هەیە بشێت ل گەل باخڤت، دا چەندەک ژ بارێ وێ یێ گران سڤک ببت، نە جهەک هەیە بەرێ خوە بدەتێ، دا چەندەکێ ئارامی ب سەر گیانێ وێدا بهێت خوار. هند بار گرانە، هەست دکەت ملێن وێ دبنڤە شوربووینە و پشتا وێ چەمیایە. ئێدی گەلەک ب زەحمەت دشێت بەردەوام ببت. خەم و بێهیڤیبوون دەمێ مرۆڤی داگیر دکەن، هەر وەکو خوین دبت ئاسن و گوشت و هەستی دبن بلوک. هەمی هەست دمرن. چەند خەریبا کەنیەکێیە، چەند ل بەندا گرییەکا دژوارە، بەلکو بچەکێ گیانێ وێ سڤک بکەت وئارامی خوە نیشا بدەت و ئەگەر بۆ دەمک کورتژی بت رەنگ رێکا جیهانا وێ بگرت، وەکو رەنگاورەنگێ پشتی تاڤیێن بارانان. بەلێ هەر وەکو سالێن هشکێن بێ باران،

کانییێن چاڤێن وێژی هشک بووینە. ل کونج و قولاچکێن خوە ل هەستەکێ، ل لڤینەکێ دگەرت، هەر چەندە دەنگێ وێژی گەلەک کێم بوویە، بەلێ دزانت هێشتا گیان تێدا مایە، لەوما ئەڤە دەمەکە دڤێت بکەت هاوار بکەت ڤیژی، بلا کەس د هاوارا وێ نەئێت. بەلێ دڤێت لڤینەکێ بکەت، ڤیژییەکێ براهێلت بلا بۆ بێ دەنگیێژی بت، دا هەست ب هەبوونا خوە بکەت و دیناتییا خوە چەندەکێ گیرو بکەت، ئەوژی ب تنێ ژبەر زاروکێن خوە. دبت ئەڤرو دەمەک گونجای بت بۆ ئەنجامدانا هاوار و ڤیژییا وێ، بێ زاروکێن خوە بترسینت، چونکو نە ل مال بوون. جارەکێ بالیفک بکارئینابوو، بەلێ کرمێ وێ نەشکەست، دبت چونکو ڤیژییا خوە خەندقاند بەری ببت. دڤێت ڤیژییەکا هند براهێلت، هندی گرانییا ل سەر ملێن وێ، هندی خەما د دلێ وێدا، هندی بێ ئومێدییا هەست پێ دکەت. ڤیژییەکا هند مەزن براهێلت بێ کەس د هاوارا وێ بهێت، وەکو هەمی ژیێ وێ یێ چووی بێ کەس رۆژەکێ بێژتێ: تە چییە؟ ل نیڤا مال راوەستییا دا دەست ب ڤیژییا خوە بکەت، بەلێ دیارە ب تنێ هەستێ خراب ل دەڤ د ساخن، ترسییا جیران د هاوارا وێ بهێن، ب راستیژی وەسان بوو، جیرانا ب رەخڤە ڤیژی هێلا د گەورییا وێدا و دەرگەه لێ قوتا، ئێکسەر ڤیژییا وێ ژ ڤولکانا دلێ وێ قەرسی و بەستێ گرت. ژ شەرماندا دەرگەهژی ڤەنەکر. نەشیا خوە بگرت ل رێکەکا دی گەریا. چونکو یا ب تنێیە، هزرکر ل سەیارا خوە سواربت و بەرەڤ چولەکا نێزیک بچت و ل وێرێ دەست ب ڤیژییا خوە بکەت. ئێکسەر بەرەڤ جلکێن خوە چوو، هەر تشتێ کەتییە بەر دەستێ وێ ل بەرخوە کر و ل سیارێ سواربوو و بەرێ خوەدا ئاقارەک نێزیک. دەمێ گەهشتی جهەک گونجای، ئێکسەر ژ سیارێ هاتە خوار و خوە کەیسخوەشکر دا دەست ب ڤیژییا خوە بکەت، بەلێ ژ دویرڤە چەند گەنجەک دیتن دراوەستاییوو، ترسەکێ خوە ل دلیدا و بۆ جارا دوێ ڤیژییا وێ بەری ببت هاتە خەندقاندن. ئێکسەر بەرەڤ سیەیارا خوە پاشڤەزڤری. بلەز سەیارە داکاری و ژ وی جهی پاشڤە زڤری، بەلێ نەشیا خوە بگرت، ب رێڤە راوەستییا و پەنجەرێن سەیارێ گرتن و هندی ژێ هاتی کرە ڤیژی و هاوار، هندی ب دوماهیک دهات دوبارە دکرەڤە، بێ کونترولا وێ، ڤیژی کویرتر و بلنتر دەستپێدکر. ل گەل تاڤییەکا روندکێن دژوار هوست ب ئارامییەکا ئەڤە بۆ دەمەک درێژ لێ بەرزەبووی کر.

# ئارەق



عەبباس مەعرووفی
لە فارسییەوە: لەیلا نوورانی

هەواڵنامەی کتێب

هەر سەرم دانابایە خەوم لێکەوتبوو، پلیکانەکانی میوانخانە بە موکێتی ڕەنگ سوورەترشی داپۆشرابوو، پشتی شووشەکان ئارەقەیان کردبوو، بە بەڕێوەبەری مسافیرخانەم گوت : ژووری یەک قەرەوێڵەییتان نیە؟

گوتی: هەر جێو ڕێمان نیە

گوتم: تەنیا بۆ ئەمشەو

- نیمانە

- چ بکەم؟

- ئەلێرانە کەست نیە؟

گوتم: نا، من براکەم لێرە سەربازە، بریندار بووە، هاتووم بیبەمەوە.

دەنگێکی بۆڕی هەبوو، گوتی: چوویە نەخۆشخانە؟

گوتم: جا بەو شەوەی؟

ڕاوەستا، بالاْبەرز و بەتەمەن بوو، ڕەگە ئەستوورەکانی باسکی دیار بوون. گوتی: ژوورێکی سێ قەرەوێلەیی هەیە دوو شۆفیرن، دەتوانی بخەوی؟

دوو شۆفیر لە ژوورەکە بوون. لۆرییەکانیانم لە دەرەوەی هۆتێل بینیبوو، هەر وە ژوور کەوتین دانەیەکیان کە سمێڵی وەک هیتلێر بوو، هەڵبەزییەوە و شووشە ئارەقەکەی وەپشتە خۆیدا. کەچی ئیستیکان و فستق و زەیتوون لەوێ مانەوە. هەرتکیان ورگزل و سەر ڕووتاوە بوون.

خاوەن میوانخانەکە گوتی: ئاسوودە بن، تەنیا مسافیرە، براکەی سەربازە...

ئەوەی خاڵی گەورەی لەسەر کوڵمی چەپی بوو گوتی: تەشریف بێنێ.

و ئەوەی سمێڵی وەک هیتلێر بوو بە خاوەن میوانخانەکەی گوت: جێی مەترسی نەبێ؟ و شووشە ئارەقەکەی دەرهێنا: بۆ خۆت خواردوتەوە؟

خاوەن میوانخانەکە گوتی: جا بۆ دایمە دەخۆیەوە مەترسی هەیە؟

ـ کار هەر جارێک دەقەومێ.

خاوەن میوانخانەکە گوتی: جنسی «موسیۆزاریک» قسەی لەسەر نیە، پێشتر کارخانە ئارەقساز کردنی هەبوو، ئێستاکە هەر بۆ خۆی ساز دەکا، بەلاْم ئاگایەکیشی لەمەیە. کە دەرکەی پێوەدەدا بە منی گوت: هیچت ناوێ؟

ـ نا.

ـ شەو خۆش.

ڕۆیی و ئێمە سێ کەس ماینەوە، ئەوەی سمێڵی وەک هیتلێر دەچوو گوتی: دەخۆیەوە؟

گوتم: نا.

گوتی: بە کورتی ئەو شتانە تەعاروفی ناوێ، پێتخۆشبوو وەرە دانیشە.

ئەوەی خاڵە گەورەکەی لەسەر کوڵمی چەپی بوو گوتی: ئەمن تۆزێ بەزیادەوەم خواردۆتەوە. سەرخۆشم، دوایی بە هاوڕێیەکەی گوت: بۆ من دووبڵە تێکە و پێکی هەڵدا.

ئەمن جلەکانم داکەند و درێژ بووم، بیرم لە براکەم دەکردەوە و دەبوو بیگەیەنمەوە تاران و نەمدەزانی وە کوێی کەوتووە. دەبایە چۆناوچۆنم بردباوە و هەموو ئەو کاتەی بەرێوەش بووم هەر بیرم لەو شتانە کردبۆوە.

میچی ژوورەکە شێی هەبوو، لە لای شەقام ڕا پەردە جەلسە گوڵدارەکان، پێش پەنجەرەیان گرتبوو. ئەوان لە نێوان دوو قەرەوێڵەی فەنەردار لەوبەر دانیشتبوون و من لەسەر قەرەوێڵەی پێشدەرگا تخێل ببووم.

زستان بوو و لە نێوەڕاستی ژوورەکە تینی چرای عەلادین کایەی بە گڵۆپی سەتواتی میچەکە دەکرد. و نووری گڵۆپەکە زۆر پیس چاوی وە شەوارە دەخست.

ئەوان خێراخێرا ئیستکانەکانیان پڕ دەکردەوە و بە فستق و زەیتوون دەیانخواردەوە.

ـ ئی من دووبڵە تێکەوە.

ـ ئەمن ئیدی ناتوانم بخۆمەوە، ئەلکۆڵدانم پڕ بووە، یەکسەرە، خەریکە دەخۆینەوە.

لەبەر ئەوەیە ئاقڵت دە کەللەت دانێ ئیدی، ئارەق دەبێ یەکسەرە پێی داکەی ئیدی و ...

- ئەوەش بۆ تۆ، خەریکی ئەو بێدینەی لەبنە دێنێ.

بۆ چەند چرکە بێدەنگ بوو.

ئەوەی خاڵێکی درشتی لەسەر کولمی چەپەی بوو گوتی: خەریکە کارەکەم ڕاست دێ، وەک ئەوەیە کە ... ئێ کارەبا نەما!

ئەوەی سمێڵی وەک هیتلێر بوو گوتی: نەڕۆیوە، کز بووە.

ئەمن چاوم لێکرد ، گڵۆپی نێوەڕاستی ژوورەکە ئێستاش وەک جاران چاوی وە شەوارە دەخست.

ـ تێبینی:
موکێت: سەجادە/ carpet

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (سۆفیا پترۆڤنا)ی نووسەری ڕووسی لیدیا چۆکۆفسکایا



ئارام حاجی

**نووسینی: لیدیا چۆکۆفسکایا**
**وەرگێڕانی: شوانە عەبدوڵڵا**
**چاپخانە: ناوەندی ڕەهەند**

لە ڕاستیدا قسەکردن لەسەر ئەدەبی ڕووسی، کە سەروەختێک جێگەی سەرەنجی هەموو ئەدیبان و خوێنەرانی نەتەوەکانی تربووە لێوەشاوەیی و وردبینییەکی باشی دەوێت. ڕووسیا بە درێژایی سەدەی نۆزدە و بیست تا دەگاتە ئەمڕۆیش گەلێک نووسەری داهێنەر و خاوەنپێگەی جیهانی وەک ( گۆگۆڵ و تۆڵستۆی و داستایۆڤیسکی و چیخۆف و گۆرکی و باسترناک و سۆڵژنیتسین و ئانا ئاخما تۆڤا و مارینا تسیڤیتایفا..) پێشکەشی جیهان

و مرۆڤایەتی کردووە. سەیر لەوەدایە هەموویشیان ناوی دیاری جیهانی بوون نەک ناوناوبانگی خۆیان و کارەکەیان لە سنوورێکی لۆکاڵیدا بهێڵنەوە. ئەوەی زیاتر جۆرێک لە سەرسووڕمانی بەخشیوە بە لایەنی ئەدەبی ڕووسیا، ئەوەیە بە درێژایی ئەو ماوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، نەبووە بەرهەمی نووسەرەکانیان دووربێت لە سانسۆر. بەنموونە ڕۆژانێک شەیتانەکانی داستایۆڤیسکی و ددانپێدانان-ەکانی لیۆ تۆلستۆی... لە هەمبەر دەسەڵاتی سیاسی ڕووسیای تزار-ی و دەسەڵاتی کڵێسا و پیاوانی ئایینیدا خرابوونە ژێر سانسۆرەوە، کە لە شەیتانەکاندا نووسەر پێشبینی هەڵگیرسانی شۆڕشێک دەکات لە ئایندەدا، دواجار لە ١٩١٧دا شۆڕشی بەلشەفییەکان بە سەرکردایەتی «لینین» ڕوو دەدات. هاوکات لە دانپێدانانەکانی لیۆ تۆلستۆی-یشدا، کە لەسەردەمی ڕەبەنییەتی خۆیدا نووسیویەتی و جۆرێکی جیاواز و نابەدڵی پیاوانی ئایینی ئۆرسۆدۆکس قسە دەکات. نووسەر «د. جەودەت هۆشیار» لە کتێبی ( ئەدەبی ڕووسی، بلیمەت و تارماییەکان) دا ئاماژە بەوە دەدات: (( تۆلستۆی هەڵوێستێکی وەرگرت، بەشێوەیەک گومانی تێدا نەبێت ڕەخنەی لە پیاوانی ئایین و کڵێسای فەرمی گرت، ئەمەش بووە هۆی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی کتێبی «ددانپێدانان» لەلایەن سانسۆری فەرمییەوە و حەرامکردنی لە لایەن کڵێساوە. ئەوە بوو کتێبەکە یەکەمین جار ساڵی ١٩٨٤ لە ژنێف بڵاو بووەوە...)) (د. هۆشیار، ٢٠٢٥: ٤٩-٥٠). تەنانەت لە سەدەی بیستیشدا ئانا ئاخما تۆڤا و مارینا و دەیانی تریش نموونەی بەردەستی ئەدەبین لە هەمبەر بابەتی سانسۆردا. دیسان دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی سەیر لەوەدایە سەرباری هەبوونی سانسۆر، کەچی لە ڕووسیا و دەرەوەی ڕووسیایش ئێمە بە بەردەوامی و ئەم دوو سەدە و چارەکەی سەدەی بیستوویەکدا بەر ئەدەبی داهێنەرانە دەکەوین.

بێمەوە سەر ئەوەی، کە لەم وتارەدا کە بابەتی خوێندنەوە و ڕامانی ئێمە، بۆ ڕۆمانی (سۆفیا پترۆڤنا)-ی (لیدیا چۆکۆفسکایا)، ئەویش لەمەڕ هەندێک

پرسی تایبەت، کە لەناو ڕۆمانەکەدا هەیە و هاوکات چەند لایەنێکی دیکەی وەک بابەتی سانسۆر و دەسەڵات، کە لینکی هاوبەشی لەگەڵ ساتەوەختی نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەدا هەیە، کاتێک ڕەشنووس بووە کاتێکیش وەک ڕۆمان بڵاو بۆتەوە.

## مێژووی نووسینی چیرۆکی ڕۆمانەکە وەک ڕەشنووس:

نووسەر ئەم چیرۆکەی وەک دەستنووس لە ساڵی ١٩٣٩ بۆ کۆتایی ١٩٤٠دا نووسیوە و تێیدا باس لە دۆخی خێزانێک دەکات لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیست لەسەردەمی دەسەڵاتی ستالین-دا، کە چیرۆکەکە لە ساڵی ١٩٣٧ لەنێو ئەو خێزانەدا ڕوویداوە. هاوکات نووسەر ئاماژە بەوە دەدات ڕۆمانەکەی لە زستانی ١٩٣٩دا دەست پێکردووە و هەر لە ١٩٤٠دا کۆتایی پێهێناوە. زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو دەمەی چیرۆکەکە تەواو دەکات وەک ڕەشنووس، سەروەختی ئابڵوقەدانی شاری لینینگرادە لەلایەن هێزەکانی نازی سەر بە هیتلەر. خودی نووسەر دەم و



لیدیا چوکۆفسکایا

دەست ڕەشنووسەکە دەدات بە دەست کەسێکەوە و بە ماوەیەکی کورت بەر لەدەستپێکردنی ئابڵۆقەکە شارەکە جێدەهێڵێت. سەیر لەوەدایە دوای ئەوەی ئابڵوقە دەبێتە هۆی مردنی سەدا حەفتاوپێنجی شارەکە، هاوکات ئەو پیاوەی، کە دەستنووسەکەی لایە دەمرێت، بەڵام بەر لە مردنی، دەستنووسەکە سپاردەی کەسێک دەکات. پاشان نووسەر دوای شکانی هێزەکانی نازی ئەڵمانی، لە ١٩٤٤دا دەگەڕێتەوە لینینگراد و دەستی دەگات بە دەستنووسەکە و پاشی سی و چوار ساڵ لە چاوەڕوانی و هەڵگرتنی دەفتەرەکە لەناو تاریکی و ژێر

ڕەحمەتی تەپوتۆز دا. لە ساڵی ١٩٦٣ دا بە چاپی دەگەیەنێت. بەڵام هێشتان ئەو وەشانخانەی چاپگرتنەکەی لە ئەستۆ دەگرێت تەنها مافی سەدا شەستی ڕۆمانەکە دەدات و بڵاوی دەکاتەوە. جێگەی سەرسووڕمان ئەوەیە ئەم ڕۆمانە لە زێدی خۆیدا لە ژێر سانسۆری ڕژێمێکدا چاپ نەکرا، کەچی لە ١٩٦٥ بە دواوە لەڕێگەی چاپخانە ژێرزەمینییەکانەوە لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئەڵمانیا و سوید و هۆڵەندا چاپ و بڵاو کراوبۆوە. هەروەها نووسەر ئاماژە بەوە دەدات سێ جار لە لایەن دەسەڵاتەوەماڵەکەم پشکنرا، باشی لەوەدا بوو من ئەم دەفتەرەم لای هاوڕێیەکم دانابوو. وەگەر نا خۆم و دەفتەرەکەیشم پارێزراو نەدەبووین. لەبەرانبەر ئەمەدا گرنگە بۆ کتێبی (جیهانی نووسراو)ی «مارتن پکنەر» بگەڕێینەوە، کە دەڵێت: (( چوونەژێر زەرەبینی ستالین، دەشیا هەر وەک شمشێرێکی دوودەم وابێت)) (مارتن پۆکنەر،٢٠٢٤: ٢٩٠)

دیارە ئەو نموونەی لە کتێبەکەی پۆکنەر وەرمانگرتووە بۆ تەواوی ئەو نووسەرانە ڕاستە، کە لەسەردەمی ستالیندا ژیاون و کاری نووسین و بڵاوکراوەیان هەبووە بە دڵی ستالین نەجوڵاونەتەوە یان بیریان نەژردووەتەوە. دیسانەوە ئەگەر ئێمە بێین و شیکردنەوە بۆ خودی ڕستەکە بکەین و تایبەتر بەشی یەکەمی (چوونەژێر زەرەبینی ستالین). بۆمان دەردەکەوێت کەرەستەی زەرەبین بۆ گەورەکردنی ئەو هەبووەیە، کە دەکەوێتە ژێرییەوە تاوەکو لە چاو ون نەبێت و ئاگاداری هەموو جوڵە و بزاوتێکی ببین. هەروەتر سیفەتێکی تری زەرەبین سووتاندن و لەناو بردنی ئەو هەبووەیە، کە دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی زەرەبینەکە. ئەو پێچواندنە بە تەواوەتی ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتێکی تۆتالیتار و توند و تیژ بەرانبەر خەڵکی خۆی و تایبەتر نووسەرانی رووس.

**چەند نموونەیەک لە کتێبە، وەک دەرخەری ڕاستی «بوون»ی دەسەڵاتێکی توند و تیژ:**

دکتۆر (محەمەد کەمال) لە یەکێک لە کۆڕەکانی، کە لە ١٧ی ١٢ی ٢٠١٧ بەستی بۆ قوتابیانی

هەولێرنامەی کتێب

کۆلێژی هونەر، بەناونیشانی ( چۆن لە هونەر بگەین؟). ئاماژەی بە شانۆنامەیەکی شانۆنووسی گریکی (سۆفۆکلیس)دا بەناونیشانی (تیریۆس). دیارە تیریۆس پاشایەکی ئەسینا بووە و ڕۆژێک بەنیازی سەفەرە بۆ شارێکی دیکە. هاوکات ژنخوشکێکی لەو شارەدا دەژی، کە تیریۆس سەفەری بۆ دەکات. ژنی تیرۆس وای پێرادەگەیەنێت، کە لەو شارە گەڕاوەتەوە، لەگەڵ خۆتدا خوشکەکەم بهێنە و با ماوەیەک لامان بمێنێتەوە. لەکاتی گەڕانەوەدا تیرۆس دەستدرێژی دەکاتە سەر ژنخوشکەکەی و سەرباری ئەمەیش زمانی دەبڕێت و لە دارستانێک بە جێی دەهێڵێت، تاوەکو ئەم ڕووداوە بۆ کەس نەیگێڕێتەوە و تایبەتر بۆ خوشکەکەی. بۆیە ژنخوشکەکەی نامرێت و هەڵدەستێت بە ڕستنی قاڵییەک و لەناویدا ڕووداوی دەستدرێژییەکە دەنەخشێنێت، پاشان قاڵییەکە بە دیاری دەنێرێت بۆ خوشکەکەی، ئەویش، کە قاڵییەکە دەکاتەوە، تێدەگات چی ڕوویداوە. لێرەدا چنین و ڕستنی ئەو قاڵییە بەو وێنانە بۆخۆی هونەرە و ڕاستییەکی (بوونی) نیشان دەدات، کە ڕووداوی دەست درێژییەکەیە.

هاوکات ڕۆمانی سۆفیا پترۆڤنا ئەگەرچی لە زاری نووسەر خۆیەوە ئاماژە بەوە دراوە، کە چیرۆکەکە واقیعییە، هاوکات وەک هونەرێکیش ڕاستی هەبوونی دەسەڵاتێکی توندوتیژمان بۆ دەگوازێتەوە، بەتایبەت لەم نموونامەدا:

١- قسە کردنی هاوڕێ تەیمۆفیڤ لەسەر چالاکییە تێکدەرانەکان، لەبارەی وەشانخانەکان. ١٠٨

٢- ئامادەبوونیش زۆرەملێیە. ١٠٨

٣- ئەو، سوپاسی سوور بە سوپای پیس و پۆخڵی ناودەبات. ١١١

٤- من و کچەکەیشم دەنێرن بۆ کازاخستان. ١٢٨

٥- با بچینە حەمامەکە، لێرە تەلەفۆنی تێدایە، نابێت لە نزیکی تەلەفۆنەوە قسە بکرێت، چونکە شتێکی بچووک لەنێو تەلەفۆنەکەدا دەخەنە کار؛ ئیتر ناکرێت دەربارەی هەموو شتێک قسە بکەیت، هەر شتێک بڵێی، لەو دیوی هێڵەکەوە

دەیبیستن. ١٧٦

لە خاڵی یەکەمدا کاراکتەری تەیمۆفیڤ، کە تازە کراوەتەوە بەڕێوەبەری وەشانخانەکە لە جێگەی کەسێکی دیکەدا، تەنها لەبەر ئەوەی بیرو بۆچوونی هاودەنگ نەبووە لەگەڵ دەسەڵاتی ستالین. بۆیە لەکار لادراوان بە تێکدەر ناو دەبات. لە خاڵی دووەمدا هیچ مافێکی نەهاتن بە هەر هۆیەکبێ بە کارمەندەکان نادات و بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن، کە بە زۆرەملێ دەبێ هەموان ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بن، کە بەڕێز تەیمۆفیڤ قسەی تێدا دەکات. لە خاڵی سێیەمدا کاراکتەری ناتاشا لە میانی تایپکردندا لە جیاتی ئەوەی بنووسێت سوپای سوور دەنووسێت شوور(دیارە لە زمانی ڕووسیدا ئەو وشەیە بە مانای پیس و پۆخڵ دێت)، بەڕێوەبەر هیچ چاوپۆشی لێناکات و پاشی ئەم دانیشتنە وشەی شوور دەکات بە بیانوویەکی گەورە تا لەسەر کار دەری بکات. لە خاڵی چوارەمدا ئەوە دەردەکەوێت، کە گوێ بە ژن و منالیش نادرێت چ جای پیاوان، ئەوەی لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی ستالیندا نەبێت دەینێرن بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکان بۆ کاری قورس و تاقەتپڕووکێن...تا سزای مردن بە شێوەی ماوە درێژ. لە خاڵی پێنجەم و کۆتاییدا کاراکتەری (کیپاریسۆڤا) ئاماژە بەوە دەدات، کە نابێ لەگەڵ سۆفیا بدوێت، دەبێ بچنە حەمامەکەوە، چونکە چاودێرییەکە بە جۆرێکە تەنانەت لەناو ماڵەکانیشدا کەرەستەکانیش کراون بە چاودێر بەسەریانەوە و هەواڵیان لێ دەدات بە دەسەڵاتداران.

ئەمانە و چەندان نموونەی دیکە لەناو کتێبەکەدا گەواهیی ئەوە دەدن، کە ستەم و زۆرداری و چاودێری کردن گەیشتووەتە ئاستێک، کە هیچ سنوورێکی ئەخلاقیی تێدا نەماوەتەوە. تەنانەت لە ڕۆمانەکەدا پاشی ئەوەی سۆفیا ناچار دەکرێت واز لەکاری وەشانخانە بهێنێت بەهۆی گیران و دوورخستنەوەی کوڕەکەیەوە. ئەوا لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا بابەتەکە دەکرێت بە هەواڵ و دەنێردرێت بۆ شوێنەکانی دیکە تاوەکو لە جێیەکی دیکە کەسی لابراو سوودمەند نەبێت. سۆفیا پاشان دەچێت لە جێیەکی دیکە لە ئیشێک دەپرسێت




تاوەکو وەرگیرێت. سەرەتا لێی دەپرسن: ((خۆت یان کەسێکت هەیە تڕۆکراو بێت)) (لیدیا چۆکۆفسکایە ١٥١)، سۆفیا لەوەڵامدا دەڵێت: کوڕەکەم. بۆیە دەرگای بەسەردا دادەخەن.

**لە دا یکبو و نی تێکست، وەک چاوەر(شاهید)ێکی مێژ و و یی :**

جێی خۆیەتی ئەم کتێبە وەک مێژ و و یش تەماشای بکەین. بەو پێیە وا سێ چارەکە سەدە زیاترە بەسەر دەستنووسی ئەم کتێبەدا ڕۆیشتووە و بۆخۆی مێژووییەکە. بە دیوێکی تریشدا، کە هەمیشە مێژوو لە ئەگەری دووبارەبوونەوەدایە. دیارە لەباری دووەمدا نموونەمان زۆرە و دیارترینیشیان چاپبوونی کتێبی ددانپێدانانەکەی تۆڵستۆیە، کە لەبەر سانسۆر وەک مێژوویەکی نزیکتر لە١٩٨٤ چاپ بوو. وەک دووبارە بوونەوەی مێژووی سەرجەمی ئەو کتێبانەی دیکە، کە لەناو خاکی ڕووسیادا نووسران و لە دەوەرەی

خاکی ڕووسیا ڕۆشناییان دیت. دانەر ئاماژە بەوە دەکات: ((لە ڕوانگەی منەوە، ئەم نووسراوە تەنیا چیرۆکێک نەبوو، بەڵکوو پتر بە بەڵگەنامەیەک دەچوو و لەناو بردنیشی کارێکی ئابڕووبەرانە بوو.)) (لیدیا چۆکۆفسکایا٢٠٢٥: ٥). لەم نموونەیەدا بە ڕوونی دیارە نووسەر ئەوەی بە کارێکی نەشیاو تا ئاستی بێ ئابڕوویی زانیوە، کە ئەم دەفتەرە لەناو ببات، کە چیرۆکی ئەم ڕۆمانەی تێدا نووسراوە. چونکە ویستوویەتی لە ئایندەدا بزانرێت ئەم گەلە لە ژێر دەسەڵاتێکی تۆتالیتاردا چۆن ژیاوە و ئەو ڕۆژانەیان چۆنایی بەسەر بردووە؟. بۆیە لێرەدا بە دیوێکدا ئەم ڕۆمانە شاکارێکی ئەدەبییە و بەدیوێکی دیکەدا بەڵگەیەکی مێژووییە. من بۆخۆم ئەوەندەی ئەدەب بە دروستتر لە مێژوودا دەبینمەوە ئەوەندە مێژوو نووسەکان بەوڕادە بە ڕاستی و درووستییە نابینمەوە. چونکە ڕێژەیەکی بەرچاوی مێژوو نووسەکان هەمیشە لایەنێک بە پاڵەوان و لایەنێک بە دۆڕاو و لایەنێک بە خەتابار و لایەنێک بە بێتاوان هەژمار دەکەن. هەروەتر لەخەمی ئەوەدان مرۆڤێک وەک پاڵەوان لە بەرە-کەی خۆیدا قوت ببێتەوە. ئیتر مێژوو دەشێوێت یان نا کەمتر بۆی گرنگە. زۆرجاریش لە ژێر هەژموون و پێدانی سوودی مادیدا، مێژوو لەبەرژەوەندی کەسێک، یەکلایی دەکەنەوە. هەروەتر مێژوونووس کەمتر سەرووکاری لەگەڵ زانستدا دێتەوە و کەمتر لەخەمی دەرخستنی ڕاستی بوون-دایە. بەڵام ئەدەبیات کارێکی خۆسەرییانەیە و لەخەمی دەرخستنی ڕاستیدایە نەک ئەوەی ئەم کتێبەی دەینووسێت جا لە هەر ژانەرێکدا بێت، ئایا لە بەرژەوەندی کێدایە و کێدا نییە؟.

بەختیار عەلی لە کتێبی (لە دیار بۆ نادیار) باس لەوە دەکات: (( کەم باسی مێژوویی دەبینین ڕۆحی یان نەفەسی چیرۆکخوانی تێیدا بەسەر دیدگای فەلسەفی و سۆسۆلۆژیدا سەرنەکەوتبێت)). ( عەلی ٢٠٢١: ٢٠١٢). سەربارەی ئەوەی من ئاماژەم پێدا، بەختیار عەلی ئاماژە بەوە دەکات ڕۆحییەتی چیرۆکخوانی تێدایە و کەمتر وەک زانستێک مامەڵە

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات. هاوکات ناتوانێت بێلایەنانەیش بدوێت. ئەمەیش وادەکات کاری مێژوونووس پاڵەوان زەق بکاتەوە بۆ ئەوی دی وەرگر. بە پێچوانەوەی ئەدەبەوە ئەوە لە وەرگردا شین دەکاتەوە کە ڕاستییەکە چییە؟.

هەروەها دەڵێت: (( بیر و ڕاکان بۆیە لەدایک دەبن، تا لە ساتی خۆیاندا هێزی خۆیان تاقی بکەنەوە و بژین)) (عەلی ٢٠٢١: ٢٣٤). لەپاڵ ئەم دەربڕینەی بەختیار عەلیدا دەتوانی ئەوە بخوێنینەوە، ڕۆمانی سۆفیا بترۆڤنا و نموونەکانی، هێزی خۆیان سەرسخست و دواجار بەسەر بیری توندووتیژیدا سەرکەوتن و ئێستە لەناو ژیاندا بە سەربەستی دەژین، جارێک وەک دەقی ئەدەبی و جارێک وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، بۆیە ((مرۆڤ دەتوانێت جەوهەری سەردەمێک لە ڕێگای چارەنوسی ئەو تێکستانەوە بخوێنێتەوە، کە لەوێدا لەدایکدەبن)) (عەلی، ٢٠٢١: ٢٣٤).

**ئاوڕدانەوە لەبارەی لایەنێکی تەکنیک و ڕەگەزەێکی ڕۆمانەکەوە:**

تەکنیکی «کۆتایی پێهێنان» لەگەڵ ڕەگەزی «شوێن» لەم ڕۆمانەدا، وای دەبینم، دوو هەبوون، کە تەواو سەربەخۆن و دەسەڵاتی نووسەری بەسەرەوە نەبووە کە وەک جەبرێک خۆیان بەسەر ویستی نووسەردا سەپاندووە کە بەو جۆرەی هەن، هەر بەوجۆرە دەرببڕێن و دابنرێن.

لە تەکنیکی کۆتایی-دا؛ ئەم ڕۆمانە کۆتاییەکی کراوەی هەیە. کە ئایا سۆفیا دواجار بە دیداری کوڕەکەی شاد دەبێتەوە یان نا. بۆیە لەسەرەوە ئاماژەم بە جەبر کرد. چونکە ئەم کۆتاییە کراوە ئاماژەیە بەوەی هیچ کەس لە خێزانەکانی ئەوکاتە دڵنیا نەبوون ئاخۆ گیراوەکەیان ئازاد دەکرێت یاخود بە مردوویی دێتەوە بەردەستیان. بۆیە ئەمەیش کە چیرۆکی حەقیقەتی خێزانێک دەگێڕێتەوە، ئاماژەیە بەوەی سۆفیایش لە واقیعدا دڵنیا نییە، کە ئاخۆ کوڕەکەی دەبینێتەوە بە ئازادی یان نا. هەر ئەمەیش نووسەری ناچار کردووە کۆتاییەکی کراوە دابنێت بۆ خوێنەرانی ڕۆمانەکە، وەک چۆن لە ئەرزی واقیعدا هیچ دڵنیاییەک نییە

لەمەڕ کوڕەکەی سوفیا.

لەبارەی هەبووی دووەمەوە، کە ڕەگەزی شوێنە؛ لەمڕۆمانەدا شوێنیش هەمان توانای بە جەبربوونی خۆی سەپاندووە بەسەر نووسەردا، چونکە شوێنەکان لە ڕۆمانەکەدا (شوێنی داخراون) نەک کراوە. بۆ نموونە (ناو زیندان، ناو ڕاڕەو، ناو باڵاخانە، ناو وەشانخانە، ناو حەمام..تاد). هەموو ئەمانە جێگەی باس و خواسی ئاشکرا نین بۆ ئەو سەردەمە.

هەر ئەمەیش وای کردووە لە میانی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، خوێنەر هەست بە قەلەقی و کەشتەنگی و خەمۆکی زۆر و هەناسە تەنگی زۆر دەکات. وەک چۆن هەموو نموونەکانە شوێن، تەنگەبەرن نەک شوێنی کراوە.

**چەند نموونەیەکی دیکە لە نووسەرانی ڕووس، کە لەژێر ستەمی دەسەڵاتی تۆتالیتاری ستالینیدا، لە ئایندەدا بەرهەمەکانیان ڕۆشنایی بینی:**

بە تەنیشیت لیدیا چۆکۆفسکایە- وە نووسەرانی دیکە هەن، کە خۆیان و کارەکانیان کەوتوونەتە ژێر زەڕەبینەکەی ستالین.

لەوانە (ئانا ئاخماتۆڤا)، کە ناسراوە ساڤۆی ڕووس و دیارتین شاعیری ئەو سەردەمەی ڕووسیابوو. تا لە ژیاندا مابوو هیچ چاپکراوێکی خۆی نەبینی لەناو ڕوسیادا. تەنانەت هاتووچۆی وڵاتانی دەرەوەیشی لێ قەدەغەکرا، بۆ جارێک نەبێت. تەنانەت ئەوەیشی لێزەوتکرا بە دەستنووسییش شیعرەکانی لەماڵەکەیدا هەڵگرێت. بەناچاری لە ڕێگەی دەماو دەم بۆ هاوڕێکانی دەخوێندەوە و ئەزبەریان دەکرد. تا دوای مردنی ستالین لە دەرەوەی ڕووسیا بە نهێنی بە چاپ گەیەندرا.

نموونەیەکی دی، شاعیر (مارینا تسیفیتایفا)یە، کە ناچار بە دوورخرانەوە کرا بۆ کەمپی دەستگیرکراوەکان، لەکاتی گواستنەوەدا، شاعیر (بۆریس باسترناک) گوریسێکی پێدا بۆ پێکەوە بەستنی تیاکۆ (جانتا)کانی. پاشی ساڵێک لەو کەمپە بەهەمان گوریس خۆی خنکاند.

نموونەگەلی تر زۆرن هاوشانی

ڕۆمانی سۆفیا پترۆڤنا، کە پاش نەمانی ئەو ڕژێمە، بەرهەمەکانیان پاشی شاردنەوە و بێدەنگییەکی ماوە درێژ. بووبە بە بەڵگەیەکی مێژووی و دەقی ئەدەبی باڵا و داهێنەرانە. جێی خۆیەتی کۆتایی بابەتەکە بە قسەیەکی بیرمەند و نووسەری فەرەنسی (ژیل دۆلۆز) بهێنم، کە لە کتێبی لە دیارەوە بۆ نادیار-بەختیار عەلی، وەک نموونە هێناویەتییەوە، دەڵێت: ((کتێب بەرهەمی بێدەنگی و وشەیە)) (عەلی٢٠٢١: ٢٣٣). دەتوانین بڵێین سۆفیا بترۆڤنا و نموونەکانی دیکە کتومت هەم بێدەنگیین، هەم وشەن.

**ئەنجام:**

ئەم کتێبە لەزاری نووسەرەوە پێمان ڕادەگەیەنێت: لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە حەقیقەتێکی مێژووییم هەڵگرتووە و دەیگوازمەوە بۆ ئایندە، کە تێیدا سیستەمێک هەبووە هەموو ڕێگەکانی دیالۆگی داخستووە و لە بەرانبەردا هەموو ڕێگە و دەرگەکانی چەوسانەوەی خستووەتە سەر پشت بۆ ئەوانەی وەک خۆی بیرناکەنەوە یان لەگەڵی تەبا نین. ستەمێک، کە تەنانەت لە منداڵەکانیش چاوپۆشی ناکات. جارێکی تر ئەوە نیشان دەدات، کە تێکستەکانیش لە چاوی دیکتاتۆرەوە جێگەی مەترسین، تا دەگات بە خاوەنی تێکستەکانیش. چونکە هۆیەکن بۆ هەڵماڵینی ڕاستیی ئەو سیستەمە.

**سەرچاوەکان:**


١- «سۆفیا بترۆڤنا» (لیدیا چۆکۆفسکایا). چاپخانە: ناوەندی ڕەهەند. چاپی یەکەم. سلێمانی. ٢٠٢٥ وەرگێڕانی: شوانە عەبدوڵڵا.

٢- «جیهانی نووسراو» (مارتن پۆکنەر). چاپخانە: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی. چاپی یەکەم. وەرگێڕانی: جەبار سابیر. ٢٠٢٤

٣- «لە دیارەوە بۆ نادیار» (بەختیار عەلی). چاپخانە: ناوەندی ڕەهەند. چاپی سێیەم. سلێمانی. ٢٠٢١

٤- «ئەدەبی ڕووسی/ بلیمەتەکان و تارماییەکان» (د. جەودەت هۆشیار). چاپخانە: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم. سلێمانی. ٢٠٢٥وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل.



# دیدارێک لەگەڵ چیرۆکنووس ئەحمەد قادر سەعید

هەواڵنامەی کتێب

دیداری: حەمە ئەحمەد جاف

ـ یەکەم بابەت کە سەرنجی راکێشام چیرۆکێکی خوالێخۆشبوو محەمەد تۆفیق وردی بوو لەسەر پەندێکی کوردی دایڕشتبوو کە دەڵێت (دایکی دز یان سنگ دەخوا یان سنگ دەکوتێ) چیرۆکەکە زۆر جوانبوو وکارێکی زۆری کردە سەردیدو هاندانم بۆخوێندنەوە و نووسین.

ـ چیرۆکەکانم هەڵێنجراوی ناو هەناوی کۆمەڵگەی کوردەوارین، لەکوێ رووداوێک روویدابێ بیرم لێکردۆتەوە بەشێوازێکی هونەری دایڕێژمەوە وخوێندەوارانی گەلەکەمی لێ ئاگاداربکەمەوەو وەک چیرۆک پێیان بناسێنم.

ـ کاری چیرۆکنووسین لەلای من خواستێکی رۆحییە،هەر لەسەرەتای گەنجیمەوە

وەک کورە نەدارێک هەستمدەکرد کە دیدێک لە دەروونمدا هەیە دەیەوێ راڤە لەو رووداوانە بکات کەوەک دیاردە خۆیان پادەنا و دەبوونە جێ سەرنجی خەڵکانی دی

ـ من بۆماوەی هەژدەساڵ کاری مامۆستایەتیم لەقوتابخانەکانی شاری قەڵادزێ بەسەربردووەو خزمەتی قوتابیانم کردووەو زمانی عەرەبی وکوردیم گوتۆتەوە.

یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی چیرۆک، لە هزر و یادەوەریدا گوتاری مانەوە جێگیر دەکات، لەپاش پرۆسەی خوێندنەوە ، پرسیار و وەڵامی گونجاو دەوروژێنێ ، خوێنەر بە ئاڕاستەیەکدا دەبات، کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە، دەچێتە نێو جیهانێکی ڕاستەقینەی ڕیالیست و وەرگر لەگەڵ کارەکتەری نێو ڕووداوی چیرۆکەکەدا ئەکتیڤ دەکات ، بەمەش شارەزایی و لێهاتوویی و توانای زهن و قەڵەمی چیرۆکنووس ئاشکرا دەکات، بێ زۆر لەخۆکردن، پێداگری لە ڕێگای نەشو نماکردنی ڕەوتی ڕووداوەکاندا، پەیامەکەی دەگەیەنێت و ڕووداوەکان لە چەند مەشهەدو قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێنێ، ئەوەش چیرۆکنووس خودی خۆیەتی کەدوای خەیاڵ و خەون و یادو بیرەوەرییەکانی خۆی دەکەوێت تا دەگاتە ئەو جێگایەی مەبەستیەتی .

- زۆر دەمێکە هەموومان مەست و خولیای خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکانی مامۆستای چیرۆکنووس (ئەحمەد قادر سەعید) ین ، ئەو قەڵەمە بە برشتە زمانپاراوەی لە تەزووی ناخەوە دەمانباتەوە نێو ناخی یادو بیرەوەرییەکانی پشدەر و دەمانخاتە بەردەم پرسیارو وەڵام گەلێکی ئەو دیدارە ، لێرەدا ( نووسەری کورد) بە دەرفەتی زانی لەگەڵ مامۆستای چیرۆکنووس (ئەحمەد قادر سەعید) گفتوگۆیەکی ئەدەبی تایبەت بە چیرۆک و هونەری چیرۆکنووسیی سازبکات کە سەرەنجام ئەم دیدارەی لێکەوتەوە:

مامۆستا (ئەحمەد قادر سەعید) بەرلە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کەوتە گێڕانەوەی ژیانی خۆی و گوتی:

ـ لەسەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٤٧ رۆژی هەینی نزیک سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆ لەقەڵادزێ لە دایک بووم، سەرەتا تاچوونم بۆقوتابخانە لە ئامێزی خێزانێکی ئاسایی ژیاوم ،بەڵام



لەساڵی ١٩٥٣ کەوەستاقادری باوکم بەهۆی قەرزداریەوە خانووکەی فرۆشت کەوتینە کرێچییان بۆماوەی پازدە ساڵ ئێمە لەحەوشەی مزگەوت ژیانمان بەسەر برد..هەر لەوحەوشەیەدا خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەییم خوێند. لە کتێبی رۆمانە یادەوەرییە کەم بەناوی (ئەوێ گوڵەستێرەی شارەکەم بوو.) بەدرێژی لەژیانی ناو ئەوحەوشە دواوم .کە پەیمانگەی مامۆستایانی سلێمانیم تەواو کرد و لە ساڵی ١٩٦٩ بەمامۆستا دامەزرام لەحەوشەکە چووینە دەرێ.. من بۆ ماوەی هەژدە ساڵ کاری مامۆستایەتیم لە قوتابخانەکانی ئەوشارە دڵگیرە بەسەربردووەو خزمەتی قوتابیانم کردووەو زمانی عەرەبی وکوردیم گوتۆتەوە.. لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترامەوە بۆناوشاری سلێمانی لەوشارەش لەچەندین خویندنگە وانەی عەرەبیم گوتۆتەوە ، تاساڵی ٢٠٠٩ لەخزمەتکردن بەردەوام بووم هەر لەوساڵەشدا خانەنشین کراوم و لەوکاتەشەوە لەسلێمانی دەژیم ..بەڵام بەردەوام دڵم هەر لای شارەشیرینەکەی خۆم قەڵادزێیە و ئێستاش بەیادە شیرینەکانی دڵم دەکرێتەوەو هەمیشە لەیادمە.. دڵم خۆشە کە شارەزای هەموو دەشت و دەر وگوند و چۆم هەورازو نشێوەکانیم.. جوامێری خەڵکە بەئەمەکەکەی جێی تێرامانی یار و نەیارانیەتی.

***

* نووسەری کورد: لەناو کایەی ژانری ئەدەبیدا بۆ چیرۆکنووسینت

**هەڵبژارد؟**

ـ ئەحمەد قادر سەعید : گرفتەکانی منداڵی و مێرد منداڵی تاگەنجیش وایانلێکردم مەیلم بەلای خوێندنەوەدا ببزوێ،زۆر جار کتێبم لەبرادەران دەخواست و دەمخوێندنەوە.. ئەوکاتە واتە سەرەتای ساڵی شەستەکانی سەدەی رابردوو بوو.. ئەوساڵانە هەفتەنامەی ژین وچەند گۆڤارێک لەهەولێر وسلێمانی دەردەچوون وەک گۆڤاری هیواو بڵێسە وگۆڤاری هەتاو کەخوالێخۆشبوو گیوی موکریانی لەهەولێر دەریدەکرد ..چەندکەسێک لە قەڵادزێ ئەوگۆڤارانەیان دەهێنا و دەیانفرۆشت. من لەبرادەران دەمخواستنەوە و زۆربەیانم دەخوێندنەوە، بیرمە یەکەم بابەت کەسەرنجی راکێشام چیرۆکێکی خوالێخۆشبوو محەممەد تۆفیق وردی بوو لەسەر پەندێکی کوردی دایرشتبوو کە دەڵێت (دایکی دزی یان سنگ دەخوا یان سنگ دەکوتێ) چیرۆکەکە زۆر جوانبوو وکارێکی زۆرکردە سەردیدو هاندانم بۆخوێندنەوەو بەدواداچوون بۆ بابەتی لەو چەشنە کەڕاستین یان لەڕاستیەوە نزیکن.. ئیدی بەردەوام بووم لەخوێندنەوە تاقۆناغی ئامادەیی ئەوکاتە جار جار هەوڵمدەدا شیعر بنووسم بەڵام کەنیشانی هاوڕێکانم دەدا گاڵتەیان پێدەکردم ساردیان دەکردمەوە..بەڵام خولیای خوێندنەوەم هەر بەردەوام بوو.. هەتا توانیم لەسەرەتای ساڵەکانی حەفتاکاندا لەبواری چیرۆکنووسیندا خۆم تاقیبکەمەوە وتاسنوورێک سەرکەوتن بەدەست بێنم .لەوساڵانەدا چەندکتێبخانەیەک لەقەڵادزێ هەبوون وکتێب و گۆڤاری هەمەجۆریان دەهێناو سوودێکی باشیان بەبواری ڕۆشنبیری دەگەیاند..من یەکەم چیرۆکم لەساڵی ١٩٧٣ بەناوی بۆباوکی نەخۆش نووسی لە هەفتەنامەی هاوکاری ئەوساڵە بڵاوکرایەوە.. کە لەئەنجامی کاریگەریبەکی راستەقینەی رووداوێک هاتە بەرهەم ..دیارە ئەوچیرۆکە هاندەرێکی راستەوخۆبوو تا دەست وپەنجە وبیرم لەگەڵ چیرۆکنووسین رابێنم و سوود لەتەکنیکە جیاجاکانی چیرۆکی نوێ ببینم ..دیارە لەوکارەشمدا سوودم زۆر لەو رووداوانەوەرگرتووە کەلەشارەکەم روویانداوە..بەردەوامیشم.

*** نووسەری کورد: چیرۆک بۆ کێ دەنووسی..؟**

ـ ئەحمەد قادر سەعید: نووسینی چیرۆکەکانم هەر هەمووی بۆخەڵکە ،هەموویان هەڵێنجراوی ناو هەناوی کۆمەڵگەی کوردەوارین، لەکوێ ڕووداوێک ڕوویدابێ بیرم لێکردۆتەوە بەشێوازێکی هونەری دایرێژمەوە وخوێندەوارانی گەلەکەمی لێ ئاگادار بکەمەوەو وەک چیرۆک پێیان بناسێنم ..بۆ نموونە لە ڕووداوی بۆردوومانەکەی قەڵادزێی ٢٤/ ٤/ ١٩٧٤ بۆ ئەو کارەساتە گەورە ناخ هەژێنە بۆ ئەو زوڵمەگەورەی لەمیللەتەکەم کرابە چەندین چیرۆک ئەو زوڵمەم بەکەسانی دی ئاشنا کردووە، ئەو چیرۆکانەی ئێستا لەبیرمابن (شار وهەواڵێکی تر ،نیگای هەوارێکی کۆن..دووەم هەواڵی شار) و چەند چیرۆکێکی دی..من هەمیشە خۆم بەبەشێک لەخەمی گەلەکەم زانیوە بۆیە زۆربەی نووسینی چیرۆکەکانم لەناو هەناوی ئەوانە هاتۆتە بەرهەم و ڕەنگدانەوە کارەساتە ناخۆشەکانی ئەوانن..بەداخەوە لەشارەکەی مندا و لەسەردەمی بەعسی گۆڕبەگۆڕدا دەیان وسەدان کارەساتی بەسەر دانیشتوانەکەی و دەورووپشتی هێنا کەم ساڵ هەبوو کۆمەڵێک خەڵک نەگیرێن و لەکوشتارخانەکەی موسڵ ملیان بەپەتدانەکرێ ولەسێدارەنەدرێن،،تەنها لەبەر ئەوەی سەریان بۆ ڕژێم نەوی نەدەکرد..ئەوکارەساتانە بەردەوام بوو هەتا ساڵی ١٩٨٩کە بەعس دوا ڕقی بەسەر دەڤەرەکەدا ڕشت و بەیەکجاری خەڵکەکەی ڕاگواستە ئۆردوگا زۆرە ملێکان و شارەکەشی لەگەڵ زەوی تەختکرد.. هەموو ئەوانە هەوێنی چەندان نووسین وچیرۆکی کورت و درێژن بۆ من وەک نووسەرێک بەردەوام ئاگاداری زۆربەی ئەو ڕووداوانەم کەدەکرێن ببنە هەوێنی چیرۆک وبەهونەرەکەی خۆمیان ئاشکرا بکەم..

*** نووسەری کورد: مێژووی چیرۆکی کوردی بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟**

ـ ئەحمەد قادر سەعید : مێژووی چیرۆکی کوردی ئەگەر وەک چیرۆکی هونەری لێی بڕوانی مێژوویێکی کۆنی نییە.بەڵکو تاسنوورێک تازەشە،بۆنموونە چیرۆکی (لە خەومای جەمیل سائیب) ئەگەر هەڵەم لەناوەکەیدا نەکردبێ تاسنوورێکی باش بەمێژووی چیرۆکی هونەری ئەوسەردەمە دادەنرێ کەبەشێوەیەکی ڕەخنە ئامێز ڕەخنە لەدەسەڵاتدارانی




سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحموود دەگرێ.و جاری واش هەبوو پیرەمێردی مەزنیش ئەم تیری ڕەخنەی گرتۆتە دەست ڕۆیشتوانی ئەوکاتە دیارە ئەولایەنانەش ئەوانیا ن بەداردەسەتی ئینگلیزەکان لەقەڵەم دەدا ..دوای ئەو مێژووە لەو پارچەی باشووری کوردستان چیرۆکی هونەری ڕێچەکەی خۆی وەرگرت و چەندان چیرۆکنووسی بەتوانا هاتنە مەیدانەکەو ڕووداوە زۆر و زەوەندەکانی میللەتەکەیان بەچیرۆک دارشتۆتەوە..

بەڵام ئەگەر چیرۆک وەک داستان وحیکایەت سەیر بکەین ئەوا مێژوویان زۆر کۆنترە بۆنموونە (داستانەکانی ناسرو ماڵ ماڵ و قەرو گوڵەزەرو فەخری وخاتونەستی ولاس وخەزاڵ و دەیانی دی ) مێژوویکی کۆنیان هەیەو بەیتبێژو حیکایەت خوانەکان لەبۆنە تایبەتیەکاندا بۆخەڵکیان گێڕاوەتەوە.

بۆ نموونە لەقەڵادزێ چەندین بەیتبێژ لەگێڕانەوەی ئەو داستانانە ڕۆڵیان بینیوە، یەکێک لەوانە (سەلیمی بایزی )هەبوو زۆربەی ئەو داستانانەی بە هۆنراوە لەبەربوو لەبۆنەکاندا وبەتایبەتی لەدیوەخانی دەسترۆیشتووەکاندا شەوانە کاتیان بەگوتنەوەیان بەسەردەبرد و وابزانم ئەوکاتەی نەواری تۆماری دەنگ پەیدابوو بەشێک لەو داستانانە تۆمار کرابن بەس من نازانم لە ئێستادا ماون یان نا..

لەئێستاشداچیرۆکی هونەری وەک ژانرێکی سەربەخۆ نووسەر و خوێنەری تایبەتی خۆیان هەیەوهونەرەکانی چیرۆکنووسین پەیڕەودەکەن.. لەو

بوارەشدا ئەدیبانی ناودار ناویان هەیە ورۆڵی گرنگیان لەبەرەوپێش بردنی هونەری چیرۆکنووسین لەبەر چاوە..

*** نووسەری کورد: کاری چیرۆکنووسین لای ئێوە هۆکارە یان ئامانج؟**

- ئەحمەد قادر سەعید: کاری چیرۆکنووسین لەلای من خواستێکی رۆحییە،هەر لەسەرەتای گەنجیمەوە وەک کورە نەدارێک هەستمدەکرد کە دیدێک لە دەروونمدا هەیە دەیەوێ راڤە لەو رووداوانە بکات کەوەک دیاردە خۆیان رادەنا و دەبوونە جێ سەرنجی خەڵکانی دی..ئەوانە سەرەتا وایان لەمن کرد زۆرتر چیرۆک بخوێنمەوە و ئەو هەستەم رابێنم لەسەر بەدواداچوونی بەردەوام و زۆر جاریش چیرۆک و رۆمانە عەرەبیەکانی عێراقی و عەرەبیەکانم دەخوێندنەوە لەئەنجامی ئەوخوێندنەوانەدا هەستم دەکرد کە منیش دەتوانم لەوبوارەدا قەڵەم بخەمەکار و هەوڵ بدەم چیرۆک بنووسم ..دیارە رۆڵی هەریەک لە چیرۆکنووسانی ئەوسەردەمە واتە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو دا چەندان چیرۆکنووس لەمەیدانەکەدا بوونی خۆیان سەلماندوە ، لەو چیرۆکنووسانەش وەک (حسێن عارف وحەمە فەریق حەسەن و کاکە مەم بۆتانی و زۆری دی) هاندەری باشبوون لەبەرەوپێشچوونی چیرۆکنووسان کە منیش یەکێک بووم لەوان ئەوانە وایالێکردم چیرۆک بنووسمەوەو بیاننێرم بۆگۆڤارو هەفتەنامەکانی وەک هاوکاری و بڵاویان بکەمەوە.. من هەموو کاتێک بەئێستاشەوە چیرۆکنووسین بە ئامانجێکی مەزن لەقەڵەم دەدەم بە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری خوێندواران دیارە گێرانەوەی رووداوەکان بەشێوازێکی هونەری کە چیرۆکی ئەمرۆ لەخۆی گرتووە ئەویش رانان وگێرانەوەی ئەو رووداوانەبە شێوەیەکی هونەری.. خوێنەرانی چیرۆک دەگەیەننە ئەوئاستەی لەتێرامان و بیرکردنەوەیاندا ئارامییەکیان پێببەخشێ ومن ئەوکاتەو ئێستاش هەستدەکەم چیرۆکەکانم خوێنەری باشیان هەیە کەئەوەش بەجێی شانازی خۆم دەزانم کەتوانیومە ئامانجە پیرۆزەکەی چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی زیندوو بگەیەنمە هەواداران ودۆستانی چیرۆکی کوردی..

دیارە کەباس لەکاری ئەدەبی دەکرێ بێگومانم چیرۆکنووسان ئامانجێکی

گەورەیـان لەپشـتەوەیەو دەیانـەوێ لـەو ڕێیـەوە بەدی بهێنن..ئەویش خزمەتکردنە بـەو ژانرە ئەدەبیـەو دواجاریش بەبزاڤی رۆشـنبیری گەلـە سـتەمدیدەکەمان.. منیش هـەر لەسـەرەتاوە و تـا ئێسـتاش کەتەمەنـم هەڵکشـاوە نووسـینەکانم بـۆ ئـەو ئامانجـە پیـرۆزە تەرخانکـردووە و ئەویـش خـۆی لـە خزمەتکـردن بـە رەوتـی ڕۆشـنبیری گەلەکـەم و هاندانـی رۆڵەکانیەتـی بۆخوێندنـەوە و بەدواداچـوون وشـارەزابوون لەڕەوتێکی پیـرۆز کەئەویـش چیرۆکـە، دەبینێتـەوە..

*** نووسـەری کورد: وەک لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی (تـەزووی نـاخ) و (ئەوینی دەریـا) دا دەردەکـەوێ هەڵوێسـتی نەتەوەیـی وکـورد بـوون و یاخیبـوون و عیشـقێکی جاویدانـی پاڵەوانـی چیرۆکەکانتـە..؟**

- ئەحمـەد قـادر سـەعید: مـن لـە هەڵبژاردنـی کارەکتەرەکانـی نـاو چیرۆکەکانـم ئـەو کەسـانەم دەستنیشـان کردوون کەلەخزمەتـی گەڵ ونەتەوەکەیانـدا بـوو بـن و بەجۆرێـک لەجـۆرەکان لەخزمەتکردنـی دۆزی رەوای گەلەکەمانـدا بووبـن و لـەکارە باشـەکان درێغیـان نەکردبـێ وبەشـێک بووبـن لـە موعاناتەکانـی میللەتەکەیـان واتـە بەشـێک بووبـن لەخۆشـی وناخۆشـی کۆمەڵگاکەیان..مـن لـەوە دڵنیـام کـە پاڵەوانـی نـاو چیرۆکەکانـم کەسـانی بەدەرنین لە خۆشـی وناخۆشـی گەلەکەیـان وهیـچ کارەکتەرێکـم لـە دەرەوەی کۆمەڵگەکـەم نەکـردووە بـە پاڵەوانی ناو ڕووداوەکان، هۆکارەکانیش ئەوەیـە، کارەسـاتەناخهەژێنەکان هێنـدە زۆرن بەشی سـەدان چیرۆک و رۆمـان دەکەن،ئاخـۆ ئـەو ڕووداوە نـاخ هەژێـن نییـە مێـرد منداڵێـک لەگـەڵ باوکێکـی پیـری گوێگرانـدا پـاڵ بەعارەبانەیەکـەوە بنـێ تایارمەتـی بـدات کەچـی لەنـاکاو فڕۆکەکانـی ڕژێـم لەچاوتروکانێکـدا بیخەنـە بـەر شـاڵاوی بۆردوومانێکـی بـێ ویژدانانـەو گیانـی لـێ وەرگرنـەوە وپشـتی باوکـە داماوەکـەو خێزانەکەشـی بشـکێنێت .

لەکۆمەڵـە چیرۆکـی (ئەوینـی دەریـا) کەکۆی بەرهەمی سێ کۆمەڵە چیرۆکمە.. زۆربـەی ئەوکارەسـاتانەم لەچەندیـن چیرۆکداجێکردۆتـەوە و هەسـتمکردووە ئەوەی من نووسـیومە جێی ڕەزامەندی خوێنـەران بووە و بەنموونـەی چیرۆکی باشـیان لەقەڵـەم داوە.چونکـە زۆربـەی ڕووداوەکان هـی نـاو ئەوکۆمەڵگەیـەن کەخۆیـان ونەتەوەکەیان خۆشویسـتووە.

لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانی خەبات و تێکۆشانیان کردووە..من وەک مامۆستایەک وئەندامێکی ناو ئەو کۆمەڵی کوردەواریە هیچ کاتێک خۆم لەخۆشەویستنی نەتەوەکەم بەدوور نەگرتووە.و بەردەوام هەوڵمداوە پاڵەوانی ناوچیرۆکەکانم رۆڵی پۆزەتیفانە بگێڕن و لە ئاکارەجوانەکانی گەلەکەیان رۆڵیان هەبێ لەخزمەتکردن بەبراقی نەتەوەکەیان دوور نەکەونەوە.. من ئەوە بەپیرۆزترین میداڵی نەتەوەکەم هەژمار دەکەم کەپێم براێ.هەروەاش بڕیارمداوە تالەژیاندا بمێنم لەوخزمەتە پیرۆزە کەمتەرخەمی نەکەم وچۆن لەسەرەتای چیرۆکنووسینمەوە ئەو بڕیارەمداوە تا لە ژیانیشدا بمێنم لەورێبازە پیرۆزە دوور ناکەومەوە..

*** نووسەری کورد: جیاوازی لەنێوان (چیرۆک وحیکایەت و رۆمان)دا چیە؟**

ـ ئەحمەد قادر سەعید : لەپێشەوە ئاماژەیەکم بەجیاوزی ئەو سێ بابەتە کردبوو و بۆ زیاتر قسەکردن لەسەرچیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی جاچیرۆکەکە کورت بێ یان درێژبێ زادەی بیری چیرۆکنووسێکە یان هی چەند چیرۆکنووسە. پاڵەوان لەمجۆرە چیرۆکانە لەچەند ژمارەیەک تێناپەڕێ و ناوەرۆکەکەشیان هەر لەو ئاستەدان و گێڕانەوەکانیش بە ئەنجام دەگەن... ئەنجام لەچیرۆکی هونەریدا گێڕانەوەی ڕاسەوخۆ ئەو ڕۆڵە سەرەکیەی نیە بەڵکو گێڕانەوە کە لەسەرشێوازی فلاشباک و مۆنۆلۆگ و تەداعی وباسکردنی راستەوخۆن. لەچیرۆکێکداجاری وایە پاڵەوانێک چەند رۆڵێک دەبینێ جارۆڵەکان ئیجابی بن یان سلبی..بەهەرحاڵ چیرۆکی هونەری لەگەڵ حیکایەت و هەتا رۆمانیش جیاوازی هەیە بۆنموونەکە دەگوترێ حیکایەت واتەگێڕانەوەی بەسەرهاتێک یان چەند بەسەر هاتێک بەدوورو درێژی و بەمەرجیش نەگیراوە رووداوەکان راستی بن جاری واهەیە هەر لەخەون و خەیاڵی حیکایەتخوان خۆی دادە ڕێژرێن.. ئەورووداوانە بەزۆری لەداستانە کلتوریەکاندا بەدی دەکرێن.. و زۆربە شیان لەرووداوی ئەوین وعەشق ودڵداریدا رەنگدەدەنەوەو دەبینرێن..بەلام رۆمان یان چیرۆکی درێژ دەچنە پاڵ چیرۆکی هونەرییەوە کە لەیەککاتدا رووداوێک یان چەند رووداوێک دەترنجێنە ناو بابەتێکەوەو لەئەنجامدا رۆمانێک دێتە ئاراوە ..لەناو ئەدەبی جیهانیدا

زۆرن ئـەو رۆماننوسـانەی ناوبانگیـان لەوتـەرزە نووسـینە دەرکـردووە.. تۆڵستۆی گەورە ڕۆماننووسی رووسی وگابریێـل گارسـیا مارکیـزی کولۆمبـی خـاوەن خەڵاتـی نۆبـڵ لەسـەر رۆمانـی سـەت سـاڵ تەنیایـی و ڕۆماننـووس دیستۆفسـکی دەیانـی ترلەوبـوارەدا دەبینرێن بـەڵام ئـەوەی من بیزانـم کورد لـەو جۆرە رۆمانانـەی کەمـە و ئەوەشـی هەیـە چەنـد بەڕێزێکـی زۆرکەمـن وتەنهانـاوی وەک (حسـێن عـارف و دکتـۆر خەسـرەو جـاف) دیـارن. ئـەو زاتانـە خزمەتـی بەرچاویـان لەوبـوارەدا پێشـکەش بـە بزاڤەکەکـردووە..

بەتێکرا چیرۆکی هونـەری وحیکایـەت و رۆمـان لەنـاو کۆمەڵگـەی کوردەواریدا ئەوەنـدی هەبـووە لەخزمەتـی میللەتەکەیـان درێغیـان نەکـردووە بەبیـرو هەسـتە ناوازەکانیـان خزمەتێکـی باشـیان بەکۆمەڵگەکەیـان کـردووە.. دیارەحیکایەتەکانـی گوێئاگـردان و بەردەم سـۆبە ڕەشـەکەی جاران هەوێنی زاخدانەوەی بیری رەسـەنایەتی ئەوگەلە کوڵنـەدەرەن کەهەمیشـە چەوسـانەوەو سـەر نەویکردنـی رەتکردۆتەوە..بـە هەرحـاڵ هەمـوو ئـەو ژانـرە ئەدەبیانـە دەچنـە ناوسـەرچاوەی کلتـوری نەتەوەکەمـان و زیندوویەتـی تاکـی کـورد دەسـەلمێنن..ناوی (شـێخ فـەرخ و خاتونەسـتی) هەتـا مێـژوو بمێنـێ لەنـاو فەرهەنگی کلتـووری ناوچـەی پشـدەردا بەزینـدووی دەمێنـێ کەنموونـەی وەفـاو ئەوینـداری راسـتەقینە لەبوونیادیـدا چەسـپاوە لەناوتـەلاری شـانازیدا بوونیـان بەرچاوە..لێـرەدا گلەییـەک لەدەسـەڵاتی دەڤەرەکـە وروناکبیرانیـش بکـەم کەسـاڵانە نەیانتوانیـووە ئەگـەر بەهـۆی سـەیرانێکیش بـێ یـادی ئـەو دووئەوینـدارە بەنـەوەی نـوێ ئاشـنا بکەنەوەوهەرنەبـێ ئـەوە یـادی خەڵـک بهێننەوەکەسـەرچاوەی ئـاوی خواردنـەوەی قـەڵادزێ لەکانیـە روونەکـەی شـێخ فەرخـەوە دەدرێتـە شـاری قـەڵادزێ و دانیشـتوانەکەی تێـر ئـاو دەکات..

*** نووسـەری کـورد: رەنگدانـەوەی مەرگـی ئازیـزان وکۆچـی بەکۆمەڵـی گەنجـان و بەجێهێشـتنی وڵات لـە چیرۆکەکانتـدا..؟**

ـ ئەحمـەد قـادر سـەعید: چیـرۆک واتـە رووداو، واتـە زەمـەن وپاڵەوانـی رووداوەکـە خـۆی، لـە چیرۆکەکانمـدا رووداو رۆڵـێ سـەرەکیان گێـڕاوە. مـن ئەگەرچـی لەسـنوورێکی فراوانـدا

نەژیاوم چونکە (قەلادزێ) بۆ ژیان تا ئەمڕۆش سنوورێکی بەرتەسکە ئەگەرچی رووواو وکارەساتی گەورەی تێدا روویداوە .بەلام ئەوەی روویانداوە کاردانەوەیان لەسەر تێگەیشتن و پێگەیشتنم هەبووە.حکومەتی بەعس

بەرامبەر خەڵک و دانیشتوانی پشدەر وقەلادزێ زۆر دڵڕەقانە بوو سادەترین گرفت رووی دابا کۆمەڵێک خەڵک دەبوونەقوربانی دیارە ئەو کاردانەوە سەختانەی حکومەت وایدەکرد رقێکی توند لەدەروونی دانیشتوانەکە بەجێبهێڵێ. من لەناو چیرۆکەکانمدا زۆر لەوناهەقیانەم کردوون بەچیرۆک و رای خۆم دەربارەیان ئاراستەکردووەو واشدەزانم ئامانجم پێکابێ.نموونەش بۆ ئەو حاڵەتە چیرۆکی (پەیکەرە.. لەکۆمەڵە چیرۆکی پەیکەردا)

کەباس لەپەیکەر بوونی شەهیدێک دەکات کەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول خۆی نادا بەدەستەوە و بەهۆکارێکی نادیار دەگیرێ ولەدواییدا لەکوشتارخانەکەی موسڵ لەسێدارە دەدرێ.ئەو مرۆڤە کەس نەیزانی لەکوێ شاردرایەوە بەلام لەدەروونی هاورێ و هاوسەنگەرانی وەک پەیکەرێکی نەمری لەبڵندایی گۆڕەپانی هەموواندا مایەوە.ئەوەو چەندان چیرۆکی تر کەحەزدەکەم خوێنەران بگەڕێنەوە بۆ ناوکتێبەکانم بەتایبەتی چیرۆکی پەیکەر کەراڤە زۆر لەوراستیانە دەکات بخوێننەوە..

ئەو بابەتانەی لەپرسیارەکەدا ناویان هاتووە زۆربەیان لەخەیاڵی مندا خۆیان نمایشکردووەو چەندی بۆم لوابێ بەشێوازی چیرۆک قسەم دەربارەیان کردووە وئازیزانم لێیان ئاگادار کردۆتەوە کەلەنا کۆمەڵگەکەماندا ئەو رووداوانە بوونیان هەبووە. منیش لەئاست تێگەیشتن خۆم بابەتەکانم لەهونەری کورتەچیرۆکدا جێکردۆتەوەو وەک مێژووی ژیانی خۆم لێیان دەڕوانم ..

*** نووسەری کورد: پیرۆزیی خاکی نیشتمان و پێشمەرگەو گەورەیی شەهیدان لەکوێی چیرۆکەکانتە؟**

ـ ئەحمەد قادر سەعید : شەهیدی نەتەوەی کورد و مرۆڤایەتی شیخ سەعیدی پیران لەکاتی لەسێدارەدانیدا کەلێیدەپرسن چی بەوکەسانە دەڵێی کەکوردن خاکی باب و باپیرانیان دەفرۆشن..؟

لەوەلامدا دەڵێت : خاک شەرەفەو شەرەفیش بەزۆری نادرێ بەکەسی

بێ شەرەف...

من ئەگەرچی ژیانم بەهەڵەشەیی نەهێناوەو هەربەهێمنی ولەسەرەخۆیی گوێم گرتووەو رەفتارم کردووەو خۆم بەهاش و هووشەوە سەرقاڵ نەکردووە، ئەمرۆ شتێک وسبەی شتێکی تر.. لەلای من هەموو کەسێک سەنگی خۆی هەیە بەبارستایی سەنگی خۆی رێزم لێگرتووە و رێزی لێدەگرم ،و هیچکاتێک لەناخۆشی گەلەکەم ولەهیچ کارەکتەرێکم ونیشتمانەکەم دوورنەکەوتوومەوەو بوونیشم وەک مامۆستا لەشارەکەمدا خزمەتێکی زۆرم خستۆتە سەرخەرمانی خرمەتەکانم کە لەوشارە خۆراگرەدا ئەنجاممداون.. لەرۆژەکانی دوای ١٩٧٥ کەبەعس بە هێزەوە گەرایەوە کوردستان زۆر هەوڵیدا لەمامۆستایان نزیک بێتەوەو لەو رێیەوە خزمەتی خۆیان پێبکات.. زۆر سوپاس بۆخوا وبەشانازیشەوە دەڵێم منم لەوتاقیکردنەوی خۆبەدەستەوەدانە بەپاکی دەرچووم ..بەعس بۆ هێنانەدی مەرامەکانی یەکەمجار لەقوتابخانەکانەوە دەیویست پەروەردە دەستەمۆکات بۆ ئەو مەبەستە زۆر پلان و پیلانی هەمەچەشنەی تاقیکردەوە.. لەگەڵ ئەوەی لەوسەردەمەدا هەندێک مامۆستا بەرگەیان نەگرت بەڵام زۆرینەیان خواستەکانی بەعسیان رەتدەکردەوە..ئەو رووداوانە زۆر بەی لەچیرۆکەکانمدا رەنگیانداوەتەوە بەجۆرێک لەجۆرەکان مرۆڤی کوردم بەجوامێرو ئازا ناساندووە دیارە بوونی ئەوئازایەتییەش زۆر باش لەچەندین چیرۆکدا ئاماژەم پێکردووەو بەمێژووی شانازی خۆشمی دەزانم چونکە وەک لەپێشەوە ئاماژەم پێداوە چیرۆک بەلای منەوە گەیشتن بووە بەئامانجێکی پیرۆز بەشی خۆشی لەخزمەتی ئەواندا رۆڵیان بینیوەتەوە..

*** نووسەری کورد: ئایاهیچ داهێنانێک لەچیرۆک و رۆمانی کوردیدا دەبینی؟**

- ئەحمەد قادر سەعید: ئەوەی ئەمرۆ لەچیرۆک و رۆماندا بەتایبەتی ئەوانەی بابەتەکانیان خۆ ولاتین واتە رووداوەکان لە ناوخۆ روویانداوە زۆربەیان بەشێوە تەقلیدیەکەی نووسراون و رووداوەکان لەزەمەنێکی دیاریکراودا روویانداوە .کەبریتین لەرووداوێک یان چەند رووداوێک کەتێکدەترنجاو کە چەند کارەکتەرێک رۆڵی تێدا دەبینن.ئەوەی یەکەم چیرۆک ئەوەی دیکەش لەشێوەی چیرۆکی درێژ یان رۆماندا خۆی دەبینێتەوە.

لای من وایە هەرنووسینێک ئامانجێک نەپێکێ بەنەمری نامێنێتەوە واتە دوای ماوەیەک بابەتەکەی لەبیر دەچێتەوە بوونی نامێنێ.بۆ ئەمڕۆی ڕۆمانی کوردی کۆمەڵێک ڕۆماننووس بابەتەکانیان دیارن وخوینەری خۆیان هەیە لەوانە (بەختیار عەلی) ناوێکی دیارە خەڵکانێکی زۆر ڕۆمانەکانی دەخوێننەوە وچەندین نووسەری دیکە لەبوارەکەدا هەن بەڵام ئەگەر لەرووی بەدیهێنانەوە لەبەر هەمەکان بڕوانی هەر درێژکراوەی نووسەرە دێرینەکانەو گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. هەنگاوی گەورەی بۆ بەرە و پێشچوون نەناوە.من ئەوەی ئەمڕۆ لە هەڵسو کەوتی هەندیک ئەدیب و نووسەر بەدیدەکەم زۆربەیان بۆ ماوەیەک وەک ئەدیب لەبوارەکەدا دەمێننەوە و دوای ماوەیەک ڕوو دەکەنە بواری سیاسەت دیارە ئەوەش زیان بە نووسین وهەتا کەسەکەش خۆی دەگەیەنێ و وەک ئەدیب ئەونووسەرە ڕۆڵی دێتە کزی..کە من بۆ ئەوحاڵەتە دوو هۆکار دەبینم:

یەکەم ، وشکبوونی سەرچاوەی داهاتی فیکری ئەو کەسە و خولانەوەی لەبازنەیەکی بەرتەسکدا و کەپێیوایە دەتوانێ لەپەیوەندیکردنی بە ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت ئەم سەر چاوە روونەی وشک نابێ ،بەڵام بەپێچەوانەو کاتێک بەخۆی دەزانێ سەرچاوە ئەدەبیەکەی وشکیکردووە من وادەزانم لەوحاڵەتەدا نووسەر لەدوولایەنەوە زیانی بەردەکەوێ:

یەکەم ، جەماوەرە ئەدەبیەکەی لەدەستدەدات کە ئەویان وەک ئەدیب دەناسی ولەگەڵ قەڵەمەجوانەکەی ڕاهاتبوون.

دووەم، سەرچاوە ئەدەبیەکەی وشکدەکات کەجاران وەک فانتازیا یاری بەوشە نەرم ودڵگیرەکانی دەکرد..چونکە کەسانی سیاسی ئەوبابەتە بەزمان و ئەدەبی نادەن کە ئەدیبێکی دی دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردووە..من ئەوە بەزیانێکی گەورە دەبینم کەلە ئەدەب بەگشتی و لەخودی کەسەکە دەکەوێ..

بۆ ئەمڕۆی ڕۆمانی کوردیش هەرئەوەی هەیە دەبینرێ تائێستا من بازدانێکی گەورە لەو ڕووەوەنابینم.

*** نووسەری کورد: مەرجەکانی چیرۆکی باش لای بەڕێزتان چین؟**

ـ ئەحمەد قادر سەعید: کاتێک دەوترێ چیرۆک واتە ڕووداو دیارە ئەوەی لەو

هەواڵنامەی کتێب

ڕووداوە بەشداریدەکات پاڵەوانەکەیەتی وهەر ڕووداوێکیش لەزەمەنێکی دیاریکراودا ڕوودەدات واتە کە گوترا چیرۆک ئەوە گوتوتە.. ڕووداو ..پاڵەوان ..زەمەن .کە ئەوانەچیرۆک پێکدەهێنن..

چیرۆکی هونەری کوردی لەمڕۆدا لە چیرۆکەکانی بەرئاگردان و سۆبەڕەشەکە کە داپیرەو باپیرە کە بۆکوڕ و کچ ونەوەکانیان دەگێڕایەوە جیاوازە، چونکە چیرۆکی هونەری لەسەر چەند بنەمایەک بە ندە وەک دیالۆگ وتەداعی وفلاشباک هەموو ئەوتوخمانە والەخوێنەر دەکات بەدوای ڕووداوەکەدا بچێت تا دەیگەیەنێتە ئەنجام ئەوەش وەک بابەتێکی ئامانجدار لەیادەوەریدا دەمێنێتەوە.. لە چیرۆکی (سەگوەڕ) ی..خوالێخۆشبوو (محەمەد موکری) دا کە بەچیرۆکێکی درێژ لەقەڵەم دەدرێ، ئەوەی خوێندبیتیەوە بۆ ئەو سەردەمەچێژێکی تایبەتی هەبووەو زۆرتر لەرۆمانی (هارونە رەشید) هکەی دەچێتە بەر دڵانەوە ئەوە ئەوەمان پێدەڵی مەرجی چیرۆکی هونەری سەرکەوتوو بریتییە لەڕووداوێکی تۆکمەی سەرنجڕاێش لەگەڵ زەمەنی گونجاو و کارەکتەری بەتوانا وەک پاڵەوان لەگێڕانەوەکدا ڕۆڵ دەبینن..

جێی سەرنجە وڵاتەکەی ئێمە وڵاتی ڕووداوەکانەو لەماوەی ئەو پەنجا شەست ساڵەدا دەیان ڕووداو ڕوویانداوە.. بۆ نموونە ڕاگواستنی دێ و شارەکانی کوردستان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان جگە لەدەیان بەسەر هاتی ناخهەژێنی وەک بۆردومانی ساڵی ١٩٧٤ بۆ ئەدیب و ڕۆشنبیرانی دەڤەرەکە ماددەیەکی خاوی بەپێزبوون بۆ لەسەر نووسینیان چ وەک هۆنراوە یان چیرۆک یان وەک بابەتی دیکە...من خۆم وەک ئاماژەم پێداوە لە سەر ئەو ڕووداوە چەندین نووسین وچیرۆکم نووسیون و دەشزانم لەزاکیرەی گەلەکەمدا بەزیندوویی دەمێنێتەوە و ئەوەشی تێبینیم کردووە بابەتەکان جێی پەسندی خوێنەرە ئازیزەکان بووە.

من لەسەر ئەم ڕاگواستنە چیرۆکێکی درێژم هەیە کەتا ئێستا بواری چاپکردنیم بۆنەڕەخساوە ئاماژەم بەوەکردووە کە ئەوڕاگواستنە کاتییە وحکومەت خۆی بۆلەناوبردنی یەکجاری کورد لەپڕۆسەیەکی دیکەی ئەنفالدا ئامادە دەکات..

بۆیە من وادەزانم ئەرکی نووسەرو ئەدیب بەرهەر شتێک پێشبینیکردنی ڕووداوەکان و ئاگادارکردنەوەیانە جا بەهەر ڕێگایەک بێ و چیرۆکی ڕەسەنیش نابێ لەو ئەرکە پیرۆزانە بەدەر بێ..ئەوانەش بەلای منەوە مەرجەکانی سەرکەوتنی چیرۆکی کوردین..

*** نووسەری کورد: ڕۆڵی زمان لەبواری چیرۆکنووسیندا؟**

- ئەحمەد قادر سەعید: چیرۆکنووسین یا هەر ژانرێکی ئەدەبی دی پێویستی بە زمانپاراویە..ئێمە کەباس لە زمان دەکەین دەبێ ئەوە بزانین کە زمان هەر زمانی قسەکردن نیە کەڕۆژانە خەڵکی ئاخاوتنی پێدەکەن. بەڵکو شارەزابوونە لەفەرهەنگی نەتەوەکە، بۆئێمەی نەتەوەی کورد ئاشکرایە کە خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندین لە وشەسازی و بەکارهێنانی لە نووسیندا. بۆ نموونە فەرهەنگی ئاخاوتنی موکریانی لە هەندێک وشەو دەستەواژەدا لە شێوەزارەکانی وەک کرمانجی جیاوازە،نووسەری زیرەک ئەو نووسەرەیە لە زۆرینەی ئاخاوتنەکان شارەزابێ و لە نووسینەکانیدا بەرجەستەی بکات. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەرەکە توانیویەتی سوود لە شێوەزارەکان ببینێ.. دیارە ئەوەش دەچێتە ناو ئەوهەوڵانەی خۆی لەزمانی ستاندار نزیکدەکاتەوە لەدواجاریشدا دەتوانین ئەوەبسەلمێنین کورد لەڕووی زمانەوە خاوەن پێناسەی خۆیەتی..

من پێموایە ڕەسەنایەتی زمانەکەمانە ئێمەی بەو شێوەیە هێشتۆتەوە وبەرگەی ئەو هەموو دژایەتیکردنەی گرتووە.

لێرەشەوە دەڵێم، زمانی پتەو چەند بۆ ئاخاوتن پێویستە هێندەش بۆنووسین پێویستترە تا ئەو نووسینانە ببێتە قوتابخانەیەکی گرنگ بۆ بەردەوام پێشخستنی زمانی شیرینی کوردی..

من وادەزانم نووسەران بەتێکڕایی ڕۆڵێکی پیرۆزیان بینیووە لە پاراستنی زمانەکەمان کەلەڕێیەوە خوێنەرانیش لە وشەو واتا جوانەکانی زمانەکەیان دوورنەکەونەوە ئەوەش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ مانەوە وبەرگەگرتن لەنەیارانی..

*** نووسەری کورد: وەک ئاگادارم لەبواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵات هەیە..رات چیە لەگەڵ زمانی وەرگێڕانی ئەمرۆی زمانەکان، هاوکات وەرگێڕان**

**لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

ـ ئەحمەد قادر سەعید: با بۆ وەڵامدنەوەی ئەو پرسیارە لەبڕگەی کۆتاییەکەیەوە دەست پێبکەم..وەرگێڕان واتە ناساندنی بابەتێکە بەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێ ..واتە من کە بابەتێک لەزمانێکی دیکەوە وەربگێڕم ئەوە من ئەوبابەتەم بەزمانی خۆمان بەخوێندەوارانی گەلەکەم ئاشناکردووە، دیارە لەونێوەندەشدا بابەتی هاوبەش هەیە بەزمانەجیاوازەکان نووسراون و بەوەرگێڕانیشیان جۆرێک لەزانیاری هاوبەش هاتوونەتە ئاراوە و بەوکاری وەرگێڕانە زانیاریە هاوبەشەکان دەچنە ناو رووباری ئەوزانیاریانە خزمەت بە هەردوولا دەکات و ئینجا بەزمانەکەو بەمرۆڤایەتیش..

لێرەشدا ئەگەر باس لەزمانی وەرگێڕان بکەی دەبێ چەندین مەرج پیادەبکرێ ئەوجا ئەو بابەتە بەتۆکمەیی وپووختی تەماشادەکرێ. لەناو مەرجەکاندا..

یەکەم : وەرگێڕ دەبێ شارەزاییەکی باشی لەهەردووک زمانداهەبێ و پەی بەڕێزمان وشارەزایی ئیدیۆم وشەو دەستەواژەو ماناکانی زمان بەباشی بزانێ بەتایبەتی لەوەرگێڕان لەزمانی عەرەبییەوە کە وابزام لەزمانەکانی دی شارەزایی زیاتری گەرەکە.

دووەم: نابێ وەرگێڕ لەمەبەستە سەرەکیەکەی بابەتەکە دووورکەوێتەوە و لەئامانجی مەبەستەکەی لابدات خۆئەگەر نەیتوانی ئەو مەبەستە بهێنێتەدی من وابەباشی دەزانم خۆی لەهیلاک بوون بەدووربگرێ باشترە چونکە لەدواجاردا دەبێتە جێی گلەیی وگازندەی کەسانی دی کەلەبنچینەدا گلەیی پێویستی نەدەکرد، من لەژیانی ئەدەبی خۆمدا چەندین کتێب و تارم وەرگێڕاوەوخۆم بەسەرکەوتوو زانیوە بەتایبەتی ئەوانەی لەزمانی عەرەبیەوە ، وەرمگێڕاون چونکە بەهۆی ئەوەی مامۆستای زمانی عەرەبی بووم خۆم لەبوارەکەدا بەسەرکەوتوو دەزانی و پێشموابووە سوودم بەخوێنەرانی هەردووک زمانەکە گەیاندووە

من لەمرۆدا دەبینم چەندین قەڵەمبەدەستی بەتوانا لەوبوارەدا کاری باشیان کردووە وبەردەوامیشن.. ئەوەش مایەی دڵخۆشییە..

*** بەرهەمەچاپکراوەکانی بریتیین لە:**

١ـ تەزووی ناخ ..کۆمەڵەچیرۆک..

٢ـ شەوارەی تەنیایی..رۆمان.

٣ـ پێشرەوی زانایان ..عیزەدینی کوڕی

عەبدوسەلام..
٤- ئـەویَ گوڵەسـتێرەکەی شـەرەکەم بـوو یـادەوەری رۆمان..بەشـی یەکـەم
٥- فاشـیزم چیە..چیرۆکـی منـداڵان یەلمـاز گۆنـای .وەرگێـران..
٦- تۆم سۆیەر چیرۆکی منداڵان .مـارک تویـن وەرگێران..
٧- هکلبرفین چیرۆکی منداڵان وەرگێران ..مـارک توین..
٨- چیرۆک وگەشەی منداڵ..پەروەردە.
٩- پەیکەر.. کۆمەڵەچیرۆک
١٠- دواین گەڵا چیرۆکی وەرگێردراو.
١١- ئەوینی دەریا ..کۆبەرهەمی چیرۆک سـیَ کتێبە.
١٢- لەتەلارەکانی شـاوە بۆ زیندانەکانی شـۆڕش .یادەوەری ..وەرگێران..
١٣- پرسـیارەکانی عەقیـدە لای منـداڵان. وەرگێران
١٤- جیهان و جیهانگیری.. وەرگێران..
١٥- مێژووی یاسا ..وەرگێران.
١٦- بائێمـەی گـوڵ وەک مێـش نەبیـن ..چیرۆکـی منـدڵان
١٧- مێشو هەنگ ..چیرۆکی منداڵان..
١٨- مێـژووی حیزبـە سیاسـەکانی میسـر... وەرگێـران
١٩- خەونی ئەوکیژانـەی لەخۆر دزران.. چیرۆک
٢٠- پەیـک ..رەخنـەو لێکۆلینـەوە بەرگـی یەکـەم ..
٢١- پەیک..رەخنـەو لێکۆڵینـەوە بەرگـی دووەم
٢٢- بیبلۆگرفیـای گۆڤـاری جگـەر گۆشـەکان.

*** ئەو بەرهەمانەی ئامادەن بۆچاپکردن:**

١- میـرزا ئەحمـەدی لافـاو ..شـاعیرێکی گومنـاوی دەڤـەری پشـدەرو قـەڵادزیَ..
٢- خوان وسەفەر کۆمەڵەچیرۆک..
٣- جوانتریـن چیـرۆک بۆمنـداڵان وەرگێـران.
٤ - رێوی کلک براو چیرۆکی کلتوری بۆ منداڵان
٥- مێروولـە درۆنـاکات.. چیرۆکـی منـداڵان
٦- بەشـی دووەم لـە یادەوەریـە رۆمانـی (ئـەویَ گوڵەسـتێرەی شـارەکەم بـوو..).